# گفتوگۆ لەسەر خوانی خوێنین
# کۆڕامانێک لە ئەنفال

**ئامادەکردنی**

**حەمە کاکەڕەش**

**سوید**

2007

ناوی کتێب: گفتوگۆ لەسەر خوانی خوێنین & کۆڕامانێک لە ئەنفال

ئامادەکردنی: حەمە کاکەڕەش
بەشداربووان: بەختیار عەلی، هەندرێن،. د. ئەحمەدی مەلا. هیوا قادر. ئیسماعیل حەمەئەمین. شێرزاد حەسەن. گۆران بابە عەلی.
ساڵی چاپ: 2007
وێنەی بەرگ:
چاپ:
ژمارەی سپاردن:

دەستپێک

لە بەرامبەر کارەساتی ئەنفال دا هەرچییەک بکرێت کەمە، کەم بەو مانایەی لە هیچ کتێب و مۆسیقاو شیعرو جیرۆک و شانۆ و ڕۆمانێک دا جێگای هەڵوەرینی ڕۆحی ئەو هەموو ئینسانەی کورد نابێتەوە، من دەزانم زریکەی منداڵ قیژەی ژن ئاهو

حەسرەتی پیرە مێرد ئەمانە نا نووسرێنەوە و ڕەسم ناکرێن بە هیچ ئامێرێک نا ژەنرێن، بەڵام خیتابی دووبارەو سوواوی حیزبەکان و بە ناو ڕۆشنبیرەکانی حیزب زۆر لەوە لاوازترن بتوانن قسە لە سەر ئەنفال بکەن، هەر ئەم لاوازی و بێتوانایی قسە کردن و نەبوونی زمانی دەربڕینەیە لای حیزبەکان وایکردووە یادکردنەوەی ساڵانەی ئەنفال لە دۆخێکی ساردوسڕو مردوودا قەتیس بکرێت.

قەتیس بوونی یادکردنەوەی ساڵانە لەو دۆخەداو نەبوونی قسە و گوتارێکی هەستیارو قووڵ وای لێکردم بیر لەوە بکەمەوە لە پرۆژەی کتێبێک دا چەند ڕۆشنبیرێکی دیاری کورد بدوێنم تا وەڵامەکانیان کتێبێک بێت بۆ مێژوو، بۆئەوەی بە ڕۆشنبیرییەکی هەستیارو ڕامانێکی ئینسانییەوە کە زۆر دوورە لە شیعاراتی حیزب و یادکردنەوەی مردووی ساڵانە خوێندنەوەکانی خۆیان لە زۆر ڕووەوە لەسەر ئەنفال بخەنەڕوو، تا هێندەی تر ئەو بۆشاییە مردووەی نێوان ڕۆشنبیرانی کورد و عەقڵی حیزب و دەسەڵاتداری کوردی بخرێتەڕوو، بۆئەوەی ڕوونتریش ئەو خەمساردی و نەکردەییانە بخرێنەڕوو کە سەبارەت بە کارەساتێکی تراژیدی وەک ئەنفال هەیە.

کۆی ئەم گفتووگۆیانە کە لەناو ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، بەشێکە لەبەردەوامی پرۆژەیەکی خۆم کە ڕەنگە لەو نزیکانەدا چەند بەشێکی تری بەدوادابێت.

تەمەنا دەکەم ئەم سەرنجانەی کە لەم گفتوگۆیانەدا خراونەتەڕوو ببنە هۆی کارکردنی بەپەلەی زیاتر و کارامەتر سەبارەت بە ئەنفال.


www.pertwk.com

حەمە کاکەڕەش

سوید



**بەختیار عەلی**

**شەڕی ڕۆشنبیریی ئێمە دەبێت ئاراستەی ئەو خۆئەڤینییە ترسناک و دیدکوژە بکرێت، کە وادەکات دەسەڵاتێک لە دایکبێت بەدنازییەکی ناڕەوا بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا بکات**

بەختیار عەلی

**پرسیار/ ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕوویندەدایە و هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە پێتانوایە ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت، هەم لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دونیا، ئەوسا وڵاتانی ئەورووپی؟**

**بەختیارعەلی:** بایەخنەدان بە کارەسات و بیرچوونەوەی بەشێکی گرنگی مێژووی مرۆڤە. مرۆڤایەتی کەمجار کارەساتە گەورەکانی مێژووی خۆی بیردەمێنێت. ئەو کۆمەڵگایانەی مێژوویەکی درێژیان لەگەڵ توندوتیژیدا هەیە، یادەوەرییەکی لاوازتریان لە کۆمەڵگاکانی دیکە هەیە. یەکێک لە ئامانجە گەورەکانی مۆدێرنە، ئەوەبوو کۆمەڵگا لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی تازە دابمەزرێنێت، بەڵام هەر خودی مۆدێرنە ئەو ئەگەرەی هێنایە مەیدان کۆمەڵگایەک سەرهەڵبدات بە کەرەستە جەنگییەکانی مۆدێرنە پڕچەک بێت و بە ڕەوشت عەقڵیش نوقمی کۆنخوازی و ترادسیۆن پەرستی بێت. ئەم ئەگەر وایکرد لە نێوان مۆدێرنەی زانستی و مۆدێرنەی ئەخلاقیدا پردەکان بڕوخێن و لەمپەرەکان گەورەبن. گەشەی شێتانەی زانست و بازرگانی وادەکەن

زیرەکی زانستی مرۆڤ وەک زیرەکی ئەخلاقیانەی نەبێت. کاتێک مۆدێرنە کورتدەبێتەوە بۆ مۆدێرنەیەکی زانستی و دیوە ئەخلاقییەکەی خۆی دەدۆڕێنێت، ئیدی کۆمەڵێک مۆدێلی ترسناکی حوکمکردن بەرهەمدێت، کۆمەڵێک مۆدێل لە وێنەی دەوڵەتی نازی و ستالینی و بەعسی. بەبڕوای من ڕووبەرێکی گەورەی ئیسلامی سیاسی هاوچەرخیش لەسەر هەمان هێڵی فاشی دەجوڵێتەوە. بەعس دەوڵەتێکی بەدەوی بوو کە خۆی فێری فڕۆکە لێخوڕین کردبوو، دەوڵەتێک بە ئەخلاقیاتی خێڵێکی سەرەتاییەوە، بەڵام خاوەنی دواهەمین و نوێترین شێوەی چەک بوو. دەبێت بزانین کە ململانێی هەرە گەورەی ئێستای دونیا لە نێوان ئەم دوو ڕەهەندەدایە، دەوڵەتگەلێک کە دەیانەوێت سوود لە ڕووە زازستێکەی مۆدێرنە ببینین، بێئەوەی ڕەهەندە کلتووری و ئەخلاقییەکەی قەبووڵبکەن. بۆ نمونە.. ئێران دەیەوێت خاوەنی چەکی ئەتۆم بێت، هەموو جۆرە تەکنۆلۆژیایەکی مۆدێرن بێت، بەڵام مل بۆ هیچ جۆرە کرانەوەیەکی ئەخلاقی و فیکری نەدات. لێرەوە شارستانێتی دینی خۆرهەڵاتی لە ناوەوەڕا تووشی کەرتبوونێکی کوشندە هاتووە، فاشیزمی بەعس سەرەتای مۆدێلی یەکەمی ئەو فاشیزمە دینییەی ئەمڕۆ بوو. خودی فاشیزمی دینیش لە سەر بنەمایەکی گەورە و بنەڕەتی دامەزراوە کە جیاکردنەوەی مۆدێرنەی زانستییە لە مۆدێرنەی ئەخلاقی. لە ئەخلاقیاتی بەدەویدا، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی گشتی و چوونیەک بوونی نییە، مرۆڤ بوونەوەرێکە تەنیا لە ناو قەبیلە و عەشرەتدا مانای هەیە. ئینسان وەک مەخلوقێکی سەربەخۆ، تەنیا بەهای خۆی لە خۆیەوە وەرناگرێت لە لەدایک

نەبوونەوە. مرۆڤ لە کلتووری ئێمەدا بۆ ساتێکیش لە بیردا نەبووە، تا لەوە سەرمان بسوڕمێت بۆ لە یادچۆتەوە. ئەنفال درێژکراوەی کولتووری لە یادچوونەوەی ئینسانە. لە ڕاستدا زۆر قووڵ بڕوانین شتێک نییە ناوی لە بیرکردنی ئەنفال بێت، شتێک نییە ناوی بێدەنگ بوون بێت دەرهەق بە ئەنفال، بەڵکو شتێکی گشتیتر هەیە ناوی بیرچوونەوەی ئینسانە. لە هەرجێگایەکدا مرۆڤ وەک مانایەکی سەربەخۆ و بەهایەکی سەربەخۆ لە دایک نەبەبێت، هەستکردن بە کارەسات لە دایک نابێت. لە بیرکردنی ئەنفال قووڵ پەیوەندی بە چەمکی یادەوەرییەوە هەیە. لە کلتووری ئێمەدا دەبێت سێ جۆر یادەوەری جیابکەینەوە: یەکەم یادەوەری دینییە. دووەم: یادەوەری نەتەوەییە. سێهەم: یادەوەرییەکی گشتی مرۆڤانەیە. یادەوەری دینی ئەو بەشەیە لە یادەوەری کە کلتووری دینی و ڕەمزەکانی دەپارێزێت، یادەوەرییەکە لە سەدەی بیستدا بەجۆرێکی ترسناک لاواز دەبێت. بە حوکمی ئەوەی ئەنفال هەڵگری هەندێک سەمبولی دینیشە، ئەم بەشە لە یادەوەری لە مەسەلەی ئەنفالدا چالاک نەبوو. ئەوەی ئەنفالی پاراستوە و هەڵیگرتووە یادەوەری ناسیونالیستی ئێمەیە. کێشەکە ئەوەیە ڕەهەندە ئینسانییەکانی ئەم یادەوەرییە ناسیونالیستییە زۆر لاوازە، هەرکات ئەم یادەوەرییە باس لە کوشتن و قڕانکردن دەکات بۆدەستکەوتێکی حیزبی و سیاسی دەگەڕێت ، ئیدی قووڵکردنەوەی ڕەهەندە ئینسانییەکانی بۆ گرنگ نییە . ڕاستە ئەنفال کێشەیەکی ناسیونالیستی و سیاسییە، بەڵام بۆئەوەی بمێنێتەوە و بژی و هەمیشە زیندوو بێت، دەبێت ببێت بە

کێشەیەکی ئینسانی، دەبێت ببێتە دینەمۆ و بزوێنەری سەرەکی پێناسەکردنەوەی مرۆڤ و ئازادی. بە مانایەکی تر گرنگی ئەنفال لەوەدا نییە کە وەک مانا و دەلالەت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیستمی ئەخلاقی عەرەبی هەیە، ئەوە نییە کە دین وەک پانتاییەکی مێژوویی دەخاتە ژێر گومانەوە، چونکە قووڵبوونەوە لە ئەنفالدا کۆی پێکهات و ستراکتوری سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگای کوردی خۆشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆ ئەوەی بتوانین حورمەتی ئەنفال بپارێزین دەبێت لە کولتوورێکی دینی چەپێنەرەوە، لە کلتوورێکی ناسیونالیستی کورتبینەوە کە ڕێزی نەتەوەی لە سەر حیسابی ڕێزی مرۆڤ بونیادناوە، بپەڕێینەوە بۆ جۆرێک لە ناسیونالیزم کە ڕێزی نەتەوە بە ڕێزی مرۆڤ دەپێوێت، نەوەک ڕێزی مرۆڤ بە ڕێزی نەتەوە بپوێت. تا ئەو جێگایەی مرۆڤ تێیدا وەک جەوهەری هەموو شتێک و وەک بەهایەکی ڕاستەقینە و باڵا تەماشاناکرێت، ئەنفال وەک تراژیدیایەکی ئینسانی گەورە ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی خۆی وەرناگرێت. لێرەوە مەسەلەی بێدەنگیکردن لە ئەنفال تەنیا پابەندی ئیسلام نییە، بەڵکو پابەندی کۆی ستراکتوری سیاسی و ئەخلاقی ئێمەیە. بە واتایەکی تربایەخنەدان بەمجۆرە تاوانە ترسناکانە ڕیشەی جۆراوجۆرو جیاوازیان هەیە.ئێمەی کورد لە بەر کۆمەڵێک هۆی تایبەت لە بیریدەبەینەوە، عەرەب و موسوڵمانان لە بەرهۆی تر. خۆرئاواش لە بەر هۆی دیکە. باوەڕم بەوە نییە هەموو شتەکان بۆ باڵادەستی ئیسلام بگێڕینەوە، ئیسلام بەشێکە لە هۆکانی ڕوودانی ئەنفال و بیرچوونەوەی،دیوە زەقەکەیەتی، ئەو

دیوەیەتی کە زیاتر دەبینرێت و پترسەر ئاو کەوتووە، بەڵام لە ژێرەوەڕا هۆکاری زۆر هەیە کە کۆمەکی یادچوونەوە دەکەن. دەبێت بشزانین، جگە لە هۆکاری لە دایک نەبوونی ئینسان وەک فەردێکی ئازد و سەربەخۆ، هۆکاری دیکەش هەیە، ویژدانی ئادەمیزاد هەمیشە کۆمەڵێک تەمتومانی نەتەوەیی و ڕەگەزگەرا گوتوێتی، هەمیشە پەردەیەکی سیاسی ڕەش ئەم ویژدانە لە ئیلتیزاماتە مرۆڤانەکەی دوردەخاتەوە، دوای تێپەڕینی پتر لە نەوەد ساڵ تورکەکان تا ئێستا نایانەوێت دان بە ڕەشەکوژی ئەرمنەکاندا بنێن.هەندێک لە ئەوروپییەکان ناچنە ژێرباری تاوانەکانی سەردەمی کۆلۆنیالی، زۆر لە ئەمریکییەکان دەرهەق بە قڕانی هیندە سوورەکان و تاوانەکانیان دەرهەق بە ڕەش پێستان بێدەنگن. پێدەچێت مرۆڤ بەر لەوەی مرۆڤ بێت حەیوانێکی سیاسی بێت، حەیوانێک ڕەهەندە مرۆڤانەکانی خۆی بۆ ئامانج و مەبەستی سیاسی زۆر چکۆلانە و کەمبەها فرۆشتوە. ئەوەی ئێستا گوێی لە کەسانی وەک سەدام حسەین و عەلی کیمیاوی بێت کاتێک لە بەردەم دادگا قسەدەکەن باشتر تێدەگات، کە سەروکاری لەگەڵ ئینساندا نییە، بەڵکو سەروکاری لە گەڵ کۆمەڵێک ئادەمێردی سیاسیدایە. ئەم سەردەمە سەردەمی مردنی مرۆڤ و لە دایکبوونی ئامێردی سیاسییە. ئەم ئامێردە لە هەموو شوێنێکەوە سەردەردەهێنێت و کۆی ژیان و کۆی کۆمەڵگاکان و کۆی کلتوورەکانی داگیرکردوە. ئەم ئامێردە مرۆڤی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو ژیان و بوونی بۆ کۆمەڵێک ڕەهەندی سیاسی ڕووت کورتکردۆتەوە. ئەوانەی ئەمڕۆ لە عێراق خۆیان دەتەقێننەوە مرۆڤ نین، بەڵکو کۆمەڵێک ئامێردی

سیاسسن. کۆمەڵێک ماشێنی دینی و ڕامیارین کە پەیوەندییەکیان بە مرۆڤەوە نەماوە. ئەمڕۆ ئێمە لە جیهانێکدا دەژین سیاسەت و دین و تەکنۆلۆژیا پێکەوە ئەم ئامێردە گەورەدەکەن و وزەی دەدەنێ، ئەنفال ئیشی ئەم ئامێردە سیاسییەیە. بیربردنەوەشی هەر لە ئیشی ئەو ئامێردەیە.

**پرسیار: ئەوهۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەر پێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە، دەگوازێتەوە بۆ هوشیارییەکی کلتووری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بە دەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لە ئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەستەڵاتی کوردی خویدا؟**

**بەختیارعەلی:** ڕۆشنبیرییەکی لاوازی وەک ڕۆشنبیری کوردی ناتوانێت ئەنفال بکاتە دیاردەیەکی کولتووری.

بۆ ئەوەی ئەنفال لە دیاردەیەکی سیاسی ڕووتەوە ببێتە دیاردەیەکی ئامادە لە فەزای هۆشیاریی و بیرکردنەوەدا، دەبێت کەرەستەکانی ئەو ئامادەکردن و زیندووڕاگرتنەمان هەبێت. ڕۆشنبیرییەکی مردوو، کولتوورێک کە توانایەکی ڕاستەقینەی تەعبیر لە خۆکردنی نییە، کولتوورێک تا ڕادەیەکی زۆر

هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی تێیدا لاوازە، هەستی ستاتیکی و فەلسەفی گەشەی نەکردوە، لە عەقڵییەتی پرسەوە ناتوانێت بگوازێتەوە بۆ مامەڵەیەکی عەقڵی و فیکری. پرسە سەرەتاییترین جۆری مامەڵەکردنە لەگەڵ تراژیدیادا، بەڵام گۆڕینی تراژیدیا بۆ جۆرە ساتەوەختێکی ڕەخنەیی قووڵ دژ بە کۆی ئەو ستراکتورەی تراژیدیای دروستکردوە، پرۆسەیەکی سەختە. تراژیدیا کاتێک مانای هەیە کە لە ئازارەوە بگوازرێتەوە بۆ هوشیاری، بۆ دادگایکردنێکی گەورەی دونیا، بۆ پێتی وەرچەرخان لە تەماشاکردنی شتەکاندا. پاراستنی تراژیدیا لە پێناوی خودی تراژیدیادا نییە، لە پێناوی شتێکی دیکەدایە، لە پێناوی پشکنینی مرۆڤدایە بۆ ئینسانییەتی خۆی. کە تراژیدیا بوو بە گریانی نەتەوە بەسەر چارەنوسی خۆیدا، بێئەوەی بوویێتە گریانی مرۆڤ بەسەر ماهییەت و مانای خۆیدا، ئیدی ناتوانێت ڕۆڵێک لە گێڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤدا ببینێت. مەسەلەی بیرکردنەوە بە دەنگی بەرز دەربارەی ئەنفال، واتە بیرکردنەوە بە دەنگی بەرز دەربارەی هەر شتێک پەیوەندی بە بێنرخبوونی مرۆڤەوە هەیە.

دەبێت مایەی نرخدانان لەسەرمرۆڤی مردووبە نرخدانان لە سەرمرۆڤی زیندوو بشکێتەوە. بیرکردنەوە لە ئەنفال دەبێت پرۆسەی یادکردنەوەی مردووەکان و بە نرخکردنی مرۆڤە زیندووەکان بێت. بە کورتی دەبێت هەوێنی لە دایکبوونی جۆرە پەیوەندییەکی تازەبێت لە نێوا مرۆڤ و مرۆڤدا. مرۆڤ لە پرسەدا خۆشەویستی خۆی بۆ مردووەکان ئاشکرادەکات، بەڵام ئەم خۆشەویستییە لە دونیای ئێمەدا جۆرێکە لە ڕۆتینی

ترادسیونی، جۆرێکه له یادکردنەوەی خاڵی له هەست و نەستی ڕاستەقینه. یادی ئەنفال واته بیرکردنەوەیەکی دی له ستراکتوری شتەکان. ئەنفال بەبۆچوونی من شتێک نییه پەیوەندییەکی قووڵی به ستراکتوری کۆمەڵگای کوردی خۆیەوه نەبێت. یاخود بەرهەمی تاک و تاقانەی فاشییەتی عەرەبی بێت، یان بەرهەمی ئەو هێزه خۆفرۆش و خائینانەی دونیای کورد بێت، که قازانجی بچوکی خۆیان له سەروو قازانجی نەتەوەوه دادەنێن. من پێموایه ئەنفال پەیوەندیەکی زۆری به خودی ناسیونالیزمی کوردیشەوه هەیه. ئەم ناسیونالیزمه ساڵەهای ساڵه مرۆڤ بۆ مەرگ ئاماده دەکات، کولتووری ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ مردن، ڕۆحی ئەم ناسیونالیزمەیه. له ناوی پێشمەرگەوه بیگره، تا دەگاته کۆی دروشمه بنەڕەتییەکانی حیزبه کوردییەکان، پێکڕا ئەم ڕۆحی مردنه دەیانبات بەڕێوه. که ئەمڕۆ دەبیستین سەرۆکه کوردەکان بەردەوام دەڵێن: ئێمه به خوێن هاتووین پتر ئەو مەرگدۆستییەمان بۆ ئاشکرادەبێت که شەرعییەتی سیاسی کوردی له سەر وەستاوه. ئەوه تەنیا فاشییەتی عەرەبی نییه که به یاسای،، شەرعییەتی خوێن ،، ئیشدەکات، بەڵکو ئەوه جەوهەری پرۆسەی سیاسیشه له کوردستان. هەتا هەڵبژاردن له کوردستان، هیچ نییه جگه له پێداگرتنەوه لەسەر شەرعییەتی خوێن، هەر کات له نێوان شەرعییەتی ماف و شەرعییەتی خوێندا ببێته ململانێ، ئەوا به دڵنیاییەوه شەرعییەتی خوێن دەیباتەوه. هەرکات سەرۆک و سیاسییەکانی ئێمه مافی خەڵک پێشێلدەکەن، دەگەڕێنەوه بۆ حیکایەتەکانی شەرعییەتی وەدەستهاتوو له ڕێگای خوێنەوه. بەشێکی گرنگی میکانیزمی

کارکردنی ئەمجۆرە لە ناسیونالیزم، ئەوەیە مرۆڤ بۆ مردن ئامادەبکات. لێرەوە پیشەسازی مردن پیشەسازییەکی هاوبەشی ستراکتوری سیاسی فاشییەتی عەرەبی و زیهنییەتی سیاسی کوردییە، بەڵام مردن لەم هاوکێشەیەدا لە کاڵایەک دەچێت کە هەریەکەو وەزیفەیەکی پێدەبەخشن. مردن لەی فاشییەتی عەرەبی، کەرەستەی قڕانکردن و وێرانکردنی نەژادییە، بەڵام لای کورد مەجازی زیندوێتی و توانای فیداکاری و خۆبەختکردنە. لێرەوە مردن بەشێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش، دەبێت مایەی سەراسیمەبوون و سەرسوڕمان بێت، بەڵام ئەنفال نەبۆتە شتێک خەیاڵی سیاسی کوردی تووشی شۆک بکات، چونکە مردن شتێک نییە عەقڵی سیاسی ئێمە ڕابچڵەکێنێت یان سەراسیمەبیکات. کوشتن یان خۆبەختکردن ئەوە جەوهەری ئەخلاقیاتی سیاسەتی کوردیشە، لێرەوە مۆراڵێک خۆی لەسەر ستایشی مردن دروستبوویێت، مردن تووشی ڕاچەنینی ناکات. ئەوەی ئەنفالی گۆڕیوە بۆ مەسەلەیەکی مرۆڤانە و گرنگ سیاسییەکان نین، بەڵکو ویژدانێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری نوێیە کە لە سەر ڕەخنەگرتن لەم دروستبووە.

**پرسیار: ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین. بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژویی لە یادەوەری ئینسانی کوردیدا بە چەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردن بێت لەسەری لە لایەن ئەو نەوانەی کە لە دوارۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟**

**بەختیارعەلی:** خۆشبەختانە تەنیا سیاسەت یادەوەری نەتەوە نانوسێتەوە. سیاسییەکانی ئێمە تا ئەندازەیەکی زۆر لە نوسینەوەو تۆمارکردنی مێژوودا بڕوا و)) مصداقیە((تیان نەماوە. ئەم سیاسیانەی ئەمڕۆ لە کوردستان حاکمن مێژووی کورد و ئازارەکانی خەڵکی کورد تەنیا بۆ بەهێزکردنی چنگۆلەی سیاسی خۆیان بەکاردەهێنن. لاوازی ئەم ئیدارەیە لە لاوازی ئەدای کوردیدا لە دادگاییەکانی ئەنفالدا دەردەکەوێت. ئیدارەیەک نەتوانیت پێ لە سەر ئەوە دابگرێت کە دەبێت وەرگێڕێک لە هۆڵەکەدا بێت زمانی کوردی و عەرەبی باش بزانێت، بەرپرسیارە لە گۆڕینی ئەنفالدا لە تراژیدیاوە بۆ کێشەیەک کە نرخە ڕاستەقینە و بەها ئینسانییە ڕوونەکەی دەرناکەوێت. میللەتێک نەتوانێت لە گەورەترین و گرنگترین پرۆسەی دادگاییکردنی مێژووی خۆرهەڵاتدا دوو وەرگێڕی زمانزان و دوو پارێزەری بە سەلیقە و کارامە بنێرێتە ژووری، ناتوانێت ڕەهەندێکی ئەبەدی و جیهانی بداتە تراژیدیای خۆی. مەسەلەکە مەسەلەی پێشنیار نییە، بەڵکو مەسەلەکە گرێدراوی توانای نەتەوەیەکە بۆ خۆڕزگارکردن لە لاڵی و ئیفلیجی و بیرنەکردنەوە، بەرەو تەعبیر و ئیرادە و عەقلانییەت. جۆرێک لە مردنی ناوەکی و نهێنی لە هەناوی مرۆڤی ئێمەدا نیشتووە، مردنێک وادەکات مرۆڤی ئێمە توانای گۆڕینی نەبێت، مێگەلمەیل بێت، لەوانی دی بترسێت، فێری زمان نەبێت، فێری زانستەکان نەبێت، زانکۆکانی شوێنی دواکەوتنی زانست و عەقڵ بن، توانای تەعبیری نەبێت، بە کەم ڕازی بێت و لە گەورەیی سڵبکاتەوە. خودی ئەم جۆرە سایکۆلۆژییەت و پێکهاتە زەینییە


www.pertwk.com

ناتوانێت ئەنفال بگۆڕێت بۆ شتێکی گرنگ. کە زمان ئامادەنەبێت چۆن ئەنفال بگۆڕێت بۆ شتێکی مەزن؟ کە ڕۆحی داڕشتنی هۆنەرێکی گەورە ئامادەنەبێت، بەچی ئەنفال بکەین بە بابەتێکی جاویدان و ئەبەدی؟ پێشنیار واتە پێشکەشکردنی هەندێک ڕێنمایی لە سنووری ئیشکردن و لە چوارچێوەی تواناکانی ئێستادا، بەڵام لەو باوەڕەدام ئێستای ئێمە هێزێکی ئەو تۆی تێدا نییە ئەنفال لە ڕووە ئینسانییە گەورەکەیدا ببینێت. لێرەوە سەختەئەنفال لە ڕۆحی پرسە دووربخەینەوە و بیگۆڕین بۆ وزە و هێزی داهێنان. یادەوەری ئێمە، یادەوەرییەکی پرسەگێڕە، یادکردنەوە لە لای لە فەزای پرسە تێناپەڕێت... ئەنفال وەک پرسە، وەک یادێکی تراژیدی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەنفال وەک هێزێکی بزوێن بۆ سەرهەڵدانی سەردەمێکی دی، وەک سەرەتای سەرهەڵدانی دیدگایەکی تر بۆ ژیان ئەوەیان لە توانای ئێستای کورددا نییە. یادکردنەوەی ئەنفال ئەوە نییە، شەهیدەکانی ئەنفال و قوربانییەکانی لە یادنەکەین، بەڵکو ئەوەیە مرۆڤ لەم کۆمەڵگایەدا لە یادنەکەین، ڕێزی ژیان و ڕێزی ماف و ڕێزی ئازادی لە بیرنەبەینەوە. دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ دوو کەرت، کەرتی دوژمن و کەرتی دۆست هەڵوەشێنین، عەقڵیەتی چەپاندن و بێدەنگکردن بخەینەلاوە. یادنەکردنی ئەنفال واتە یادنەکردنی ئەو سیستمە سیاسی وعەقڵییەتە سیاسییەی ئەنفالی دروستکردوە. سوودی چییە یادی ئەنفال بکەیتەوە، بێئەوەی ڕەخنەیەکی قووڵ لەو جیهانە بگریت کە ئەنفالی دروستکردوە. یادکردنەوەی ئەنفال نابێت تەنیا یادکردنەوەی تاوانێکی گەورە بێت، بەڵکو دەبێت لە

پشتییەوە هەڵوێستێکی فەلسەفی بەرابەر چەمکی سیاسەت و مرۆڤ و دەسەڵات ئامادەبێت.

**پرسیار: ئایا ئەدەبی کوردی بە تەعریفە جیاوازەکانیی ئێوەوە بۆ ئەدەب، چەند بەرپرسیارە لە بەردەم بیرنەکردنەوەدا لە ئەنفال؟**

**بەختیارعەلی:** ئەو جۆرە لە واقعییەتی سەتحی کە لە شەست و حەفتاکاندا دونیای ئێمەی گرتەوە، ئەدەبیاتی کوردی بە ڕێبەستێکی ترسناک گەیاند. واقعییەتی ئێمە نە واقعییەتی سۆسیالیستی بوو، نە واقعییەتی ڕەخنەگرانە، بەڵکو واقعییەتی کاریکاتۆری بوو. خودی ئەم واقیعییەتە کە تا ئێستا فەزای ئەدەبیاتی ئێمەی بەرنەداوە، نیشانەی مردنی زمان و مردنی نیگار و باڵادەستی ئایدۆلۆژیایە. ئەدەبی ئێمە سەردەمانێکی درێژ مرۆڤی فەرامۆشکرد، خەیاڵی کردە دەرێ و واقیعی بۆ وێنەیەکی سەرەتایی و سادە کورتکردەوە. مامەڵەکردن لەگەڵ تراژیدیایەکی گەورەی وەک ئەنفالدا، پێویستی بە ڕوانینێکی دیکە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و ئەدەب هەیە. واقعییەتی کاریکاتۆری لە وێناکردنی تراژیدیا بچوکەکان و وێنەگرتنی دیمەنە ئاساییەکاندا نوشوستی هێنا، نەیتوانی ئازارە بچوکەکانی نەتەوە و غەمە سادەکانی ئینسان بەرجەستەبکات، ئێستا چۆن دەتوانێت ئازارە گەورەکان تۆماربکات. ئەمجۆرە واقیعییەتە نەوەیەکی لە نوسەران بەرهەمهێنا ناتوانن دونیا لە قووڵایدا و خەیاڵ لە بێسنوریدا بژین. ئەدەب چەند باسی

سیاسەت و نەتەوە و مێژوو بکات، دواجار لە جەوهەردا وەزیفەکەی ئەوەیە باسی مرۆڤ بکات، نەوەک باسی چین و نەتەوە و مێژوو، هەر ئەدەبێکیش نەیتوانی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک لە جەنگی چارەنوسی خوێدا وێنابکات ئەدەبێکی بێبایەخە. بەڵام ئەدەبی واقیعی ئێمە وەک کۆی کولتووری کوردی شتێکی دەربارەی مرۆڤ پێ نییە، لە باشترین حاڵدا دەتوانیت پرسە بۆ مردوەکان بگێڕێت، ئێمە بەرابەر چەمکی،، کۆمەڵگای پرسە،، دەتوانین قسە لەسەر،، ئەدەبیاتی پرسە،، ش بکەین، بە کورتی ڕاموایە ئەدەبیاتێک نەتوانێت قووڵ قسە لەسەر مرۆڤ و جوانی بکات، ناتوانێت قسە لەسەر ئەنفالیش بکات. گەر قسەشی کرد لە لاواندنەوە و گریەکاری بەولاوە هیچی دیمان پێشکەشناکات.

**پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی ڕۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بەهێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارەو چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پێشاندانی؟**


**بەختیارعەلی:** بەهێزکردنی ڕۆحی لێبوردن، وەزیفەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری هاوبەشە. هەر بانگەوازێکی سیاسی بۆ لێبوردن، بەبێ زەمینەیەکی فیکری و ئەخلاقی پتەو، بە نوشوست کۆتاییدێت. هەرپرۆژەیەکی فیکری و کولتوریش بۆ لێبوردن

گەرلە سیاسەتدا ڕەنگنەداتەوە، بە دڵنیاییەوە لە سنووری تێزی تیورییەوە ناگوازێتەوە بۆ ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی . لێبوردن یەکێکە لەو جەمسەرە گرنگانەی کە تێیدا ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی فیکری دەبێت شان بە شانی یەک کاربکەن. دیارە ڕۆشنبیران بەر لە هەر گروهێکی دی، مانا فیکری و ئەخلاقییەکانی لێبوردن دەدۆزنەوە. دین و سیاسەت ئەمڕۆ بەجۆرێکی کوشندە هەموو ئەگەرێکی پێکەوەژیانیان لە هەرێمی ئێمەدا کوشتوە. ڕۆژ دوای ڕۆژ دین لە لێبوردن دووردەکەوێتەوە. ئەمڕۆ دینگەرایی شوێنی ڕەگەزگەرایی گرتۆتەوە. فاشییەتی سەدەی بیست ڕیشەکانی دەچووەوە سەرڕاسیسزم، بەڵام فاشییەتی هاوچەرخ ڕیشەکانی دەچنەوە سەر دین. دیارە شەڕ لەگەڵ فاشییەتی دینیدا سەختترە نەک شەڕ لەگەڵ ڕاسیزمدا. ڕاسیزمی دینی کە ئەمڕۆ گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان و بیریارە سەلەفییەکان نوێنەریەتیدەکەن، ڕووبەرێکی بۆ پێکەوەژیان و تۆلێرانس نەهێشتۆتەوە. ئەمڕۆ شەڕی ڕۆشنبیران لەگەڵ کۆی سیستمی سیاسیدا شەڕی تۆلێرانسە. هەر کولتوورێک، هەر پێکهاتێکی فیکری، هەر تێزەیەکی فەلسەفی لەسەر ئەوە بونیادنرابێت، کە تەواوی گوناهەکان بخاتە ملی ئەوانی دی و خۆی پاکیزە و بێگەرد ببینێت، لە خزمەتی فاشییەتدایە. فاشییەت بریتییە لە ستایشی خود و نەفرەتکردن لە وانی دی. هەر کۆمەڵگایەک نوقمی ستایشکردنی خۆی بوو، نوقمی کوێری بوو دەرهەق بە کێشەکانی ناو خۆی، کۆمەڵگایەکە بەرەو خلیسکان دەڕوات. ترسناکترین شتیش ئەوەیە گروهێکی دواکەوتوو تووشی ئەو

دەردی خۆئەڤینییە ببێت. بەعس بۆبوو بە هێزێکی ترسناک؟ وەڵامەکە ئەوەیە: چونکە هێزێکی بوو لە ڕووی فیکری و لە ڕوویرپیشەی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتوو، بەڵام هێزێکی مادی و سەربازی ئەوتۆی کەوتە بندەست تووشی عەشقێکی کوشندەی خۆی کرد. ئەمڕۆ لە کوردستان ئەگەری سەرهەڵدانی ئەو جۆرە خۆئەڤینییە سیاسییە هەیە، هێزە سیاسییەکانی کورد، بە حوکمی ئەو هێزە ئابوورییە گەورەیەی کەوتۆتە بندەستیان، ئەگەری هەڵخلیسکانیان بۆ باوەشی توندڕەوی و نابینایی زۆر گەورەیە. خودی ڕەشنوسی ئەم دەستووورە نوێیە پڕە لە هێماو ئاماژە بۆ تەقدیسکردن، بۆ سەپاندنی ڕێزو خۆئەڤینی. ئەوانەی پرۆژەی دەستووری هەرێمیان نوسیوە، بەدیوێکدا نوقمن لە فەزای بیرکردنەوەی سەلەفیدا و بە دیوەکەی تریشدا عەقڵییان بەرهەمی ئەو زمانە بەلاغییەیە کە لەم چەند ساڵەدا دامەزراوە. بەلاغەتێک کە لە سیاسییە گەورەکانەوە تا بێژەرە تەلەفزیۆنییە نە خوێندەوارەکان و ڕۆژنامەنوسە حیزبییەکان قسەی پێدەکەن. بەلاغەتێک وشەی دیموکراسییەت و مافی گۆڕیوە بۆ وشەی بێناوەڕۆک وبێکرۆک، بۆ شازاراوەی ناو سیستمی پڕوپاگەندەی سیاسی، نەوەک بۆ شازاراوەی ناوسیستمی فیکری و ئەخلاقی. نە بینینی ئەم جۆرە دۆخە و سەرسامبوونی سەلەفییەتی کوردی بە بلۆقە سیاسییەکانی خۆی، هۆکاری گەورەی ئەم کێشەیەن. ئێستا چووینەتە دۆخێکەوە سیاسییەکانی کورد جگە لە تەلارەکانی خۆیان و بازاڕە گەورەکانیان و فرۆکەخانەکانیان بەولاوە هیچی دی نابینن. ئەمە گەورەترین مەترسی سەر پێکەوەژیانە، دەسەڵات هەر کات ڕووە

تاریک و تراژیدییەکەی خۆی نەبینی و تەنیا چاوی لەسەر هێزی ئابووری و سەربازی و سیاسی بوو، بەرەو گەندەڵبوونێکی ناوەکی ترسناک دەڕوات. نازییەت دەرەنجامی شانازیکردنی کوێرانەبوو بە دەستکەوتە ئابووری و سەربازییەکانەوە، لەبری ئەوەی گەشەی کۆمەڵگا بە غەشەی مافەکان و ئازادییەکان بپێون، بە پێچەوانەوە گەشەی ئابوری وەک چەکی سەرکووتکردنی ئازادییەکان بەکاردەهێنن. گەشەکردن لە کوردستان و گردبوونەوەی لە دەستی دەسەڵاتداراندا، بە لە دایکبوونی جۆرێک لە نەرجسییەتی حیزبی کوشندە کۆتاییهاتووە، کە دەسەڵاتی کوردی تووشی جۆرێک لە لووتبەرزی نامرۆڤانە کردوە. لە مجۆرە فەزایەدا لێبوردن و تۆلێرانس بەشێکن لە بەلاغەتی سیاسی، نەوەک بەشێک بن لە هۆشیاری ئەخلاقی مرۆڤەکان. شەڕی ڕۆشنبیریی ئێمە دەبێت ئاراستەی ئەو خۆئەڤینییە ترسناک و دیدکوژە بکرێت، کە وادەکات دەسەڵاتێک لە دایکبێت بەدنازییەکی نارەوا بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا بکات. ئێستا حکومەتێک لە کوردستاندا هەیە لایەنی کەمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دابین نە کردوە، بەرابەر بەوەش دەیەوێت ڕێز و قودسییەتی خۆی بکات بە دەستوور و یاسا. فاشییەت لێرەوە گەرا دەخات، لێرەوە زیهنییەت و سایکۆلۆژییەتی کەسی بێڕەحم و کورتبین لە دایکدەبێت. هەر کۆمەڵگایەک حوکمی پێشوەخت بەسەر نەوەکانی خۆیدا بسەپێنێت، لە لێبوردن و پێکەوە ژیان دوور کەوتۆتەوە. جەوهەری ئەو دەستوورەی ئەمڕۆ لە کوردستان دیالۆگی لەسەر دەکرێت، ئاوێنەی ئەو شیزۆفرینیا ئەخلاقییەیە

که نوخبەی سیاسی کوردی تیادەژی... که ئەویش سەپاندنی حوکمی موتڵەقه به میکانیزمەکانی دیموکراسییەت، سەپاندنی مێگەلگەرای و جەماوەرگەراییه بەرابەر دەنگی دیالۆگ و عەقڵ، سووککردن و ڕیسواکردنی ڕۆحی فیکرو ڕۆشنبیرییه له پێناوی جوانکردن و دیکۆرکردنی دەسەڵاتدا. له فەزایەکی ئاوهادا ئەستەمه مرۆڤ قسه له ئەخلاقی لێبوردن بکات. لێبوردن چەمکێکه پابەندی چەمکی ماف و یەکسانی و هاویەکی کۆمەڵایەتییه... مێژووی حیزبی کوردیش، مێژووی ئەو هیستریا گەورەیەیه که ئەم نوخبەیه له دوای ڕاپەرینەوه له پێناوی دەسەڵاتدا تووشیبووه، هیستریایەک که کۆمەڵگای مەدەنی، بەرزڕاگرتنی فیکر، ئازادکردنی قەزا و دادگاکان، شەفافییەتی ئابووری بوونەته یەکەمین قوربانی ئەم دەردە. ئەمڕۆ لێبوردن له کۆمەڵگای ئێمەدا مانای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بێسنوور و موتڵەقی نوخبەی حاکم که دوور له هەر چاوەدێرییەکی ڕاستەقینه ئیشدەکەن، لێبوردن تەنیا لێبوردن نییه لەوانەی که تاوانیان بەرابەر گەلی ئێمه تۆمارکردوە، بەڵکو دارشتنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێیه تییدا دەسەڵات هێند نه ئاوسێت و فووی تێنەبێت، بکەوێته سەرووی هەمووانەوە، له هەر شێنێکدا دەسەڵات له سەروو هەموو خەڵکەوه بوو، کۆنترۆڵکەری ڕەها بوو، ئیدی قسەکردن له تۆلێرانس جگه له بەلاغەتێکی بۆش بەولاوه هیچ نییه. ئەمڕۆ ئێمه له کوردستان ڕۆژگاری زێڕینی بەلاغەتی بۆش و ڕیتۆریکی سیاسی پوچ دەژین. لێرەوه وشەی لێبوردنیش له مانا ڕاستەقینەکان خاڵی بۆتەوە.



**هەندرێن**

به بڕوای من ، لەو هۆکارانەی کە وایکردووە ئەنفال نوقمی بێدەنگی بکرێ، دەگەڕێتەوە بۆ نێوەڕۆکی لاوازی گوتاری نەتەوەیی کورد.

**هەندرێن**

**پرسیار: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕوویندایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت هەم لەلایان وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش.**

**هەندرێن:** لە بەراپرا دەخوازم بڵێم ، کە کردەی کوشتنی مرۆڤ، یان فرەتر بێژم ، قرکردنی نەتەوەیەک لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەوە، لە هەر شوێن کاتێک بێت، یان لە ژێر دروشمی هەر بانگەشەیەک بێت ئەوەمان پێدەڵێ، کە ئەو نەتەوەیە، یان رژێمەی کە نوێنەرایەتی ئەو نەتەوەیە دەکات، رژێمێکە تووشی پەتایەکی سادیستی بووە، یان بە نەخۆشییەکی دەروونی کوشندە دەتلێتەوە، ئەگینا هیچ مرۆڤێک ، یان مرۆڤگەلێک لە نەتەوەیەک ناتوانێ بڕیاری ((ئەنفال)) کردنی مرۆڤگەلێک لە نەتەوەیەکی دیکە بدا. بەو واتایە ئەنفالکردنی کورد لەلایەن رژێمی عارەبی شۆڤێتی عێراقەوە لە روحێکی سادیستی و دەروونێکی نەخۆشەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە . کەواتە ئەو رژێمەی کە پاڵپشتی ئایەتی قورئانی موسڵمانان کردەی


www.pertwk.com

قڕکردنی کوردی پیادەکرد، ڕەنگدانەوەی ئەو نەخۆشییە دەروونییە بوو کە شوێنکاتیکی دیاریکراو بەرهەمی هێنابوو . هەر بۆیە ، تا ئەمڕۆش، کۆی گشتی نەتەوەی عارەب و ڕژێمە شۆڤێتییەکەی بەعس بەرامبەر ئەو ئەنفالکردنەی کورد هەست بە هیچ تاوانێک ناکەن، هاوکاتیش ئەو رژێمە پێی وایە کە ئەنفال ، کارێکی رەوا بووە. ئەمەش یەکێکە لە خاسڵەتەکانی مرۆڤگەلی و رژێمێکی سادیست و دەروون بیمار ، کە بەناوی داکۆکیکردن لە راستی یان پاراستنی نیشتمان، ئەو کارانە دەکات.

ئەو ئاماژەیە بۆ ئەوەبوو، کە بزانین رژێمی بەعسی عارەبی عێراق لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا به پاشخان و بونیاتێکی بارگاویکراو بە بنەمایەکانی سادیزمی و نەخۆشییە دەروونییەکانی مێژووی عارەب و ئیسلام، کوردی ئەنفال کرد.

بەڵام خودی ئەو ئەنفالە لە دەرەوەی ئەو شوێنکاتە ئیسلامی ــ عارەبییە نەبووایە ، بەمجۆرە دەبوو کە هەیە ، دەکرێ لە روانگەی فرە جوداوە راڤەی ئەو پرسیارە بکەین. لێرەدا حەزدەکەم لە روانگەیەکی ئاوەڵادا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. بە بڕوای من، ئەو هۆکارانەی کە وایکردووە ئەنفال نوقمی بێدەنگی بکرێ، بەشێکی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ نێوەڕۆکی لاوازی رەوانبێژی گوتاری نەتەوایەتی کورد. چونکە لاوازی ئەو گوتارە کوردییە پەیوەندی هەیە بە سەرتاپای ئاگایی نەتەوەی کوردەوە، بەتایبەتیش بە توێژی رۆناکبیریی کوردی و دەمڕاستی سیاسی حیزبەکانیەوە. کورد تا ئەمڕۆش نەیتوانیووە لە ئاستێکی فرەواندا بە پێودانگی مەرجە قانوونی، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان: بەرێگای بەڵگەنامەی نووسراو: فیلم، لێکۆڵینەوە بەزمانی زیندووی جیهانی، بە کۆڕ و کۆنفراس ، بە دیالۆگ لەگەڵ رێخراوە جیهانیەکان و....هتد ، ئەو


www.pertwk.com

ئەنفاله بۆ كۆی مرۆڤایەتی روونیكاتەوە. لەوەش زیاتر، تا ئێستاش زانستگایەكانی كوردستان نەیانتوانیووە ناوەندێكی تایبەت بە ئەنفال پێكبهێنن، تاكوو لەوێدا بتوانن لە روانگەی هەمەجۆرەوە ئەنفال راڤە بكەن. هەڵبەتە كورد لە رێگای ئەو راڤەكاریانەوە دەتوانێ بنەمایەكی راشكاو بۆ پرۆژەیەكی نەتەوایەتی دابرێژێ. كەواتە ئەو بێدەنگیە لە ئەنفال، ئەگەر لە وڵاتێكی ئیسلامیش نەبووایە ،رەنگە بە هۆی ئەو گوتارە لاوازەی كورد، خودی خۆی نەیتوانیبووایە كارێكی لەمە باشتری بكردبا. بۆیە بەشێكی سەرەكی ئەو گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ئیفلیجی دەمراستی رۆشنبیریی و سیاسی خودی كورد.

هاوكاتیش پاشخان و پێكهاتی حیزبی سیاسی كورد، وەك نوێنەرایەتیەكی جڤاكی كوردی، رۆڵێكی گرنگی هەیە لە كەم بایەخبوون و بێدەنگبوون لە كارەساتی ئەنفالدا. چونكە لەو كاتەی كە رژێمی بەعسی فاشی پرۆسەی ئەنفالكردنی كوردی پیادە كرد، ئەو دووزلحیزبەی كوردستان بە ئاشكرا هاوكاری رژێمی ئیسلامی ئێرانیان دەكرد، كە ئەو رژێمەش لە شەرێكی دژواردا بوو لەگەڵ رژێمی سەددامدا. لێرەدە وەك ئاشكرایە، ئەوكات بە هۆی دژایەتیكردنی زلهێزەكانی رۆژئاوا و مەترسی رژێمی ئیسلامی ئێران لەسەر ئاییندەی سیاسەتی رۆژئاوا و ناوچەكەدا، بۆیە ئەو زلهێزانەی رۆژئاوا ڕاستەوخۆ لە ئاستی سیاسی و چەكداركردندا هاوكاریی رژێمی سەددامیان كرد. دواجاریش ئەو فاكتەرانە رۆڵی زۆریان هەبوو/دەبێ لە هەوڵی فەرامۆشكردنی كارەساتی ئەنفال وەك سیاسەتێك لە گەلكوژی.

بەڵام رەنگە ئەو مێژووە ئاینی، سیاسی، كولتووری و...هتد، كە لە جیهانی ئیسلامی ــ عارەبی دا هەیە ، یەكێك بێ لەو هۆكارانەی كە

بەرهەمهێنەری ئەو بێدەنگییە بێ؛ واتا ئەو مێژووەی کە لە ژیانی جیهانی عارەبی ـــ ئیسلامیدا هەیە و خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە ، کە لەسەر بێدەنگکردن و داپڵۆسین و کوشتن بونیاتنراوە، ڕێگە خۆشکەربێ بۆ پەراوێزکردنی کێشەی ئەنفال. وەک دەزانین مێژووی عارەب و خودی ئیسلام، وەک ئیدیۆلۆژییەکی بە سیاسیکراو، هەمیشە لە وێنە بەرجەستەکراوە سیاسییە تووند و تیژییەکەیدا، خۆی لە سەر جیاوازەکان داڕێژاوە. لە دەقەرەکانی مێژووی ئەو جیهانە ئیسلامییە سیاسی و ڕژێمەکانیدا، شوێنکاتێک، مێژوویەک نییە لە فرە ڕەهەندی سیاسی، کلتوری و ڕەگەزەکان. بەواتایەکی تر، ئەو مێژووە، هەر لە ڕۆژگاری خەلافەتی عەباسی، خەلافەتی ئومەوی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بگرە تا دەگاتە ڕژێمە دوا کۆلۆنییەکانی عارەبی و رۆژهەڵاتی ناویندا، لەسەر دەمکوتکردنی جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگایەکانی خۆیان و سڕینەوەی نەتەوەی کورد و ئەوانی دیکە.

بەڵام ئەگەر لە سەر نموونەی جوولەکە لە کێشەی کۆکوژی بڕوانین، دەبێ لەسەر دوو دەقەر و ئایین و پاشخانی جوداوە بیپەیڤین.. واتا ئەوەی کە وایکرد کێشەی کوشت و بڕی جوولەکە لە لایەن ڕژێمی نازی هیتلەرەوە بکرێتە پرسیارێکی نێونەتەوەیی و هەمیشە زیندوو، خودی ئەو ناوکۆیی، کۆنتێکستە مێژوویەی ڕۆژئاوا بوو؛ واتا ئەوە گوتاری پرۆژەکانی ڕۆشنگەرییە، کە لە لایەک، بە پاڵپشتی ئاوەزگەراییەوە، هەڵگری گوتاری گەردوونگەریی، تیۆی داروین، کێشەی پێشەڤچوون و لە ناو چوونی ڕەگەزەکانە، لە لایەکی دیکەشەوە، بەرهەمی ڕوانگەی دوالیزمی، باش و خراپ سۆبژە و ئۆبژە،جیاواز و دژەکانە... هتد، بونیاتناوە، لە لایەکی تریشەوە ، ئەو گوتارە رۆشنگەرییە هەڵگری باشکردنی ژیانی مرۆڤایەتییە لە سەر زەویدا.

وێڕای ئەمەش، دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین، کە جێنوسایدی جوولەکەکان لە ڕۆژگاری شەڕی جیهانی روویدا، کە لەوێدا نازیزم و فاشیزم هەڕەشەیەکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤایەتی دەکرد. بەمجۆرە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووەم، رژێمەکانی رۆژئاوا ناچار بوون بیر لەو غەدرە گەورانە بکاتەوە کە لە جیهانی دیمۆکراتییدا ئەنجامدرا. بۆیە گەورەکردنەوە یان بە دەنگهاتن لە کێشەی جێنوسایدی جوولەکەکان بەندە بەو چرکەساتە مێژوویەی دوای شەڕی جیهانی دووەم و پشتگیری کردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل.

هاوکاتیش دوای ئەو شەڕە وێرانکارانەی کە ئەورروپای تەنیبۆوە، کێشەی مێژوویی جوولەکەکان لە رۆژئاوادا، وەک دەروازەیەک بۆ سەقامگیرکردنی مافە مرۆڤایەتییەکان، ریزگرتن لە رەگەزە جیاوازەکان و ... هتد ، بوونە بزاڤێکی بەهێزی جڤاکی. لە بزاڤە مرۆڤایەتییەکان لە رۆژئاوادا ، بۆ نموونە لە بزاڤەکانی دژە راسیزمی و فاشیزمی، کە ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا دیاردەیەکی بەر فراوانە. بەواتایەکی روونتر لە روانگەی ئەو ناوکۆییە کولتووری ، مێژوویی، سیاسی و ... هتد، کە بنەماگەلێکی سەرەکین لە گوتاری رۆشنگەریی و دوای رۆشنگەرییدا، بۆیە ئەگەر ئەنفال لە رۆژئاوادا روویدابووایە، هەڵبەت بە گوێرەی ئەو پێودانگانەی کەو لەو جیهانەدا ئامادەیی هەیە، ئاشتێکی جیاوازی دەبوو.

بەڵام کێشە ئەوەیە، کە ئەمڕۆ تەنانەت مەسەلەی دژە ڕەگەزی جوولەکە ، ئەوەندەی بۆتە کێشەیەکی عارەبی ، واتا رقی عارەب لە جوولەکە و ئیسرائیل...هتد، وەک کێشەیەکی ئەورووپی نەماوەتەوە. چونکە لە جیهانی عارەبیدا، بەهۆی قووڵبوونەوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤایەتی ناعەدالەتی ، نەبوونی دیمۆکراسی و ..هتد ، هیچ زەمینەیەک نییە، بۆ

لابردنی ئەو بێدەنگییەی کەلەسەر ئەنفالکردنی کورد لە ئارادایە . لە جیهانی عارەبی و ئیسلامیدا، خودی عەرەب لە ژێر سایەی رژێمە دڕندەکانی خۆیدا کەرامەتی پێشێلکراوە ، بۆیە چاوەڕێکردنی بوارێک ، یان زەمینەیەک، وەک ئەوەی کە لە رۆژئاوادا لە ئارادایە، کە بتوانێ پرسی ئەنفال بکاتە دەروازەیەک بۆ قسەکردن لە سەر مافی نەتەوەی کورد و پرینسیپە مرۆڤایەتیەکان ، شتێکی بێهوودە و ئومێدێکی ساوفیلکانەیە. لەو روانگەیەوە ئەمڕۆ جیهان خودی عارەب لە چرکەساتێکدا، کە بەدەست پەنگدانەوەی مێژوویەکی پڕ لە زەبروزەنگدا دەتلێتەوە ، بۆیە خودی خۆشی بۆتە قوربانییەک بە دەستی ئەو مێژووەیەی خۆیەوە . کەڵەکە بوونی ئەو مێژوو پڕ لە سەرکوتکردن و تاکرەوییەی رژێمە عارەبییەکان نەک هەر مرۆڤی عارەبی تووشی بێمانایی کردووە ، بەڵکو روحی مرۆڤی کوردی ئەنفالکراویشی ئیفلیجکردووە؛ واتا ئەو وێنە رەشبیگرەی کە قۆناغ دوای قۆناغ لە هەناوی مێژووی عارەب و ئیسلامدا خۆی بەرهەمدێنێتەوە ، بە تایبەتیش واقیعی ئەمڕۆی عارەب ، وای لە کورد کردووە ، کە نەک هەر بێ ویست بێ لەبەرانبەر ئەو بێدەنگییەی کە لە ئەنفالکردنی لە ئارادایە ، بەڵکو خۆشی ملکەچ بێ بەرامبەر غەردرێک ، کە بێدەنگ بوو لێی ، لەخودی ئەنفالکردنەوەی ، تاوانترە . کورد لە جیاتی دەنگهەڵبڕین و بە جیهانیکردنی ئەنفال ، پرۆسەی فەرامۆشکردنی یادەوەری خۆی، واتە مێژووی ئەنفالکردن، بەرێگای هەڵپەڕین و مکیاژی دەرەکی خۆی ، کە گوایە گەلێکی لێبووردووە، پەیڕەو دەکا. دواجار ئێمە ناتوانین بە بیانۆی ئەوەی کە ئەنفال ئەگەر لە جیهانی ئیسلامیدا نەبووایە، لەجیهانێکی تربووایە، خۆمان لەو بێدەنگی و ئاڵۆزییەی گوتاری رۆشنبیریی و سیاسی خۆمان بدزینەوە. ئێمە دەبێ لەو شوێنکاتەی کە

ئەنفالی تێدا روویداوە، بەئیرادەیەک لەهزراندن و بە پرۆژەکردنی پرسی ئەنفال، ئەو بێدەنگیکردنە لە پرسی ئەنفال، قاوبدەین.

وێرانی ئەمەش ئەمڕۆ بەهۆی باڵادەست بوونی تەکنیک واتا کەناڵە فراوانەکانی ئینتەرنێت و جیهانگیری، کەخۆی لە «بێ» شوێنی دەناسێنێ، جیهانی کردۆتە سیستەمێک لە سیمبۆل و تەکنیک، خودی ئەو شوێنە جوگرافییەی کاڵکردۆتەوە؛ واتا کورد دەبێ ئەو «داستانە مەزن»ە نەتەواياتییەی کە بەشێک لە کورد بە کاریگەریی بەشێک لە تیورییە کۆپیکراوەکانی رۆژئاوا پێیان وایە کۆتایی هاتووە زیندوو بکاتەوە. لێرەوە ئەمڕۆ بەهۆی ئەو فاکتەرە تەکنۆلۆژی، ئابووری ، کولتووری ..هتد، شوێنەکان وەک جاران لێکدابڕاوین. کورد دەتوانێ بەڕێگەی ئەو سیستەمە تازەیەی تەکنیکەوە کێشەی ئەنفال و مەسەلە ڕەوایەکەی ، لە ناوەندی جیهان ئامادە بکاو نمایش بـکا.

**پرسیار: ئەوهۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەر پێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە، دەگوازێتەوە بۆ هوشیارییەکی کلتووری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بە دەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لە ئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەستەڵاتی کوردی خویدا؟**

**هەندرێن:** لە ئاخاوتنی پێشوومان‌دا بە خێرایی ئاماژەمان بەو پرسیارەکرد. بەڵام ئەو هۆکارانەی کە وا دەکەن ئەنفال لەو هوشیارییە سادەوە بیگوازینەوە بۆ ئاگاییەکی کولتووریی نەتەوەیی، ئامادەکردنی ئەو مێژووە بریندارەیە لە ژیانی ئێستای کوردستان و کۆی گۆشە جیاوازەکانی

سەرتاپای جیهان و بەکردەکردنی ئەو کارەش پێویستی بەکۆمەڵێ هەنگاو و ڕێگای جودا هەیە . بەڵام بەر لە هەموو کارێک، بە لای منەوە ئەوکاتە کورد دەتوانێ ئەنفال لەو ئاستە سیاسییە سادەیە بگوازێتەوە بۆ ئاگاییەکی زیندوو ، کە بتوانێ ڕاستگۆیانە، وەک نەتەوەیەکی ئەنفالکراو، مامەڵە لەگەڵ خۆی و «ئەوانیتر» بکات . بەواتایەکی ڕوونتر یەکێک ئەو هۆکارانەی کە پرسی ئەنفالی لەو هۆشیارییە سادە و قەتیسماوە سیاسییە هێشتۆتەوە، ئەو بە بازرگانیکردن، سواڵکەری و بەحیزبیکردنەی ئەنفالە لەلایەن دەمڕاستە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد. ئاکامی ئەوەش، بۆ نموونە لەو تورەیی و ڕابوونەی خەڵکی هەڵبجە دا بەرجەستەبووە. هەروەک بینیمان ئەمساڵ ،2006، چۆن جەماوەری هەڵەبجە لە یادی کیمیابارانی شارەکەی خۆیدا بە دژی ئەو ئەو دەسەڵاتە کوردییە تەقییەوە، کە هەستی کرد بازرگانی بە مێژوو و مردووەکانی دەکا.

لێرەوە مرۆی هۆشیار لەوە تێدەگا کە چۆن هاووڵاتیانی هەڵەبجە، وەک یادەوەری زامداری ئەو شارە، ئیتر لەو دەسەڵاتە بێئومێد دەبن، کە بەناوی مافەکانی ئەو بازرگانی بە مێژووکەیان دەکەن. کەڵەکەبوونی ئەو دیاردانە بەهۆی ڕەفتار و یارییەکانی حزبی کوردی، لەوانە کایە نالەبارەکانی شەڕی خۆکوژی و دواجاریش بازرگانیکردن بە مێژووی ئەنفال و دابەشکردنی کوردستان بەسەر دوو حوکمەت و دوو حیزب ، هاوکاتیش کەهێلی و سستی ڕۆناکبیری کوردی و ئیفلیجی زانکۆیەکانی کوردستان لە ڕۆڵی تۆێژینەوە و بە بەڵگەکردنی مێژووی ئەنفال، ئەوانە هەموویان، بوونە هۆی سووککردن ، بێمانا، دواجاریش فەرامۆشکردنی کارەساتی ئەنفال لە یادەوەری کوردیدا . ئێمە نموونەی جولەکەکانمان لەبەرچاوە ، کەچۆن توێژی ڕۆناکبیر و سیاسی ، بە ئاگاییەکی تۆکمە توانییان لە دوای ڕووخانی ژێمی هیتلەردا ، بە پرۆژەی ڕۆشنبیریی و سیاسییەکانیان

هۆلۆکۆست و کوکوژی نەتەوەکەیان بکەن بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی ، بەمەش ئاستی ئاگایەکی قووڵی بەکۆمەڵی جوولەکەیی بەرهەمبهێنن. لەو روانگەیەوە، کورد ئەوکاتە دەتوانێ مێژووی ئەنفال لەم ئاستە سادەیەی هۆشیاری، لەم بێدەنگییە مەترسیدار و دواجاریش لەم روحە سواڵکەرییەی کە لەلایەن حزبی باڵادەستی ئەمڕۆی کوردیدا لە ئارادایە بگوازێتەوە بۆ هۆشیارییەکی باڵای کولتووری و سیاسی و دەنگێکی بەرز ، کاتێک توانی ئەنفال بکات بە بەشێکی سەرەکی لە چالاکییە کولتووری و سیاسییەکان لە ژیانیدا. ئەم کارەش بێ بوونی ئیرادەیەکی نەتەوەی خەملیو مەیسەر نابێ . چونکە لە کۆمەڵگایەکی هیلاک و کەم ئاگایی وەک کورد ، ئەوە ئیرادەیەکی نەتەوەیی سیاسییە کە لە رێگەی کەناڵەکانی پەروەردە و سیاسەتی کولتوورییەوە دەتوانێ ئەو هۆشیارییە سادەیە پەرە پێبدا و بیکات بە کۆئاگایەکی کولتووری و سیاسی. لێرەوە بە بڕوای من، یەکێک لەو هەنگاوە گرنگ وسەرەکیانەی کە دەسەڵاتی سیاسی، ئەگەر بخوازێ ئەنفال بکاتە بنەمایەک بۆ گوتاری سیاسی کورد، دەبێ مێژووی ئەنفال و رەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییەکانی بکاتە بەشێکی گرنگی لەبەرنامەی پەروەردەی خوێندندا، کە ئەوەندەی من بزانم، تائێستاش ئەو مێژووە، بەشێوەیەکی گرنگ، نەکراوەتە بەشێک لە بەرنامەی پەروەردە. وەک دەزانین ئەو نەوەیەی دوای نەوەکانی سەدەی ڕوابردوو ، نە لەو مێژووەی ئەنفال ژیاوە و نە لە ئاستی رۆشنبیریی و پەروەردەشدا دەسەڵاتی سیاسی توانیویەتی وێنەیەکی تێروتەسەلی لەسەر ئەنفال بۆ فەراهەم کردبێ. بۆ نموونە دەکرێ بپرسین، کە لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا ، میدیایە جۆراوجۆرەکانی ئەو دوو حزبە، چەند فیلمی هونەری و دیکۆمێنتی لەسەر ئەنفال و هێرشە دڕندەکانی رژێم بۆ رووخاندنی دێهاتەکانی کوردستان و ....،

بەشێوەیەکی شیاو ، پێشکەش بە بینەری کورد کردووە ؟ ئایا ناوەندە هونەری و رۆشنبیرییەکانی ئەو دوو حیزبە و بگرە بێلایەن و حزبەکانی تریش، چەند پێشانگا، فیستیڤاڵ، کۆڕ و چالاکی کونەری و کولتووری ، پێشکەش کردووە ؟ ئەرێ زانکۆیەکانی کوردستان، بەتایبەتی بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، چەندان لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی/ زانستی/میتۆدییان لەسەر ئەنفال و ئاکامەکانی نجامداوە و لەپاڵ ئەوکارانەش ،چەند کۆنفراس و کۆڕیان لە ئاشتی ناوەخۆ و دەرەکی لەسەر بنەمای ئە لێکۆڵینەوە ئەکادیمیانەوە، سازکردووە؟

ئەمانەو چەندان پرسیاری لەم چەشنە، کە بۆ ئێمە لەوەڵامێکی گومڕدا دەمێننەوە. چونکە من پێم وایە، کە زانکۆیەکانی کوردستان ئەمڕۆ گرنگترین ئەرکیان لەسەرە بۆ قووڵکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کورد سەبارەت بە پرسی ئەنفال. چونکە ئەوە ئاکامی توێژینەوە هەمەجۆرەکانە کە زانکۆ وەک دامەزراوەیەک لە جیهانی تیۆری و میتۆدێکی، دەتوانێ ڕووداوێکی وەک ئەنفال بکات بە زەمینەیەک لە بواری بەرهەمهێناوەی شوێنەوارەکانی ئەنفال. لێرەوە زانکۆ وەک دامەزراوێکی کولتووری لەڕێگای کەناڵەکانی خۆیەوە دەتوانێ کێشەی ئەنفال بکات بەکێشەیەکی جیهانی. ئەمەش دەکرێ ، هەر بە داوەتکردنی پسپۆڕەکانی کێشەی جینۆسایدەوە بۆ زانکۆیانی کوردستان و تا دەگاتە بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوانەی کەلەسەر ئەنفال کراون لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت ، ئەنجامبدا،بە مجۆرە پرسی ئەنفال نەک هەر ئاستی هۆشیاری مرۆڤی کورد بەرامبەر ئەو مێژووە بەرزدەکاتەوە، بەڵکو ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگای جیهانیش لەسەر ئەنفال سەرنجکێش دەکا. کەواتە، بە واتای فۆکوێیانە ، ئەوکاتە ئەنفال لە ئاستی هۆشیاریەکی سادەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستێکی کولتووری و سیاسی باڵاو بەرجەستە کراو ، کاتێک کورد

توانی پرسی ئەنفال بکات بە گوتارێکی مەعریفی، چونکە ئەوە گوتاری مەعریفییە کە گوتاری دەسەڵات بەرهەم دەهێنێ. لێرەدا بەمەعریفە کردنی ئەنفال، لەئاستی ئاگایی کوردی و خودی رەهەندی ئەنفالیشدا، دەبێتە بەرهەمهێنانی گوتاری دەسەڵاتێکی کاراو پۆزەتیف. هەڵبەتە مانەوەی ئەنفال لەو ئاستە نزمەی هۆشیاری کوردیدا، پەیوەندی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری سیاسی، مێژووی ... هتد، هەیە. پێکهاتەیەک کە تائێستا بە سۆز و هەستەگی بەرگاویکراوە، کە ئەو چەشنە پێکهاتەیەش ئەوەندەی لەسەر ئاستی بەرپەرچدانەوەکان بەردەوامی بوونایەتییەکەی پاراستووە ، هێندە لەسەر ئاستی ئاگاییەکی مەعریفی ئاوەزگەرایی لەو بووناتییە جیگیر نییە.

لەئاکامی ئەوەدا، کورد هەمیشە مێژووە تراژیدییەکانی خۆی بەرهەمهێناوەتەوە. مێژووی کورد پڕە لەو دەمەدەقە واوەیلائامێزانەی کە باسی ئەو فەرامۆشکردنەی یادەوەریی خۆی دەکا. لەلای مرۆی کورد ترس و نیگەرانی لەو فەرامۆشکردن و خەمساردییەی کورد بەرامبەر مێژووی بوونایەتیەکەی، لە ئەحمەدی خانیەوە تا ئەمڕۆش لە رۆشنبیریی کوردیدا ئامادەیەکی راشکاوی هەیە. بۆیە جەختکردنەوە لەسەر ئەو بێدەنگییەی ئەنفال لەئاستی کۆمەڵگای کورد و دەسەڵاتی سیاسییەکەی ئەمڕۆیدا، شتیکی تازە نییە، ئێمە دەبینین کە چۆن مێدیا و مەکۆیە جودایەکانی ئەمڕۆی دەسەڵاتی کوردی، رووداوە مێژوویی و سیاسی و کولتووری و بگرە ئەنفالیشیان لە ئاستێکی رووکەشی هەڵپەرکێ و ئاهەنگێڕان، یان گریانیکی کاتی و کۆمەڵیک دروشمی ساکار کە لە هەستی خۆ بە قوربانیدان زیاتر تێناپەڕن. گومان لەوەدانییە، کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی کورد، بە یارییە حیزبی و خێڵەکی و ناوچەییە گەرمیانییەکانەوە رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە هێشتنەوەی ئەو بێدەنگییە و

فەرامۆشکردنەی ئەنفال لە یادەوری کوردیدا. دیارە نابێ ئەوەمان لەیادبچێ، کەدوای روخانی سەددام، دەسەڵاتی سیاسی کورد و دەمڕاستە رۆناکبیرییەکەی دەیتوانی لە ڕێگای پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و دادگایکردنی سەددام و تاوانبارەکانی دیکە، ئەنفال بەرەو کێشەیەکی جیهانی ببات، بەمەش نەک هەر ئەو ڕژێمە کورد کوژ و پاشخانە ئیدیۆلۆگییە پان- عارەبییەکەی دادگایی بکا، بەڵکو تەواوی ئەو فابریک و کارگە و دەسەڵاتە سیاسییەکانی عەرەبی و ئەورووپی و ئەمریکیش رووبەرووی بەرپرسیاریەتی ویژدانی و سیاسی و ئابووری بکاتەوە. بەڵام وەک دەبینین، تائەمڕۆش دەسەڵاتی کوردی و توێژی دەمڕاستی بەناو رۆناکبیری کوردی، نەک هەر نەیتوانیووە ئەو زەمینە فەراهەم بکا تاکوو ئەنفال بکا بە پرسێکی جیهانی، بەڵکو بەو بازاڕە بارگانییەی کە بۆتە پرۆژەیەکی سەرەکیان ، وایکردووە خودی ئەوانەی کە بە رێککەوت لە ئەنفالیش رزگار بوون، خەون بە سەردەمی ئەنفالکردنیان بخوازن. چونکە ئەو زیندووانەی کە لە ئەنفالکردن رزگار بوون، لە ژیانێکی کۆڵەمەرگیدا، لە ژێر خێوەت، بێماڵ ، بەهەژاری ، بێ ماف ، بگرە بە ترسەوە لە چاوەڕوانی تەعریبکردنەوە ، کات بەسەر دەبەن. ئەگەر ئەمرۆ ئەوە مامەڵەی دەسەڵاتی کوردی و ئاستی رۆشنبیریی کوردی بێت، کە لە وێنەیەکی خەمهێنەردا دەبینرێ، چۆن بتوانین ئەنفال بکەین بە هۆشیاریەکی کولتووری و لەو بێدەنگیەش رزگاری بکەین؟! لەوەش زیاتر ، کاتێک ناوەندی هەڵەبجە «چاک» ،ساڵی رابردوو ،2005 ، فرانس ڤان ئەنراتی تاوانباری هۆڵەندی دادگاییکرد، میدیای ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە لە تەلەفزوێنەکانیاندا بەقەد ئاهەنگی هەڵپەرکێیەکیش کە لە هۆڵەندا دەکرێ، گرنگیان بەو کارە باشە نەدا. ئەو دەسەڵاتە کوردییە، یان دوو حیزبە باڵادەستە نەک

هەرخۆیان بەشدارن لەو بێدەنگییە ، بەڵكو ڕێگرن لەبەردەم هەر هێزێک ، كەلەدەرەوەی خۆیان ، هەوڵبدا كێشەی ئەنفال لەو قەیرانەی بێدەنگی و ئاستە خەمهێنەرە رزگاربكات.

لێرەوە مانەوەی ئەنفال لەو ئاستە خەمهێنەرەدا، دەگەڕێتەوە بۆ كوی خەمساردی و نزمی ئاستی هێزەكانی ناخی كوردی، كەلە نەبوونی ئیرادەیەكی سیاسی و كولتووریدا، لە خەمی ئەوە دایە كارەساتی ئەنفال تەنیا وەک قوربانییەک بكاتە ئامرازێک بۆ تێركردنی بەرژەوەندییە ماددییەكانی خۆیان. چونكە ئەو دەسەڵاتە حیزبییەی كوردی، دوای ڕاپەڕین، وێرای قووتبوونەوەی دیاردەی "نەوت بەرانبەر خۆراک"، دواجاریش دوای داڕمانی رژێمی سەددام، دیاردەی پادداشت، شەهیدانە، تەقاویتركردنی مێگەلێک خەڵكی ساختەچی بەناوی پێشمەرگە... هتد، مرۆڤی كوردیان فێر كرد كە هەموو شتێک لە ئاستی قەرەبۆكردنی ماددی كورتبكاتەوە. لەبۆیە دەبینین ئەو هاووڵاتیانەی كە دوای ئەنفال زیندوو ماونەتەوە، هەمیشە وەک قوربانی و دەستكورد خۆیان نمایشبكەن. بەمجۆرە لای ئەوان قەرەبۆكردنی ئەنفال لە وەگرتنی بڕێک پارە و ماڵێک كورتكراوەتەوە. كەواتە ئەو قەیرانەی كە ئێمە باسیدەكەین دەرهاوێشتەی هۆكارگەلێكە كە لە دوای ڕاپەڕینی جەماوەری كوردستان لە ساڵی 1991ەوە دەستیانپێكردووە، بە تایبەتیش ئەو قەیرانە دوای هەڵگیرسانی شەڕی خۆكوژی و بەتاڵانبردنی موڵكی كوردستان و دزینی داهاتی گومرگەكان ... دیاردەگەلێكی زۆری لەو شێوانە قووڵتر بووەوە. هەرچەندە ئەو قەیرانە لە ئاكامی شەڕی نێوان حیزبەكاندا هەر لە قۆناغی خەباتی پێشمەرگایەتییەوە دەستیپێكردبوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین، بە هۆی فەشەلی حیزبی كوردی لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی كوردستاندا، ئەو قەیرانە سیاسیی و ئەخلاقییە یادەوەریی كوردی تەواو لە بیركردنەوەی بوونی

خۆی و مێژووی کارەستەکانی ئیفلیجکرد. ئاکامی ئەمەش گەلی کورد تووشی ئەو تێکشکانە روحی و ئەخلاقییە بوو کە ئێستا لەبەر چاومانە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو هێز و لایەنە سەربەخۆیانەی دەرەوەی ئەو حیزبە گەندەڵانە بتوانن ئاستی ئەو هۆشیارییە داواکراوەی خەڵکی کورد بخەملێنن، دەبێ سوود لە ئەزموونی ئەو نەتەوانەی کە لە مێژوودا دەرگیری هەمان کێشە بوونە وەربگرن. بۆ نموونە، ساڵی رابردوو ئەرمەنەکان، کە بێ ئەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی وەکی ئێستای کورد بن، توانیان کێشەی قڕکردنیان بە دەستی رژێمی شۆڤێتی تورکیا، بکەن بە رۆژێکی جیهانی. کەواتە ئەو هۆکردە سەرەکییەی کە وادەکا کارەساتی ئەنفال لەو ئاستە نزمەی هۆشاریدا بمێنێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتە لێکترازاوەی کۆی کوردی، کە هەتا هەنووکەش جووڵە هەستەکییەکاندا گیری خواردووە، لەبۆیە هێشتا ئاوەزگەرایانە لە بوونی خۆی ناهزرێ.

لێرەوە حەز دەکەم ئەوە بە یاد خوێنەر بێنمەوە، کە من خۆم لە کاتی پێشمەرگایەتیدا رووبەڕووی هێرشەکانی ئەنفالی 6، 7 و هەشت بوومەوە. واتا کاتی هێرشەکانی رژێمی فاشی لە دۆڵی بالیسان، باڵەکایەتی و باهدینان، بینیم چۆن رژێم ئەو دەڤەرانەی بە تۆپ و بۆردمانی ئاسمانی و چەکی کیمیایی هەڵپرووکاند. بۆیە ئاخاوتن و پێشنیازکردنی بەرنامەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی جڤاکی کورد لەمەڕ دۆزی ئەنفال، لە پێشەوە ئەرکی ئەو هێزەیە کە پێی دەڵێن حوکمەتی کوردی و دواجاریش کۆی مرۆڤی کورد. بەڵام کێشەی مانەوەی ئەو هەموو پێشنیاز و خەمخۆرییە بۆ رێزگرتن و بە پرۆژەکردنی پرسی ئەنفال، یەکێکە لەو هۆکارە بنەڕەتییانەی کە گیانێکی خەماساردی لە جڤاکی کوردستان بەرهەمهێناوە. کەواتە ئێمە لە بەردەم کێشەیەکین کە بەندە بە خودی کوردەوە؛ واتا ئەمرۆ کێشەی ئێمە ئەوەیە کە بەر لەوەی بیر لە


www.pertwk.com

بەجیهانیکردنی کوکوژی کورد بکەیەنەوە، پێویستە خۆمان رێز لە ئەنفال و ئەنفالکراوەکانی کورد بکەینەوە. چونکە ئەگەر ئەمڕۆکە هاووڵاتیانی کورد لە ژێر دەسەڵاتی خودی دەسەڵاتی کورد، ئاوارە و بێماڵ بن، لە بری ئەنفالکراوەکانیش، کۆنە جاش و سەرۆک جاش و تەڵەکەبازەکانی کورد، پاداشت وەربگرن، ئیدی ئێمە پێشنیازەکانی خۆمان بۆ کێ ئاراستە بکەین؟!

**پرسیار: ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین. بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژویی لە یادەوەری ئینسانی کوردیدا بە چەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردن بێت لەسەری لە لایەن ئەو نەوانەی کە لە دوارۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟**

**هەندرێن:** راستییەکەی دەبوو لەوە بترازێین، کە ئەمڕۆ تەنیا کێشەی ئەنفال و ئەو مێژووە خوێناوییەی کە کورد لە هەشتایەکانی سەدەی رابردوودا رووبەرووی بووەوە، لە ئاستی خەون و پێشنیاز کردنی تیۆریدا باسیان بکەین. لە باروودۆخێکی وەک ئەمڕۆی بزۆک و خێرا گۆڕاوە و تێپەڕدا، کورد دەبێ خافڵ نەبێ کاتە لەبارەکانی لە دەست دەربچێت. وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، بە هۆی ئەو ئەزموونە تاڵەی کە کورد لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا پانزە ساڵی بەسەر برد، کردنی ئەنفال بە رووداوێکی زیندوو و کارا لە یادەوەری ئەو نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوو، بە ئاسان نابینم. چونکە ئەو دوو زلحیزبە دەسەڵاتدارەی کوردی، لە لە ماوەی پانزە ساڵی دەسەڵاتیاندا، نەک هەر تاوانیان لە بەرانبەر ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ئەنفال رزگاریان بوو کەمتەرخەم بوون، بەڵکوو لە ئاستی سیاسییشدا کێشەی ئەنفالیان قەتیسماو کردووە. ئەگەر ئەو دوو زلحیزبە رێگە بەخۆیان بدەن بە بەر چاوی خەڵکی ئەنفالکراوی


www.pertwk.com

کوردستان ئەو سەرۆک جارش و بەعسییە تاوانبارانەی کە لە ئەنفالکردن بەشدار بوونە پایە و رێزی جارانیان پێ بەخشن، ئیدی پێشنیارەکانی ئێمە بۆ بە پرسکردنی ئەنفال، هیچ مانایەکی نامێنێتەوە. ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە هەر لە ئێشتاوە هێزێکی شۆڤینی و توندڕەوەی عارەبی لە عێراقدا لە گەشەدایە و سەدام و دەوست و پێوەندە کوردکوژەکان دادگایی دەکرێن، کەچی سەرۆک جاش و بەعسییە خۆفرۆشەکانی کورد لە ئاستی دەسەڵاتدا پاداشت دەکرێن، هاوکاتیش خەمساردی بەرانبەر ئەو کارەساتەی ئەنفال زیاتر پەلدەهاوێژێ. وەک دەزانین ئەوە هێزێکی رێکخراوە کە دەتوانێ دۆسییەی ئەنفال تۆکمە بکا، کەچی، وێڕای پێشنیاز و خەمی هاووڵاتیان، ئەو دەسەڵاتە کوردییە خاوەنی ئەو وەڵامە نییە کە پرسی ئەنفال و جەماوەری کوردستان چاوەڕێی دەکا. لێرەدا بۆ ئەوەی ئەنفال هەم لە ئاستی دەرەکی و هەمیش لە ئاستی ناوەکییدا لەرینەوە و دەنگدانەوەیەک درووستبکا، بەلای کەمییەوە ئەو بەناو حوکمەتە کوردییە، بەر لە دادگایی سەددام و پێوەندەکانی، دەبێ سەرتاپای ئەو سەرۆک جاش و بەعسییە کوردیانە لە کوردستان دادگایی بکات. کردنی ئەو کارە، بەلای کەمییەوە، دەتوانێ بڕواداریییەک لە لای خەڵکی کوردستان دروستدەکا و هاوکاتیش لە ئاستی دەسەڵاتدار و خەڵکی وڵاتانی دەوروبەردا دەتوانێ دەنگدانەوەیەک درووستبکا. ئەگەریش ئەو بەناو دەسەڵاتە بازارگانەی حیزبی کوردی، ئەو کارە بە ئاڵۆز دەزانێ، بە لای کەمییەوە، دەتوانێ راپرسییەکی جەماوەری لەسەر دادگاییکردنی ئەو سەرۆک جاش و هەڵەپاسانەی کورد ئەنجامبدا، کە بەشداریان کردووە لە پرۆسەی کوکوژی کورد. ئەو کارە، لە دەستپێکدا، دەتوانێ رێزێک لای خەڵک بۆ خۆشیان دروستبکا، سەرباری ئەمەش، ئەو کردەیە دەتوانێ ببێتە بەخۆداچوونەوەیەکی کورد لە کۆیادەوەری خۆی؛ واتا کورد خۆی

بخاته بەرانبەر ئەو پرسیارە ئێتیکییە نەتەوایەتییەی کە چۆن، وەک دیاردەیەکی شەرمهێنهێنەر، خودی کورد لە ڕێگای جاشایەتییەوە، برای خۆی ئەنفال کردووە. لەبۆیە دەکرێ دادگاییکردنی جاش و بەعسییە کوردەکان لە کوردستاندا، ببێتە وێنەیەک لە سزادانی ئەو مێژووە کۆیلەدارەی کورد، کە بەرهەمهێنەری جاشایەتی بووە.

بەڵام لێرەدا ئێمە دەکەوینە بەردەم گرفتێکی ئاڵۆزەوە، ئەویش خودی پێکهات و ئەخلاقی ئەو دوو حیزبە کوردییە، کە بەشدارە لە بەرهەمهێنانی جاشایەتی و خەڵاتکردندی جاشە تاوانبارەکان بە بەخشینی پایە لە پەرلەمان و حوکمەتەکەیاندا.

لەو دیدەوە پێش چارەکردنی ئەو گرفتە خۆیەکییەی حیزبی کوردی، قسەکردن لە دادگاییکردن و ریزکردنی پێشنیار بۆ سوود وەرگرتن لە پرسی ئەنفال، دەبێتە پرسێکی لێکناکۆک و دژوار لەگەڵ ئەو خواستەی کە باسی دەکەین. چونکە ئەگەر خودی حوکمەتی کوردی، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەشدار بێت لە پرۆسەی ئەنفالکردنی خۆی، یان خودی ئەو حیزبانەی کورد، مۆڵگەی ئەو هەموو سەرۆک جاش و هەڵەپاسانەی رژێمی بەعسی عەفەلەقی بن، چۆن دەتوانن لەبەرانبەر دار و دەستەی ئەو رژێمە و بگرە خودی ئەو حوکمەتە تازەیەی، کە ئەو دوو زلحیزبەی کوردی بەشداریکارێکی کارایە، بێنە گۆ؟ راستییەکەی، بە رای من، بەر لە هەموو شتێک پێویستە دەمڕاستی سیاسی کورد بیر لە مشتوماڵکردنی گوتاری سیاسی خۆی بکاتەوە؛ واتا حیزبی سیاسی و توێژی رۆناکبیریی کورد بەر لەوەی رژێمی بەعسی و زلهێزەکانی رۆژئاوا و خودی ئەمریکا تاوانبار بکا بە ئەنفالکردنی کورد، دەبێ بیر لە گرفتی گوتاری سیاسی خۆمان بکەینەوە. لێرەدا گرنگە بە جەختکردنەوە ئاماژە بەوە بکەین، کە

له کاتی خەباتی شاخدا خودی یەکێتیی و پارتی، وێڕای ئەوەی بە هۆی ئەو دۆخەی کە ئەو سەردەمە بەرهەمیهێنابوو، ئەو حیزبانە هەڵەیەکی کوشندەیان کرد، ئەویش تێوەگلانی ئەو حیزبانە بوون لە رێنیشاندەریکردنی سەربازی ئێرانی بۆ ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. من کە خۆم پێشمەرگە بووم، بۆیە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو رووداوانە بووم. دوای ئەوەی کە ئێران بە هاوکاری یەکێتیی و پارتی بەرەی شەڕی دەهێنایە کوردستان، رژێمی بەعسی فاشی بیانۆی بۆ دەرخسا و کارە سیاسەتە فاشیستەکانی خۆی پیادە دەکرد. لێرەدا دەزانم ئاماژە کردن بە کێشەیەکی خۆکیەکی ئەوها، وەک باوە، کە ئەو دوو زلحیزبە بە کۆمەڵێک تۆمەت تاوانبارمان دەکەن. بەڵام کە هەرچەندە راستییەکی تاڵە، وەک خۆم لە دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستاندا بە چاوی خۆم بینیم، کە پاسداری ئێرانی لە هەر دەڤەرێک جێنیشن دەبوون، رژێم ئاگری لەو ناوچانە بەردەدا. بۆ ئەوەی بە راشکاوی قسە بکەم، بۆ نموونە، کە لە ساڵی 1984 و 85 دا سەربازی ئێرانی بەرەی شەڕیان لە دەڤەری "لۆلان" و پێدەشتی "برادۆست" کردەوە، رژێمی سەددام ئەو دەڤەرەی کردە دۆزەخ، کەچی بەر لە هاتنی سەربازی ئێرانی، ئەو دەڤەرە هێمێنییەکی رێژەیی هەبوو. هاوکاتیش ئێمە، وەک مەڵبەندی هەولێری حیزبی شیوعی عێراقی، کە پاییزی 1983 بارەگامان لە خودی بارزان و رێزان کردەوە، کە ئەوکات تەواو چۆڵەوانی بوو، پاشانیش حیزبی سۆسیالیست و مەفەرزەیەکی بچووکی پارتی دیمۆکرات هاتنە ئەوێ، رژێم چەند جار هەوڵی دا هێرشی سەربازی بۆ ئەو دەڤەرە بکات، بەڵام دواجار لەبەر نەبوونی پشتگیرییەکی لەباری خەڵک و بێتوانایی سەربازەکانی، نەوێرا ئەو هێرشە پیادە بکا، بەڵام لە هاوینی 1985 کاتێک "شێخ موحەمەد خالید بارزانی" لەگەڵ مەفرەزەیەکی پاسدارەوە هاتنە بارزان و

به ئایەتێکی قورئان هەڕەشەیان لە ئێمە کرد، کە دەبێ "ئێمەی کافر" بارزان چۆل بکەین، ئیدی لە هاوینی 1987دا ڕژێم هێرشێکی چەند قۆڵی و بە پاڵپشتی تۆپ و فڕۆکە بۆ سەر بارزان دەستپێکرد. ئەو ڕۆژەی کە ڕژێمی سەددام ئەو هێرشەی بۆ سەر بارزان و ئەو دەڤەرە دەستپێکرد، ئێمە وەک مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی لەوبەری زێی باهدینان لە بناری چیای "پێرس" بووین کە بەرەو دەڤەری "بالیسان" دەچووین، بە چاوی خۆم بینینم چۆن ڕژێم بارزانی بە ئاگر گەمارۆ دا. بەڵام جێگەی سەرنجە، ئەو "شێخ موحەممەد خالید بارزانی" و هێزی پاسدارەکانی ئێرانی، کە ئێمەیان بە "کافر" دەزانی، نەیانتوانی نیو کاتژمێر ڕووبەڕووی هێرشەکەی ڕژێم، وەک ڕژێمی "کافر" ببنەوە. بە کورتی لە ماوەی چەند سەعاتدا، لە دەوروبەری نیوەڕۆدا ڕژێم خودی بارزانی داگیرکرد و شێخ موحەمەد خالید و پاسدارەکانی ئێرانیش بەرەو ئێران قۆچاندیان. من بە چاوی خۆم بینیم، ڕژێم سەرتاپای خانوو و پردی ڕێزانی تەقاندەوە. شایەنی باسە، ڕژێمی سەددام لە دوای نسکۆی 1974 ئەو کارەی لەگەڵ بارزان نەکرد؛ واتا دوای 1975 کە ڕژێم ئەو دەڤەرانەی بە سەربازەکانی تەنییەوە، خانووەکانی بارزان و پردی ڕێزانی نەتەقاندەوە، بەڵام ئەوجارە وەک هار بەر بووە تەقاندەوەی سەرتاپای بارزان! ئەو باسە ئاخاوتن زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام من لێرەدا تەنیا بە پێویستم زانی بۆ ڕاتەکاندنی یادەوەریی کورد، ئەو مێژووە سیاسییە وێرانکارییەی حیزبی کوردی نمایشبکەم، کە ئەمڕۆ، تەنانەت بۆ خوێندنەوەش بێ، حیزبە سیاسیی و نووسەرانی کورد لە پێناوی پاراستنی پایە و تێرکردنی خود، ئاماژە بەو مێژووە پڕ لە شکست یان خەوشە ناکەن، کە حیزبی کوردی بەرهەمهێنەریان بووە. لەبۆیە دواجار ئەو چەشنە خەمساردی و چاوپۆشینەش لە کن کورد، تەنیا ڕێگە

خۆشکردنه بۆ دووباره کردنەوه یان پەرەدان بەو نوشستییەی کورد، که مێژووی کوردی بارگران کردووه.

کەواته هەڵه کوشندەکانی یەکێتیی و پارتی که بوونه هاوکاری رژێمی ئێران له گواستنەوەی بەرەکانی شەڕ بۆ دەڤەرەکانی کوردستان، که ئەمەش بە هۆی ئەو بار و دۆخه سیاسییه نێونەتەوەییەی که له ئارادا بوو، رێگەی بۆ سەددام خۆشکرد، به رەزامەندی زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و رۆژئاوا، سیاسەتی سوتاندن و پرۆژەی ئەنفالکردنی کوردستان بێ ترس پیاده بکا. لێرەوه دەبینین، کارەساتی ئەنفال و ئالۆزی ئەو دادگایکردنەی تاوانباران، هەر تەنیا کێشەی لاوازی گوتاری سیاسیی ئەمڕۆی ئەو دوو حیزبەی کوردی نییه، بەڵکوو ئەو لاوازییه هەر له کاتی پێشدەستپێکردن و هاوکاتی دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفالکردن له جەم رژێمی سەددامەوه دەستپێدەکا. به کورتی، ئەمڕۆ کێشەی ئێمه هەر تەنیا هێزه دژەکانی کورد و ئەنفالچییەکانی کورد نییه، بەڵکوو کێشەی کورد له بونیات و پێکهاتەی ئەو دەسەڵاته کوردییه که ئەمڕۆ هەموو بەهایەکی شۆڕشگێڕیی و نیشتمانپەروەری له ناخی کوردیدا وێرانکردووه. بۆیه به بۆچوونی من، هاودەم لەگەڵ ئەو دادگاییکردنەی سەددام و چەتەکانی تر، دەبێ خودی حیزبی کوردی بخرێته ژێر پرسیار و بەخۆداچوونەوه. هەر کاتێک دەسەڵاتی حیزبی کوردی توانی خاوەن ئەو ویسته بێ، ئەوکات کورد دەتوانێ ئاسۆیەک بۆ بیرکردنەوه فەراهەم بکا و بەمەش دەتوانێ پرۆسەی ئەو دادگاییکردنه بکاته پرۆژەیەک بۆ زامنکردنی ئاییندەیەکی رۆشن بۆ نەتەوەی کورد. چونکه به رای من، ئەو گوتارەی ئێمه لەسەر بنەمایەکی ماریفی و پرۆژەیەکی سیاسی کوردی کار ناکا، بەڵکو له ئاستێکی هەستەکی و لێوانرێژ له ناکۆکی خۆی نمایشدەکا.

هەر لێرەوە حەز دەکەم بڵێم، کورد ئەگەر خاوەنی بیرکردنەوەی خۆی بێت، دەتوانێ خودی ئەمریکا و دەوڵەتە زلهێزەکانی رۆژئاوا رووبەڕووی بەرپرسیاری کۆکوژی کورد بکاتەوە. چونکە ئەوە ئەمریکا و زۆرینەی وڵاتانی رۆژئاوا بوون کە زەمینەی کۆکوژی کوردیان بۆ رژێمی سەددام خۆشکرد. لێرەوە، بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە ئێستا لەبەردەستی کوردن، دەمڕاستی کورد دەتوانێ ئەو بەرپرسیارییە بخاتە سەرشانی خودی ئەمریکا و وڵاتگەلیکی رۆژئاواییەوە، بەمەش کورد دەتوانی بە ئاستێکی خەملیوەوە لەسەر ئەنفال ئاخاوتن بکا. بە راپەڕاندنی ئەو کارە سویستەگرایەش، بەر لە هەموو داوایەک دەکرێ ئەو وڵاتانە و خودی ئەو حوکمەتەی ئێستا بە فەرمی دوای لێبووردن لە کورد بکەن. لێ، وەک دەیبینین، حیزبی کوردی و ناوەندی رۆشنبیریی کوردی نەک هەر لەو ئاستە نین، بەڵکوو لە ئاستی کوردیشدا، بە بازارِکردنی ئەنفال و پلە و پایەدان بە کۆنە سەرۆک جاش و... هتد، ئەنفالیان هەرزان کردووە. راشکاوتر بدوێین: تۆ وەرە سەر لەو حیزبە دەسەڵاتدارانەی کورد دەربکا، کە پانزە ساڵە خۆی فەرمانڕەوایەتی دەکا، کەچی لە زانستاگایەکانیدا خاوەنی بەشێک نییە کە سەرقاڵ بێ بە لێتۆژینەوەی کێشەی ئەنفال! لە کاتێکدا ئەو حوکمەتە بەناو کوردییە، خاوەنی گەورەترین بودجەیە بۆ پرۆژەی بازارگانیی، مردووان و کۆنە جاشان، کەچی رێکخراوێکی تۆکمە و چالاکی سەربەخۆی نییە کە کار بۆ ئەنفال بکا! لە کاتێکدا ئەو حوکمەتە رۆژانە بە ملیۆن دینار لە ئاهەنگی هەڵپەڕکێ بۆ یادی حیزب و داواتکردنی "چاوەش" تەخشان و پەخشان دەکا، کەچی هاووڵاتیانی دەڤەرە ئەنفالکراوەکان لە ژێر خێوەت و بێ سادەترین خزمەت ژیان بەسەر دەبەن! لێرەوە قسەکردن لەسەر پێشنیار بێجگە لە قسە مانایەکی دیکەی نابێ. دەسەڵاتی سیاسی و رۆناکبیریی کورد کە

ویست و خواستێکی گەلاڵەکراویان سەبارەت کارەساتی ئەنفال نەبێ، ناتوانن ئەرکێکی گرنگی وەک دۆسییەی ئەنفال بکەنە گوتارێکی سیاسی و کولتووری کوردی. ئێمە کە دوو زلحیزبمان هەبێ و جاش بکەنە پەرلەمانتار و بێبەری بن لە ئاگاییەکی خەملّیوی نەتەوایەتی، ناتوانین لە پێشنیازی هاووڵاتیانی خۆیان تێبگەن! لەو روانگەوە، من پێم وایە، بە تایبەتی لەسەر پرسێکی وەک ئەنفال، کورد دەبێ چیتر قسە بۆ قسە نەکا، بەڵکوو هەوڵبدا بیر لە بەرپاکردنی هەڤپەیڤینێکی ئاوەڵا و بنەمارێژ بە ئاوەز بکاتەوە، لەوێدا بە وردی پەنجە لەسەر ئەو خەوشە گەورانەی خۆی دابنێ، ئەوجا دوای دەستکردن بە چارەکردنی ئەو خەوشانە، بیر لە کارەساتی ئەنفال بکاتەوە. ئەم کارەش تەنێ بە کۆویست و کۆهێزێکی رۆشنبیریی خاوەن دەسەڵات مەیسەر دەبێ. چونکە تاکوو لە ئاستی کوردییدا، تاکەکەسەکان بە تەنیا و پەرتەوازە بیر بیردەکەنەوە. ئەمەش دواجار پەروایێز بوونی خۆیان تەواو دەبێ.

بەهەمە حاڵ، گرفتەگەلێکی لەو چەشنانەی کە بە خێرایی ئاماژەم پێکردن، یەکێکە لەو ئەرکانەی کە ئەگەر کورد بە هەند و گرنگیان نەزانێ، ئەوە ئێمە ناتوانین کارەساتی ئەنفال بکەین بە گوتارێک کە بتوانێ ئاییندەیەکی گەشەدارمان بۆ دابین بکات. وێڕای ئەمەش، بێ خەم خواردن لەو گرفتانەی کە ئاماژەم پێکردن، کورد ناتوانێ پێناسەیەکی کوردی بۆ چەمکی "جێنوساید" دابڕێژێ. چونکە تاکوو ئێستاش، نە ئەمریکا و نە زلهێزەکانی رۆژئاوا و نە کۆمەڵەی نەتەوە یەککگرتووەکان، لە خەمی ئەوە نین ئەنفالکردنی کورد، وەک گەلکوژی، جێنۆساید سەیر بکەن. هاوکاتیش ئەو رژێمە بە رەوایەتی قورئان کوردی "ئەنفال" کرد، کە خۆی موسڵمانە. لەوەش ئاڵۆزتر، وەک دەزانین هیتلەر بە بیانۆی ئەوەی کە جوولەکان لە رەگەزی "ئاری" نەبوون، بۆ یە جێنۆسایدی

کوردن، کەچی کورد بە بیانۆی شەڕی لەگەڵ ئێران و هاتنی سەربازەکانی ئێران بۆ ناو خاکی کوردستان، کە رژێم بە خاکی عیراقی دەزانی، هەروا بە بیانۆی "خیانەت"کردنی حیزبی کوردی لە رژێمی عێراق، بەوەی کە لەگەڵ رژێمی ئێراندا شەڕی دژی حوکمەتی حێراق کرد، کوردی ئەنفالکرد. ئەوانە هەموویان کێشەگەلێکی ئاڵۆزن، بۆیە کورد لە دادگایکردنی سەددامدا دەبێ ئەو فاکتەرانە لەبەر چاو بگرێ.

هەڵبەتە بە هۆی ئەو ئەو گەندەڵکاریی و حیزبسالارییەی کە کۆمەڵگای کوردی وێران کردووە، بۆیە ئەمڕۆ بۆ مرۆڤی کورد مێژووی ئەنفال و کارەساتەکانی رابردوو هێندەی جێگەی گومان و پەشیمانبوونەوەیە، ئەوەندە مانای ئاوڕدانەوە و شانازی نییە. ئەمڕۆ بەهۆی دوایێنگیربوونی، یان بە بەرخۆرکردنی کۆمەڵگای کوردی لەلایەن ئەو دوو حیزبەی کوردییەوە، هەموو کێشەکان لە ئاستی حیکایەتێکی قەتیسماو دەگوزەرێن. هاوکاتیش هەموو بەهایەکان لە ئاستی پارە و پوول تەواو دەبن. جێگەی خەمە، کە ئەو خەڵکانەی کە لە پرۆسەی ئەنفال ماونەتەوە، هەموو مێشکیان بە "قەرەبۆی ماددی"، "معاش" وەرگرتن لە لایەن حیزب و... هتد داگیرکراوە. بەمجۆرە ئەنفال کراوەتە دەریچەیەک بۆ بەرژەوەندی ماددی و بازرگانیکردن. بۆیە ئەمڕۆ بە هەزران کەس بە ناوی ئەنفالەوە بازرگانی دەکەن، کەچی بەشی زۆرینەی خەڵکی ئەنفالکراو، لە دەردەسەرییدا دەژین.

ئەنفال ئەمڕۆ لە ژیانی کوردییدا لە شاسە و نووسینەکانی کوردیدا وەک داستانێکی رابردووی فەرامۆشکراو نمایش دەکرێ، ئەو جۆرە مامەڵە کردنەی مێدیای کوردی لەگەڵ ئەنفال و رووداوە هاوجۆرەکانی، هێندەی بێبایەخکردنی ئەو مێژووەیە، ئەوەندە زیندوو کردنەوەی نییە. کورد بە

هۆی ئەو رەوشەی کە هەیەتی ، هێندەی لە فەرامۆشکردنی مێژووی خۆی کارایە ، ئەوەندە لە بەماناکردنی یادەوەری خۆیدا کارانییە، ئەوەی کە ئەمرۆش لە لای ئەو حیزبانەوە کاری بۆ دەکەن، قووڵکردنەوەی دیاردەی فەرامۆشکردنی ئەو یادەوەرییە پەنگخواردووەی ئێمەیە. رەنگە بەیادهێنانەوەی سووتاندنی مێنۆمێنتی هەڵەبجە هەمیشە وانەیەکی زیندووبێ بۆ تاکی بە ئاگای کورد. لە پرۆسەی ئەو پێشێلکردنەی کە دەسەڵاتی کوردی ئەنجامیداوە، زۆرینەی هاووڵاتیانی کورد، کە رەنگە دواجار رێگایەکی تریان نە بێ، تەینا وێرانکردنی یادەوەرییەکەی خۆی نەبێ. لێرەدا هەست دەکەم کورد خاسڵەی دووپشکی هەبێ ، کە هەستی کرد گەمارۆدراوە و رێگای دەربازبوونی بۆ نادۆزرێتەوە، ئیتر خۆی دەکوژێ.

بەمجۆرە ئەگەر بمانەوێ ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی لە یادەوەری و بوونی کوردیدا بە زیندوویی بمێنێتەوە، دەبێ بە گوێرەی روحی هاوچەرخ و مەرجەکانی کار لەگەڵ ئەنفال بکەین، ناوەندی سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کورد دەبێ واز لەوە بهێنن کە تەنیا لەکاتی ساڵیادی، مانگی سێ و چوار دا، قسە لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال و...ئەو پێشهاتە مێژووییە گرنگانەی ئێمە بکەن .من پێموایە تەرخانکردنی مێژووی ئەنفال و ئاکامەکانی، دەبێ بوارێکی گرنگ و زیندوو لە بەرنامەی پەروەردەی خوێندندا هەبێ. بەتایبەتیش ، وەک پێشتر وتم، دەبێ لەئاستی خوێندنی باڵا دا، چەندان دامەزراو بۆ ئەنفال تەرخانبکرێن و ساڵانە چەندان توێژینەوە پێشکەش بە بەشەکانیان بکەن . هاوکاتیش لە ئاستی کولتووری سیاسیدا، ناوەند و بنکە رۆشنبیرییەکاندا چەندان چالاکی لە جۆری: ڤیستیڤاڵ، پێشانگا، فیلم، کۆڕ و گفتوگۆ ..هتد ، بە شێوەیەکی هاوچەرخانە ، نەک بە مەبەستی ئامانجی حیزبی ، کە ئەمە یەکێکە لە

هۆکارەکانی سوککردنی ئەنفال و ڕووداوە مێژووییەکان لە ژیانی کوردییدا ، لە ئاستی کوردستانیی و جیهانی ، ئەنجامبدەن. بەلام پێویستە مۆزەخانەی تایبەت بە مێژووی ئەنفال و پاشماوەکانی تەرخانبکرێ، کە بە جۆرێک کورد بتوانێ تێنووی سەردانکردنیان بێ. لەوەش زیاتر ، دەبێ ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ئەنفالەکاندا ڕزیاریان بووە بە شێوەیەکی عادیلانە و دوور لە یارییەکانی حزب و خێڵ و وابەستەیی حیزبی دێهاتەکانیان ئاوادەن بکرێنەوە و لەهەر ناوچەیەکی ئەنفالکراودا، پەیکەر، مۆزەخانە و ناوەندی کولتوری تایبەت بە مێژوو و ئەرشیفی ئەنفال دروستبکرێ ، کە هەریەکە لەو پەیکەر و ناوەندە کولتووریانە ڕەهەندەکانی ئەنفال، بەرجەستەبکەنەوە. بۆنموونە، ساڵانە لە پرۆژەیەکی کولتووری باڵادا، هەوڵبدرێ ئەو هاوڵاتیانەی کە لەناوچە جودایەکاندا لە ئەنفال ڕزگاریان بوو و ئێستا لە ژیاندان، بەشداربن لە تۆمارکردنی ئەزموونەکانیان لەکاتی ئەنفالەکاندا. هەروا کۆکردنەوەو مۆنتاژکردنی ئەو شەڕانەی، کە لە کاتی پرۆسەی ئەنفالەکاندا، لە لایەنی پێشمەرگەوە و خەڵکی ئەو ناوچانەوە، بە بێ مەرامی حیزبی و قۆررخکردنی لەلایەن مەسئوول و حیزبێکی دیارییکراو، بە شێوەیەکی هونەری و بەرفراوانی بڵاو بکرێنەوە و نمایش بکرێن. لەمەش گرنگتر، بەدەقکردن و بەفیلم و بە بەڵگەکردنی نموونەی ئەو منداڵەی کە لە بیابانی سعودی و بەدوونشینیەکاندا دۆزرایەوە و بوو بەناوێک کە ویژدانی هیچ مرۆڤێکی ڕاستگۆ نییە، پێی نەهەژێ. ئەگەر ئەو کارانە، بە پرۆژەیەکی ڕاستگۆ، کاریان بۆ بکرێ، دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاریگەرییەکی بەرچاو دابنێن. بەڵام لە ئاستی ناوەخۆی کوردیدا، تەنیا ئیرادەیەکی بە کۆمەڵییە کە دەتوانێ مێژووی ئەنفال بکاتە ئەزموونیکی کارا و بە سوود بۆ ئێستا و داهاتووی نەوەکانی کوردستان.


www.pertwk.com

دامەزراندی  ناوەندیکی کولتورری ـ سیاسی ، پشت ئەستوور بە چەنداپسپۆڕ و رۆناکبیری بەڕاستی لە بوارە جیاوازەکاندا ، (کەمن گومانم لە هەبوونی ئەوانە هەیە) ، دەتوانێ پرسی ئەنفال ، لەقەیرانی فەرامۆشکردن و بە بازاڕکردنەوە ، بکات بە سەرچاوەیەکی ماریفی کارا و بەرهەمهێنەر لە یادەوەری کوردیدا. ئێمە دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێتەوە، کە جوولەکەکانی رۆژئاوا، دوای روخانی هیتلەر، بە دروستکردنی رێخراوێکی کولتووری، بەهێزی رۆناکبیر و سیاسییەکانیان، توانییان سەرەتایەکی گرنگ بۆ بەجیهانکردن و سیاسیکردنی مێژووی قڕکردنییان بەدەستی رژێمی هیتلەر، دابهێنین. بەمجۆرە لە روانگەی ئەو زموونانەی جولەکەکانەوە و بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی رژێمی بەعس و پاشخانەکەی، کورد دەتوانێ بە رێگای ئەو ناوەندی چالاکییانەوە، ئەنفال بکات بە پرۆژەیەکی دارێژراوی کولتووری و سیاسی، بەڵام دواجاریش دەبێ ئەو ناوەندە بودجەیەکی تایبەتی لە حوکمەتی کوردیدا ، کە نازانم ئەوەی هەیە حوکمەتە یان "حیزبگەرایی"، بۆ تەرخانبکرێ. لەوەش زیاتر، دەبێ ئەو ناوەندە سەربەخۆبێ و وابەستەی هیچ حیزب و ئیدۆلۆگییەکی دیاریکراو نەبێ، بەڵکو وەک رێکخراوێکی سەربەخۆ و پێکهاتوو لە پسپۆڕی هەمەجۆر، هەڵگری پرۆژەیەکی کولتووری سیاسی کوردی بێت. ئاشکرایە ئەگەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنفال و هەڵەبجە و ئەو مێژووە تراژیدییەی کورد، وەک ئەوەی کەهەر لەدوای نەوەدەکانەوە، بەردەوام بێ، کەهەر کەسە و بەگوێرەی مەبەستێکی خۆی و هەر حیزبە بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی ...هتد، یاری بە چارەنووسی ئەنفال، هەڵەنجە و ناوچە ئەنفالکراوەکان دەکەن، هەر نووسین و چالاکییەک بەمجۆرە کە ئێستا لەئارادا یە، لە دوای بڵاوکردنەوە و ئەنجامدانی پەرت و بڵاو بێ و فەرامۆشی قووتیدا، ئەوە بێزەوەر و بێ مانا دەبێ لەژیانی کوردیدا، بەڵکو

وەک ئەزموونە سیاسییەکانی رابردوومان ، یان فەرامۆش دەکرێ، یانیش دەبێتە گاڵتەجاڕی. لەکۆتاییدا پێویست بڵێم، وەک ئاماژەم پێکرد، کە تەنیا فلیمیکی سینەمایی کە دەرهێنەریکی بەرەگەز ئەرمەنی لەسەر قڕکردنی ئەرمەنەکان دروستکراوە، زیاترین کاریگەری ، لەئاستی جەماوەری رۆژئاوایی دروست کرد، بەڵام ئەمڕۆ یوێرانی ئەو هەموو بازاڕ و هات و هوتەی کە ئەو دوو حوکمەتەی کورد بە ناوی سینەماوە، زڕە سێنتەری سینەماو ئەکتەر و دەرهێنەری فاشلی قووتکردۆتەوە لە دەوری خۆیانەوە، کەچی هەتا ئێستاش، لە ئاستێکی هونەری توکمەدا، دوو فلیمی بەڵگەنامەیی و درامیمان لەسەر کارەساتی ئەنفال و هاووێنەی ئەو کارەساتە نییە، کە بتوانن لە ئاستێکی فراوانی جیهانیدا، وێنای ئەنفال، وەک رووداوێکی تراژیدی کوردی، کاریگەری دروست بکەن. بەهەرحاڵ ، دەکرێ لە ئاستی نووسیندا، پۆلێک پێشنیاز بکەین لەسەر بەزیندوو کردنەوەی ئەنفال لە یادەوەری کوردیدا، بەڵام دواجار، ئەو پێشنیازانەمان، بێ بوونی ئیرادەیەکی سیاسی بەکۆمەڵی کوردی، وەک هەموو پێسنیازەکانی دیکەمان بۆ سەربەخۆی کوردستان (نموونەی ریفراندۆم)، دژی گەندەڵی سزادانی فایلدارەکانی ناو ئەو دوو حیزبە، ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و ..هتد، تەنیا لە ئاستی وشە و وڕێنە، زیاتر مانایەکی تریان نابێ. کەواتە ئەوکاتە کورد دەتوانێ خەمخۆری ئەو یادەوەرییە زامدارەی ئەنفال بێ، کە لە ئاستی پرۆژەیەکی خەملیووی فرە رەهەندەوە کار بۆ واتای ئەنفال بکات.

**پرسیار: ئایا ئەدەبی کوردی بەتەعریفەجیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لە بەردەم بیرنەکردنەوە لە ئەنفال؟**

**هەندرێن:** بەبڕوای من ، کێشەی  ئەدەبی کوردیش ، وەک هەموو کێشەکانی تر ، ئاڵودەی هەمان قەیرانە. سەدان شیعر، چیرۆک و پەخشانی ئەدەبی، لەیادی ئەنفال نووسروان، بەڵام ، رەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ، ئەگەر بڵێین کە زمانی کوردی هەتا ئێستاش چەند دەقی  ئەدەبی قووڵی لە ئاستی ئەنفال نییە. وەک ئەوەی من  هەسدەکەم ، زۆرینەی (تەعریف) جیاوازەکانی ئەدەبی کوردی، رووکەش و حیکایەت ئامێزن، واتا "تەعریف"ەکانی ئەدەبی کوردی  هێندە سەرقاڵن بە گێڕانەوە، سادەکردنەوە و لاواندنەوە، ئەوەندە بە ماریفە کردن و وەرچەرخاندنی دۆزی ئەنفال سەرقاڵ نین. کێشەی ئەو دەقە ئەدەبییانەی کوردی لەسەر کاراستاتی ئەنفال و هاوشێوەکەی ئەوەیە، کە ئەو چەشنە دەقە هەست ئامێز و حەماسییانە ئەوەندەی زەمینە خۆشکەرن بۆ قووڵکردنەوەی بواری هەستەکی کورد، کە خۆی بەو هەستە تەنراوەتەوە، هێندە هاندەرن نین بۆ هزرکردنێکی ئاوەزگەرایانە لەمەڕ رەهەندەکانی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی کارەساتی ئەنفال. بەڵام، پێم وایە، پەرش و بڵاوی ئەو دەقانەی کە لە سەر ئەنفال نووسراون وای کردووە کە خوێنەری کورد و غەیرە کورد، نەتوانن بیاندۆزنەوە . هۆکاری ئەمەش، نەبوونی ناوەندێکی کلتووری و ئەدەبی یە ، کە وایکردووە ئەو دەقە گرنگانە نە ناسرێن. چونکە هەبوونی ناوەندێکی تۆکمەی کلتووریی و رۆشنبیری، بە کۆکردنەوە، راڤە و بە ئەرشیفکردنی ئەو دەقانە، دەتوانێ سەرچاوە و زمانێک لە پێناسەیەکی کوردی بۆ ئەنفال بەرهەمبهێنن. بەڵام ئەدەبی کوردی بەو ئاستەی کە دەیبینین، ناتوانێ بەرهەمهێنەری ئەو پێناسە ئەدەبییە کوردییە بێ کە شایەنی ئەنفال بێ.من پێم وایە ، ئەدەبێکی رووکەش، سەردوولکە ئامێز، دروشم ئامێز و ...هتد ، ئەوەندەی زەمینە بۆ تەمبەڵکردنی یادەوەری مرۆڤی کورد خۆشدەکا، هێندە هانی هزراندنی

ئەنفال و قووڵکردنەوەی یادەوەری کورد نادات. بۆیە بەشی زۆرینەی "تەعریف"ەکانی ئەدەبی کوردی، بەرپرسیارن لە بیرنە کردنەوەی زمانی کوردییدا. بەڵام سەبارەت بە ڕووداوێکی وەک ئەنفال و ئەزموونەکانی تر، ئاخۆ ئێمە چەند دەقی ئەدەبیمان هەیە، کە بۆ زمانەکانی جیهانی وەرگێڕدراون؟ ئەگەر هەبن ئەوە دەقە ئەدەبیانە چەند کاریگەریان لە ئاستی هۆشیارکردنەوەی کۆڕو کۆمەڵە کەلتووری و مرۆڤایەتییەکان هەبووە؟ لێرەدا حەزدەکەم بڵێم، هەرکاتێک کە من هەڵەبجەم بەیاد دێتەوە ، تەنها دەتوانم بە دەقی شیعری (مەهاباد )ی سەلیم بەرەکات ، تاوێک هەست بە تێڕامان بکەم. بۆیە ئەگەر بێت و بەزمانی کوردی، چەند دەقێکی لەو دەقەی ( مەهاباد ) ئاساو قووڵتر لەوەش، بەرهەمبهێرێن، ئەوکات زمانی کوردی دەیتوانی لە ئاستی ئەدەبەکەیدا، پێناسەیەکی سەرنجکێش بە خوێنەری خۆی و ، ئەویتریش بکات. ئەوە مانای ئەوە نییە ئەدەب و شیعر لە توانای ئەوەی نەبێ خەمی قووڵی کارەساتی ئەنفال دەربېڕێ، یان نەتوانێ کاریگەری نەبێ، بەڵکوو مەبەستم ئەوەی کە بە چەپڵە لێدان و مۆدەکردنی ئەو شێوە ئەدەب و شیعرە هەست ئامێزە لەمەڕ گرفتێکی وەک ئەنفال، تەنیا دەبێتە دووپاتەکردنەوە و قەتیسمانی ئەنفال لەو چەشنە زمانە هەستەککیەدا. لەبۆیە من خۆم تائێستاش، لە خۆم ڕانابینم، یان دڵم نایێ، ناوێرم، لە ئاستی ئەدەبیدا، هەست و پەرێشانی خۆم بکەمە نووسین، چونکوو تائێستاش هەستم نەکردووە دەتوانم لە ئاستی ئەنفال بهزرم، یان بپەیڤم، نەک بگێڕمەوە. لێرەوە من پێم وایە ئەرکی ئەدەبی کوردی، گێڕانەوە و پیاهەڵدانی ڕووداوێکی تراژیدی وەک ئەنفال نییە، بەڵکو وەرچەرخاندنەوە و پێبەخشینی ئاسۆگەلێکی فرە ڕەنگە.

کەواتە تا ئەمڕۆش ئەدەبی کوردی نەیتوانیووە ئەو بەرپرسیارەی بەرانبەر ئەنفال ڕاپەڕێنێ. بۆیە ئەگەر ئەمریکا و ئەوروپا، بە گوێرەی بەرژەوەندی و مەرامی سیاسی خۆیان، ڕژێمی سەددامییان گەمارۆ نەدابا، پێم وایە ،(تەعریف)ە ئەدەبی و سیاسییەکانی کورد، بەو ئاستەی کە هەیانە، نەیاندەتوانی لە جولانێکی هەستەکی و بەرتەنگ زیاتر، خودی ئەنفال و شوێنەوارەکان، لەو ئاستەی کە ئێستا هەیە، بەجیهان بناسێنن. بۆ نموونە ، چەند ساڵ لە مەوبەر، ئەوە ژنە دکتۆرێکی ئەمریکی بوو، کە لە فیلمێکی بەڵگەییدا توانی شوێنەواری کیمیایی لە سەر ژن و منداڵانی زیندووی هەڵەبجە، ڕوونبکاتەوە، کە من لە تێڤی سوێدیدا بینینم، کە لە ساڵیادی هەڵەبجەدا نمایشکرا، (هەرچەندە بڕوا ناکەم کە بە هۆی حەزی گۆرانی داواکراو لە تێڤییەکانی ئەو دوو حیزبەدا کورد ئاگای لەو فیلمە گرنگر بێت)، بەمەش ئەو مرۆڤە ئەمریکییە لەو فیلمەدا توانی بەشێک لەناوەندی بەرپرسیارەکانی وەک UN، ئەمریکاو چەندان فابریکی چەکفرۆشی رۆژئاوا، ئاشکرا بک. ئاخۆ کورد چۆن بەسوود وەرگرتن لەو ئەزموونانە دەتوانێ پێناسەیەکی خۆی هەبێ، کە ئەو پرسیارێکە لە ئاستی پیادەکردنیدا ئێمەی دۆشداماو کردووە! چونکە ئێمە ئارەزووەکانمان هەمیشە لە ئاستی مەنەلۆگدا بەدەرچووە و دەچێ، هەمیشە لەئاستی بە «کردە» کردنی ئەو ئارەزوو و ئیرادانە، هەرەسمان هێناوە.

**پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی ڕۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بەهێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارەو چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پێشاندانی؟**

**هەندرێن:** وەک ئاکامگیرییەک لەو روانگانەی کە بۆ تێگەیشین لە ئەنفال نمایشمان کردن، گرنگ ئەوەیە کە کورد دەبێ لەهزرکردنی بۆ ئەنفال، لەروانگەی پاشنخانێکی ئایینی و رەگەزییەوە بڕوانێ؛ واتا کورد دەبێ لە پاشنخانی مێژوویی خودی خوی و بەرامبەرەکەی، کە عارەبە، ئەنفال بخوێنێتەوە ـ بەمەش تاکوو باشتر لە ئێستای خۆی و بەرامبەرەکەی «ئەنفالکەر» تێبگات. وێڕایی ئەمەش نابێ ناوکۆیی جیهانی لە یاد بکەین؛ واتا ئەو سیاسەتە جیهانیی و بازاڕی سەرمایەدارییەی، کە هاندەر بوون بۆ ئاسانکردنی ئەنفالکردنی کورد . ئێمە لەبەردەم مێژوویەکی تراژیدی وەستاوین کە هەمیشە کاریگەری خۆی لەسەر ژیانی کورد دەمێنێتەوە، بەڵام چۆن سوود لە ئەزموونی مێژووی خۆمارە وەربگرین؟ نیشتە لە کتێبی "لەمەڕ سوود وزیانەکانی مێژوو" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ ، وەک شتێکی بەڵگە نەویست، پێویستی بە مێژویەکی زیندوو هەیە کە پشتی پێ ببەستێ. بۆیە مرۆڤ یان «مرۆڤی خاوەن ویست»، بە گیانێکی خەملێو لە هەوڵی ئەوەدایە، کە ئەو مێژووە زیندووە داگیر بکات. هەڵبەتە ئەو مێژووەی کە نیتشە باسی دەکات لەیەک کاتدا هەم هەڵگری ئەزموونێکی نموونەیی و ، هەمیش سەرچاوەیەکی سوود بەخشتە. لەم روانگەیەوە ئەگەر کورد هەرتەنیا بە هەستێکی رووت و قووت، ئاوێزانی ئەو مێژووە تراژیدیانەی ئەنفال بێ، ناتوانێ هیچ ئەزموونێکی سوود بەخش لەو مێژووە وەربگرێ. بۆیە، بەواتای نیشتەییانە، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی مێژووی رابردوومان، ئەوکاتە بەهادار دەبێ کە ئاسۆیەکی تازە بۆ ئەمڕۆ و ئاییندە ئاوەڵا دەکاتەوە. کەواتە کورد دەبێ رێگە لەو شێوازەی یادکردنەوەی ئەنفال بگرێ، کە ئەمڕۆ حیزبەکان دروستیان کردووە .

ئەم جۆرە یادکردنەوە و وێناکردنە لە ئەنفال، رەنگە ئاکامێکی بەرهەمهێنانی روحی تۆڵە کردنەوە بێت لە ئاستێکی نەخۆشدا. بەمجۆرە دەبێ کورد بە روحێکی حیکمەت ئامێز بیر لە ئەنفال بکاتەوە، نەک بە روحێکی رق ئامێز. بەواتایەکی تر، ئێمە دەبێ فێربین کە چۆن لە ئەنفال بروانین و چۆنیش سوودی لێوەرگرین. لەو دیدەڕا، ئەوکاتەی کە کورد توانی هاوچەرخانە سوود لە مێژووی ئەنفال و کارەساتەکانی مێژووی خۆی وەربگرێ، دەشتوانێ خاوەن ئیرادەی بەرجەستەکردنەوەی ئاییندەی خۆی بێت، بەڵام بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لەو ترسەی کورد بوون دەربازبێت، دەبێ پەنا بۆ هزراندنە فرە رەهەندەکانی ئەو قەدەرە مێژوویی و کارەساتەکانی لە جۆری ئەنفال ببات. ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێ رێگاکانی بەرەو ئایندە و مانەوە یان لێبووردن بدۆزێتەوە.

لێرەوە رەنگە تێزی کۆمەڵناسێکی وەک زیگمۆند باومانی پۆڵۆنی و بە ڕەچەڵەک جوولەکە، بۆ ئێمەش مایەی تێڕامان بێ. باومان لەکتێبی «مۆدێرنێتی و هۆلۆکست» دا کە ساڵی 1989 چاپکراوە پێی وایە کە کۆمەڵکوژی خەڵک و گەلان لە کۆمەڵهایە نوێباوەکاندا دیاردەیەکی گەردوونییە. لەو گەردوونەدا ئەوەی کە بەر پرسیارە لەو کۆمەڵکوژییە، خودی کەسەکان نین، بەڵکو ئەوە ستروکترورێکی میکانیکی و کاریگەرییەکانیەتی کە لەو کۆمەڵکوژییە بەرپرسیارن. لەو روانگەیەوە، بۆ ئەوەی کورد  داوێنگیری ترس و لەرزێکی کوشندە نەبێ لەسەر کورد بوونی خۆی

هاوکاتیش بەرهەڵدراو بهزرێ لەسەر ئەنفال، دەکرێ هۆکاری ئەنفالکردنی لەلایەن رژێمێکی دڕندەی عەرەب، وەک کردەیەکی جیهانی سەیربکات. واتا ئەوە ستروکتورێکی میکانیکی گەردوونیی باڵادەستە، کە روحی

سادیستی رژێمی سەدامی هاند، کورد ئەنفال بکا. کەواتە بێ بوونی ئەو چەکە میکانیکییە بکوژەی، کە ستروکتورێکی میکانیکی گەردوونی بەرهەمدێنێ، سەددام نەیدەتوانی ئەو خولیایە نەخۆشەی لە ئەنفالکردنی کورد بەرجەستەبکاتەوە. بەڵام ئێمە دەبێ ئەوەمان لەیاد بێ، وەک چۆن زیگمۆن باومان پێی وای کولتووری راسیزمی لە کولتووری ئەڵمانیدا ریشاژۆیە، بەهەمان شێوەش، کولتووری «ئەنفال»، لە کولتووری مێژوو عارەبی ئیسلامی و رژێمی بەعسیدا ریشاژۆیە.

هاوکاتیش، ئەوە ئەخلاقێکی جڤاکی دانپێنێزاو بوو لە کۆمەڵگای عارەبی ــ ئیسلامی دا، کە رێگەی خۆشکرد بۆ کۆی ئەو تاکە کەسانەی کە هەڵگری بونیاتی پیاوکوژین، دەسەڵات بگرنە دەست. واتا کۆمەڵکوژی کورد بە ناوی «ئەنفال» پشت ئەستوور بوو بە ئەخلاق و سەرچاوەیەکی روحی و ئیدۆلۆگی عارەب. هەر ئەو ئەخلاقە جڤاکییە فراوانەشە کە لە جیهانی ئیسلامیدا هەمیشە رێگەی بۆ دەسەڵات و مرۆڤ کوژ خۆشکردووە.

کەواتە، دیکتاتۆرەکانی جیهانی ئیسلام و خودی سەددام، نوینەری ئەو پەیامە بکوژانەی مێژووی خۆیانن. ئەو زەمینەی کە رێگە خۆشکەرە بۆ بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرو پیاکوژ، قەیرانی پێکهاتەی خێڵەکی «بەدو» و نووشستی بزاڤی رۆشنگەرییە لە کۆمەڵگای عارەبیدا، کە وایانکردووە ئاگایەکی فرەوانیان لەسەر یەکسانی، ئازادی، ئاشتی و ...هتد، دروست نەبێ. بە واتایەکی تر ، کۆمەڵگای عارەبی ــ ئیسلامی نەیتوانیووە پرینسیپەکانی وەک مافی مرۆڤ ، جیاوازی فرە نەتەوەی ئاشتی و هتد...، هەرسبکات. بۆیە لە کۆتاییدا لەم رۆژگاری تەقلەقەدا، ئەگەر کورد نەتوانێ خاوەن ئەو ویستە بێ، کە بەسەرفرازبوون لە نەتەوەی بالادەست و ئەنفالکار، کولتوورێکی بەخشندە و داهێنەر

بەرهەمبهێنیت، کە بتوانێ هاوچەرخانە لێبووردەیی بکاتە ژیان، ئەوکات وەک جۆرە دڵدانەوەیەکی خۆی، بەواتای نیشتەیی، بۆ ئەوەی بژی، دەبێ ئەوە فەرامۆشبکا کە «ژیان و ستەمگەریی یەکگرتوون ».

04_12 _ 2006

ستۆکهۆلم

(*) ئەم وتارە لە وەڵامی پرسیارەکانی حەمە کاکە رەش نووسراوە، کە ئەو بۆ پرۆژەی کتێبێک ئامادەی کردوون.



د. ئەحمەدی مەلا

ئێمە بەپلەی یەکەم بەرپرسیارین، چونکە کێشەکە هی خۆمانە، بەڵام کۆ- هۆشیاریمان زۆر لاوازە. نەک تەنها لەمەڕ ئەنفالەوە، بەڵکو بۆ سەرتاپای شتەکان. ئێمە وەکو میللەت زۆر شانازی بە رابردووە دەکەین.

ئەحمەدی مەلا

**پرسیار: ئەگەر بهاتایەئەنفال لەوڵاتێکی ئیسلامیدا ڕوووینەدایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت هەم لەلایان وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتەهەموو وڵاتەئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش.**

**ئەحمەدی مەلا:** ئەمە هەڵبەتە یەکێکە لە هۆکارەکان، بەڵام هۆکاری دی زۆرن. یەکەم بەرای من پەیوەندی بۆ بە بێبەهایی ئینسان دەگەڕێتەوە لەپانتایی جیهانی ئیسلام خۆی کە وڵاتەکەی ئێمەش یەکێکە لەو وڵاتانە. ڕاستە زاراوەی ئەنفال لەنێو مەرجەعەییەتی ئیسلامییەوە سەریهەڵداوە، بەڵام لەکات و شوێنیکی دی بەکارهێنرا. واتە لەسیاقێکی دێماگۆگی دا بەکارهێنرا. وەکو ئەوەی زاراوەی شەڕی خاچپەرستان لە لایەن هەندێ گرووپی سەلەفی و توندڕەوەو بگرە لە هەندێ حاڵەت بەشێوەیەکی فراوان لە لایەن دامودەستە موعتەدیلە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیش بەکاردەهێنرێت. ئەم لاترازانە مەنهەجییە گەلێ کێشەی بۆ ناوینەتەوەو تەنها ئامادەگیبوونی خۆی لەوە ساغ دەکاتەوە کەحەشدی هێزە کۆنخواز و دەمارگرژەکانی دونیای ئێمە بهێنێتە جۆش بەبێ ئەوەی خاوەن پرۆگرامێکی تێروتەسەل بێت کەبتوانێ کێشە لە بنەهاتووەکانی ئێمەچارەسەر بکات. بەکەرەسەی کۆن بەرنگاری دونیای نوێ دەبێتەوە. ئەمە گەورەترین شکستە. ئێمە بەکەرەسەی کۆن دەمانەوێ کێشە هاوچەرخەکانی خۆمان چارەسەر بکەین.

ئەنفال لەبوحرانێکی هەمەلایەنییەوە ڕووی دا. لەشکستیی هاوکێشە دژوارەکاندا وەکو بۆمبێکی تەوقیتکراو بەرووما نا تەقییەوە. ئەمە لەحاڵەتێک دا کەهێزە کوردییەکان خۆیان لە ناو دژوارە ناوەکییەکانی خۆیاندا دەژیان.
بێگومان وڵاتە دراوسێکان، تەنها ئێرانی لێ بترازێ کە وەکو پرۆپاگەندەیەکی بەرنامەرێژکراو بۆبەرژەوەندی خۆی بەکاریهێنا، ئەگینا وڵاتەکانی دی بەهیچ شێوەیەک نەویستیان و نەدەشیانەوێ ئەم کێشەیەو نەکێشەی دیش کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، باسی لێوەبکەن. بەرای من دەبێ ئێمە گەلێ فراوانتر بڕوانینە سەرتاپای کێشەکان. بەو واتایەی کە تەنها نابێت لە دیدەیەکی سیاسییەوە بڕوانینەکێشەی کوردی، بەڵکو دەبێ هەموو ڕەهەندەکانی دیاری بکەین و بنەماکانی شیتەڵکەین و لە دیدی سوسیۆلۆژی و سایکلۆژی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە سەیری کێشەکانی خۆمان بکەین. بەشێوەیەکی دی، ئێمە دەبێ تێکهەڵکێشی کێشەکانی شارستانییەتی خۆمان بین و لەوێوە ڕەخنەکان ئامادەبکەین. ڕەنگبێ حالەتی کوردی تەقینەوەی بوحرانەکانی ئەو ناوچە پانوپۆڕەبێت کەپێی دەوترێت ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.

ئەنفال تیرۆرێکی دەوڵەتیی بەرنامەرێژ بوو، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا؟ دەسەڵات کاتێ دەگاتە بنبەست، بەتایبەتی کاتێک سەر بەبنەمایەکی کۆنخواز و تاریکئامێز بێت، ئامادە نییە

ئەنفال بکاتە میتۆدی خۆی؟ ئایا ئێمە لە نێو خۆمان دا، لە ژێر ناوی دیکە کاری وامان نەکردووە کەتەنها لەبەرژەوەندی حیزب و دەسەلاّتی گرووپ دا کۆتایی هاتبێت؟ مەبەستم ئەوەیە ئێمەش لەنێو خۆ، چەکمان کردە زمانحالّ و شەڕی نێوخۆ ڕووی دا. ئایا مێژووی شەڕە ناوخۆیەکان تەنها پەیوەندی بەیەکێتی و پارتییەوە هەیە؟ هێشتا بەتەواوی ئەم بابەتەمان بەتەواوی باس نەکردووە. زۆرجار لەبەر ئەوەی برینەکانمان نەکوولێتەوە بەباشمان زانیوە ئەو لاپەڕانە هەلّنەدەینەوە. ئەم دیاردەیە تەواو بەپێچەوانەی وڵاتێکی وەکو فەرەنسایە کە لەدوای شەڕی جیهانی دووەمەوە هەمیشە باس لەسەردەمی ڤیشی دەکرێت و ئەو قۆناغە تاوتوێ دەکرێت و لەو بارەیە لێکۆڵینەوەو پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی و رادیۆیی و لەسەر رووپەلی رۆژنامەکانیش هەمیشەباسی لێوەدەکرێت، مێژوو تەنها بەم شێوەیە دروست دەبێت، ئەگینا خۆ هەلّخەلّەتاندن دەمێنێتەوە.

من کاتێک دەلّێم رۆژهەلاّتی ئیسلامیبەهیچ شێوەیەک مەبەستم لەجیهانێک نییەکە هاوئاواز و یەکگرتوو بێت. کاتێ دەلّێن رۆژئاوا، یا دەلّێین ئەورووپای یەکگرتوو، سەرەرای کێشەکانیان، ئێمەباس لە ئابوورییەکی یەکگرتوو دەکەین، باس لەکۆمەلّێ بنەما دەکەین کەهاوئاوازی دەبەخشێتە ئەم زاراوەیە، بەلاّم جیهانی ئیسلامی و تا جیهانی عەرەبیش، تەنها کلێشەن و هەروەکو تایەر بین جەلوون لەشوێنێک ئاماژەی بۆ دەکات و دەلّێت جیهانی عەرەبی زیاتر تەعبیر لە هیوای رۆشنبیرە عەرەبییەکان دەکات وەک واقیعێکی ماددی. بێگومان ئەمە بۆ

جیهانی ئیسلامیش راستە. ئەوەی زیاتر ئەم دوو جیهانەپێکرا گرێ دەدات، بنەمای عەقڵییەتەکانە.

ئەو دەزگا و رێکخراوانەشی کە دەبنە زمانحاڵی ئەو دوو کوتلەیە تەنها هەر ناون و هیچی دی. بۆیە شتێکی سەرنجراکێش نییە وڵاتانی ئیسلام بەپیری کێشەیەکی واوە نەین، هەندەی ئەوان بەشێواندنی سەمبۆلێک سەرگەرم دەبن، هەندە کێشەی قڕکردن و جینوساید سەرگەرمیان ناکات. ئەمەش یەکێکە لە ئینحیتاتەکانی دونیای ئێمەیە : هەندەی سەمبۆل دەمانژێنێ هەندە لە بۆ ئینسانەکان ناژین. وڵاتێکی وەکو عەرەبی سعوودی ئامادەیە باڵێۆزی وڵاتێکی بن دونیا بانگهێش بکات، چونکە لە وڵاتەکەیان رەخنە یا توانجیان لەیەکێ لەرەمزەکانی ئیسلام گرتووە، بەڵام هەمان وڵات ئامادەنییە فریای دەیان موسڵمان بکەوێت، کاتێک لەنێوان تورکیا و یۆنان پاپۆڕەکەیان غەرق دەبێت. یا لەوڵاتێکی وەکو پاکستان، ملێونان موسڵمان دەرژێنە سەر جادە ئەگەر ببیستن فلیمێک بەجۆرێ باسی ئیسلامی کردوو بەڵام هەزاران موسڵمان لە ئۆردوگاکان ژیان دەبەنە سەر کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە. یا لای خۆمان، سەدان بەڵکو هەزاران ئاوارەی شاری کەرکووک لە ئوردۆگاکان ژیانێکی پڕ مەینەتیان دەبردە سەر ، کەس نەبوو بەتەواوی بچێ بەپیریانەوە، ئەمە لە حاڵەتێک دا، فیکرەی کوردایەتی و فیکرەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرنامەی حیزبەکانی لای خۆمانن. یا سەدان هەزار فەلەستینی لەئۆردوگاکانی لوبنان و شوێنانی دیکە، کەس هەوڵ نادات وەزعیان چاک کات، چونکە وا دەزانرێت بەو

شێوەیە مافی گەڕانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە ، یا زەربەیەک لەکێشەی فەلەستینی دەدرێت. لەم چەند نموونەیە کەدوانیان سەر بەفیکرەی ئاینین و دوانەکەی دیش سەر بەفیکرەی نەتەوین، هەست دەکەین بەیەک شێوە مامەڵەی لەگەڵ ئینسان دا دەکرێت. واتە فیکرە لە ئینسان گرینگترە، یا ئیدیال لە سەرووی ئینسانییەوە. ئەمە لەحاڵەتێک دا کە فیکرە، ئایدیۆلۆژیا، ئاین دەبێ لەخزمەتی ئینسانەکان دا بێت. ئەمە گەورەترین شکستی دونیای ئێمەیە.

سەیر دەکەین لە وڵاتانی ئەورووپا، لەئەمەریکا، کاتێک ئینسانێکیان تووشی نەهامەتی دێت، لەشکرێکی بۆ تەیار دەدەن تا فریای بکەون و رزگاری بکەن. ملێونان ئینسانی رۆژهەڵاتی لە ئەورووپا یا لە ئەمەریکا کاتێ تووشی کارەساتێک دێن، کەس خۆی ناکاتە خاوەنیان. ئەمەبێ بەهایی ئینسان روون دەکاتەوە.

**پرسیار: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە دەگوازێتەوە بۆ هۆشیارییەکی کلتوری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسەنییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بەدەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییەچەند پەیوەندی بەکورد خۆیەوە هەیە، هەم لە ئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لەئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

**ئەحمەدی مەلا:** ئێمە بەپلەی یەکەم بەرپرسیارین، چونکە کێشەکە هی خۆمانە، بەڵام کۆ- هۆشیاریمان زۆر لاوازە. نەک تەنها لەمەڕ ئەنفالەوە، بەڵکو بۆ سەرتاپای شتەکان. ئێمە وەکو میللەت زۆر شانازی بەرابردووەو دەکەین و لە زۆرباریش دا تەنها ئاوڕ لەرابردوو دەدینەوە. بەڵام ئەم ئاوڕدانەوە نوستالژیانە بەرهەمهێنەر نییە. ئێمە میللەتێکین کۆ-زاکیرەمان زۆر کزەو کەم کارمان لەسەری کردووە. بەشێوەیەکی بابەتی هێشتا مێژووی ئەم سی چل ساڵەمان نەنووسیوەتەوە. هەندە پاپەندی سیاسەتی حیزبی و تەکەتول و خزمایەتی و خێڵایەتین، هەندە هەوڵی ئەوەمان نەداوە شتێکی نەتەوەیی وا بهێنینە ئاراوە کە لەسەرووی ئەم ئیعتیباراتانەوە میکانیزمی خۆی دروست بکات. هەموو باسی نەتەوەدەکەن، بەڵام کەمیان بەتەواوی بۆ نەتەوە ئیش دەکەن. بەدێماگۆژی بەکاریدەهێنن. زۆر جار نەتەوە لەچەند گۆرانی و هەڵپەرکێیەکی فۆلکلۆری پێکدێت لەتەلەڤزیۆنەفەزائییەکان پێمانی دەفرۆشن. ئەمەحالەتێکی زۆر نزمی فیکری نەتەوایەتییە.

بەسەرکردنەوی ساڵانەی بۆنەو ساڵیادەکان زۆر جار هەندە رەسمییانە بەڕێوەدەچن کە هیچ رۆحێکی تێدانامێنێ. ئێمەتەنها کاتێک تەجاوزی ئەنفالەکان دەکەین کاتێک کە رێزمان بۆ تاکی کوردی دەبێت و یاسا بەرقەرار دەبێت و خزمەتی گەلەکەمان دەکەینە تاقە ئامانج. تا ئەمە نەکرێ، ئێمە بڕوا ناکەین ئەم خیتابە دووبارەو سواوانە هیچ سودێکیان هەبێت.دیموکراسی تەنها لەسنووقێک پێکنایەت کە ماوە نا ماوە بە پارچە کاغەزێک

پڕ کرێتەوەو پرۆپاگەندەی بۆ بکرێت! دیموکراسییەت گەورەترین مەترسییە بۆ سەر دەسەڵاتەکانی لای ئێمە. بۆیە هەمیشە پاشەقوول دەدۆزینەوە. دیموکراسییەت سەرەرای ئەوەی تەداولی دەسەڵاتە بەشێوەیەکی ئاشتیانە، لەپرۆگرامی ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی هتد پێکدێت.

لە جیهانی ئێمەدا هێشتا بیریی رەخنە ئامێز نە بۆتە بەشێک لەکارەکتەر و کەسایەتیمان. گرینگیی سەدەی هەژدەمی فەرەنسا لەرووی فەلسەفەوە بەرهێنانی ئەم چەمکە بوو کە ئێستا بەشێکە لەکەسایەتی فەرەنسی، با ناوی دیدرۆ و ڤۆلتێر و هیترانی نەبیستبێت، سەیر دەکەین ئەم حاڵەتە لای ئیسپانییەکان رووی نەداوە، رەنگبێ پەیوەندی بەفرانکیسمەوە هەبێت کەچل ساڵ رژێمێکی تۆتالیتاری لەسەر حوکم بوو، رەنگیشە بۆ دوورتر پەل بهاوێژێت. لای ئێمەتەنها چەمکەکانی ستایشکردن و زەمکردن لەنێو عەقڵییەتمان جێی بۆتەوە. ئێمە تەنها لەبواری سیاسەت نا، بەڵکو لەبواری رۆشنبیریی و بوارەکانی دیش. بۆیەئێمە دەبێ هەوڵ بدەین کار لەسەر عەقڵییەت و رەفتار و هەڵسکەوت و کەسایەتیمان بکەین، چونکە ئەنفال تەنها ناو نییە، بەڵکو مومارەسەیە. ئەوەی لەشەستوسێ رووی دا، هەمان شت بوو. حەڵاڵکردنی خوێن و سامانی کورد بوو. باشە لەو دەمەوە تا زەمانی ئەنفال، ئێمە چ لکۆڵینەوەیەکەمان سەبارەت بەرووداوەکانی ساڵانی شەست کرد؟ مێژوو هەمیشە ئامادەیە خۆی دووبارەبکاتەوە، کاتێ دەرزی تەواوی لێ وەرنەگیرێت. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کەکارەسەتەکانی هۆلۆکۆست

سەبارەت بە جوولەکەکانی ئەوروپا، ئیمڕۆ بەتێروتەسەلییەوە ئیشی لەسەر دەکەن و دەیکەنە مێژوویەکی زیندوو و چالاک، لەپێناوی ئەوەی هەمان مەرگەسات دووبارە نەبێتەوە. ئەوەی ئێستاش کەدەسەڵاتی کورد ئیشی لەسەر دەکات نابنە گەرەنتی بۆ ئەوەی قەیرانەکانی نەتەقنەوە. چونکە هەندەی دەسەڵات هەوڵی ئەوە دەدات رابردوو بکاتە ڕەمز یا رەمزاندی رابردوو هەوڵی ئەوە نادات کە ئەو رەمزانە بەرەو دونیای ئایندە وەرچەرخێنێ. چونکەکاتێک کەرەمز تووشی پڕبوون و ساتوورە بوون دێت، دەبێتەقەیران و دەتەقێتەوە.

**پرسیار: ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین، بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژوویی لە یادوەری ئینسانی کوردا بەچەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردنبێت لەسەری لەلایەن ئەو نەوانەی کە لە دواڕۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟**

**ئەحمەدی مەلا:** ئەوەی کە گرینگە جگە لە هۆکارە راستەقینەکانی بەرپابوونی کارەساتێکی لەم چەشنە، کار لەسەر زاکیرەبکەین. نەک تەنها سەبارەت بەئەنفال بەڵکو بۆ هەموو مێژوومان. لە زۆرباردا هەندێ جار من هەست دەکەم ئێمە میلەتێکی بێ مێژووین. لە زۆر رووەوە راستە. زۆرجار کتێبی مێژوو نوسانی کوردزمان دەگرینە دەستەوە هەست دەکەین حیکایەتمان بۆ دەگێڕنەوە. مێژوو زانستەو حیکایەتی فیکسیۆنە. نامەوێ لێرە

ناوی کەس بێنم چونکە ئەوانەی خۆیان بەمێژووەوە خەریک کردووە کەمن، لەنێو ئەم کەمییەش، مێژوو وەکو زانست ئیشی بۆ نەکراوە. ئەمە هەڵبەتە بۆ مێژوو ئەدەب و زمان و فەرهەنگ هتد ڕاستە.

میللەتی بێ مێژوو واتە میللەتی بێ ئێستا و بێ ئایندە. ڕەنگە کەمێ زیادڕەوی تیا بێت، بەڵام زۆر لەحەقیقەتەوە راستە. لەم پەنجا سەد ساڵەی دوای زۆر کارەساتمان بەسەرا هات. کەم کەس بابەتیانە باسی لەمەڕ مێژوو کردووە. دەبێ بوار بدەینە مێژوونووسان و ئەکادیمیەکان کەبەم کارەهەڵسن. نەبێتە کاری حیزبایەتی. زۆر جار کتێبێکی مێژوو دەخوێنیتەوە، یا مێژووی حیزبە یا باس لەجوامێریی ئەمەو ئەو دەکات، بەبێ ئەوەی بخرێتە سیاقە گشتییەکەیەوەو شتەکان بابەتییانە باس کرێن. ئەمە دۆگما دروست دەکات. ئێمە دەبێ زۆر دەرز لەحوکمی سەدام فێر بین. تەنها لەدیدەنیگای کوردییەوە سەیری ڕژێمەکەی نەکەین، نەیکەینە دەعبا. بەڵکو ئەکادیمییانەو زانستییانە ئیشی لەسەر بکەین، چونکەسەدام بەتەنها بەرهەمهێنەری ئەنفال نییە، سەدام دیکتاتۆر بوو بەڵام بەتەنها ئیشی نەدەکرد.

لەدەوری ئەو کەسە، دامودەزگاکانی ڕۆشنبیریی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، هونەری، ئەدەبی هتد، ئەمە لە پاڵ دامودەزگا پۆلیسسیەکان. ئەوەی دەبێ بوترێت، تا عەیامێکی زۆری تر، دەبێ هەموو کارێک بکرێت بۆ ئەوەی دیاردەکانی ئەنفال جارێکی دی دووبارەنەبنەوە.

زۆرجار حیزب لەتوانای دا نییەهەموو شتەکان وەکو خۆی بگێڕیتەوە، شتەکان ڕووت کاتەوەو بەچاوێکی ڕەخنەئامێزەوە

سەیری دونیای دەرەوەو واقیع بکات، چونکە خۆشی رووت دەبێتەوە. ئەو، دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، هەندە باسی نەتەوە دەکات کە زەربە بەر خۆی نەکەوێت، هەندە باس لە ئەنفال دەکات کە لێشاوەکە خۆی نەبات. دەسەڵات هەمیشەخەریکی رەمز دروستکردنە، چونکە وا هەست دەکات رەمز دەبێتە شوورا بۆی، بەڵام ئەمە لە رووی فەلسەفییەوە راست نییە، چونکە کاتێک رەمز کەڵەکە دەبەستێت و تووشی لێواولێوی دێت، دەبێتە فاکتەرێکی رووخێنەر.

بۆ ئەوەی ئەنفال لە مێژووی ئێمەدا ببێتە خاوەن دەلالاتی زیندوو و لەخزمەتی ئێستا و ئایندەمان بێت، پێویستە بابەتییانە مێژوومان بخوێنینەوە. ئەمە بۆ چەمکی شەهید و قوربانی و پێشمەرگەو هتد راستە. دەبێت ئەم مەفهوومانە لەرەمزاندن رزگار بکەین و بیانکەینە چەمکی بەرهەمێناندنی ئایندە.

پرسیار: ئایا ئەدەبی کوردی بەتەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لە بەردەم بیرنەکردنەوە لە ئەنفال؟

ئەحمەدی مەلا: ئەنفال پێش هەموو شتێک کارەساتێکی ئینسانی گەورەیە. ئیسانی لە مەفهوومە هەرەتایبەتییەکانی. ئەدەب رەنگدانەوەی واقیعە لەمانا هەرەگشتییەکانییەوە. کارەسات واقیعە. واقیعیکی تاڵ و تراژیدی. ئەدەب خەیاڵکردنەوەی ئەو واقیعەیەو دامەزراندنەوەو رێکخستنەوەیەتی لەرێگای زمان و وێنەو دەستەواژەو ئیستیعارەو هتد. ئەم دوو چەمکە نابێ

تێکەڵ کەین. یەکەمیان لێپرسراوییەو دووەمیان گەمەیە. ( نابێ لێرە بەچاوێکی سووکەوە سەیری گەمە بکەین).

بەلای منەوە ئاستی یەکەم زۆر گرینگە. دووەمیان گرینگییەکەی لە ئاستی تاکە کەس دایە.
ئێمەتا ئێستا رۆمان و شانۆمان لەمەڕ کارەساتە تراژیدییەکانمانەوە نەنووسیوە. چیمان لەسەر ئاشبەتاڵەکەی حەفتاوپێن نووسی، کێ چی لەسەر گەڕاوەکان نووسی کە رەوانەی باشوور دەکران. ئەی بۆ شەڕ و شۆڕەکانی دی؟ شۆرشەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمی ئەدەبی ئێمەیا زیندووکردنەوەی فۆلکلۆر بووە یا چیرۆکی دڵەراوکێی هەرزەکارێک بوو بەدەست موخابەرات و ئەمنەوە.
بۆ ئەنفال چەند شیعرێک نووسران و یەک دوو شانۆ و چەند لێکۆڵینەوەیەک و مۆزەخانەیەک و چەند شتێکی دیکە. بەڵام نەبووە هاندەر بۆ دۆزینەوە شیکلێکی نۆیی نووسین. رێبازێکی نۆێی تەعبیری پێ نەبوو. واتە بەرهەمی ئەدەبی نەیتوانی کارەساتە تێپەڕێنی و رووناکی ببەخشێتە ئایندە. لەکۆتایی دا ئێمەهەمووومان لەیەک گۆماو دەژین.

**پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسەشاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیەبەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکەخاوەنی هێزیکی رۆشنبیری وایەکەبتوانێت لەبری تۆڵەخۆی بکات بەهێزێک کەهەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزەچەند دەستەڵاتی کوردی**

**لیی بەرپرسیارەو و چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لەپیشاندانی؟**

**ئەحمەدی مەلا:** لەراستی دا من دەتوانم کێشەکانی خۆمان لەژێر"گرفتەکانی بەکوردبوون" بخوێنمەوە. ئەمە جگە لەوەی کێشەیەکی سیاسییە، کێشەیەکی کۆمەلایەتی و سایکلۆژییەو لەدوا پێناسەدا بەگرێی نێوزەد دەکەم. ئینسانی کورد لەنێو رەحمی ترسەوە لە دایک دەبێت و لە نێو کۆمەڵی دڵەراوکێ دا دەژێت. یەکێ لەهۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شناسنامەیەکی راستەقینە، بەلام بەتەواوی لەو کوردستانەی کە بەئازاد ناودەبرێت، کاری تەواو لەسەر ئەم حالەتە نەکراوە. ترس لە باوک، ترس لەخۆ گەورەتر، ترس لەقوتابخانە ترس لەحیزب، ترس لەبەرگی خاکی، ترس،،ترس. ئینسانی لای ئێمە لە منداڵدانی ترسەوە بەردەبێتەوە.
کاتێک دێینە ولاتانی وەکو ئەورووپا ئینجا دێینەوە ئاگا کە ئینسانی دیکە لە سەر رووی زەمین دا دەژێت، ئینجا دەزانیی راستگۆیی و نەترسان و لێپرسراویی و ئیشکردن و هەوڵدان هتد چییە.

بۆیە بەرای من، یەکێک لە فاکتەرە هەرە سەرکییەکانی مێژووی سیاسەت لەجیهانی ئێمە، فاکتەری ترسە. ئەم فاکتەرە زۆر بە وریایی و شارەزایی و لیزانییەوە دەسەلات ئیشی لەسەر دەکات. ئاین و سیاسەت، وەکو تەواوکەری یەکتری ئیش لەسەر ترس دەکەن. یەک ئەویتر ئاو دەدات.


www.pertwk.com

ئەم ترسە ئینسانی کورد تووشی ئیفلیجبوون دەکات و نابێتە مایەی هیچ بەرهەمێکی بەپێز، بەپێچەوانەوە بەرهەمێکی ئیفلیجی لێوە دێتەوە بەرهەم. سەرەتا دەبێ، ئینسانی کورد لەدەسەڵاتی ناوخۆی خۆی نەترسێت. بەڵکو فێری لێپرسراوی و ئەرک و ماف بکرێت. واتە ببێتە خاوەن بوونێکێ یاسایی و ئاسایی، ئەمە لەپاڵ کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆی. ئەمەش، بەڵکو ئا ئەمەیە کەدەسەڵاتی کوردی گەرەکی نییە. چونکە دروستکردنی ئینسانی هۆشیار لەکۆتایی دا لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی نایەت.

تا رۆشنبیرانی لای ئێمەش هەمیشە لەپاڵ دەسەڵات دا ژیاون. لەسێبەری ئەو دا گەورەدەبن، ئەگەر لە سەرەتاش بەگەرم و گوڕییەوە رەخنە دەگرن بەڵام لەدوا قۆناغ دا لە باوەشی ئەودا لێی دەکەون. ئەمەحاڵەتێکی کوشندەیە. ئەو مووچەی دەداتێ و بارەگای بۆ دروست دەکات و تەمویلی گۆڤار و پەرتووک و رۆژنامەکانیی دەکات. ئەگەر جاران نەیدەتوانی لە رۆژنامە رەسمییەکانی رژێمی پێشوو بەئاسانی بابەت بڵاوبکەنەوە، بەڵام ئێستا بەئاسانی شتەکان بڵاودەکرێنەوە. بەڵام کێشەکان لێرەوەسەرهەڵنادەن.

چونکە حکومەت، یا راستر حیزب وامان تێدەگەیەنێ کەئەو نیمچە ئازادییەی کە هەیە ئەو بەدەستی هێناوە بەڵکو ئەو خاوەنێتی و ئەویش ئێستا ئەو ئازادییە بەگەل دەبەخشێت.

بۆیه هێشتا نەمانتوانییوه رۆشنبیرییەکی ئازاد دروست بکەین، چونکه رۆشنبیر نەیتوانییەوه بەنووسین بژێت، کەواته یا له دەزگایەکی دەوڵەتی ئیش دەکات، یا ئیشێکی دووەم دەکات و زەربه له بەرهەمی نووسینی دەدات. حالەتی یەکەم ناتوانی بەرهەمی ساغڵەم  دروست بکات و دووەمیشیان دەبێته هاوی و وزەراستەقینەکەی له ئیشی دووەم دا سەرف دەکات.

بەرای من کاتێک له هەموو هۆکاره راستەقینەکانی سەرهەڵدانی بەعسمان کۆڵییەوه ئەو کات دەتوانین بڵێن تەجاوزی خۆمانمان کردووە، چونکه بەعس زاهیرەیەکه تا ماوەیەکی زۆر تیامانا دەژێت. دەبێ ئەوەش بڵێن که دیاردەی بەعس  دیاردەیەکی عەرەبی نییه، دیاردەیەکی زۆر گشتییه، دەکرێ گەراکانی زوو پێبگەن و کرسیتالەبین و ببنەوه بەفاکتەری روخێنەر. چونکه زەمینەی بەعسییەت زۆر لەبارە. هەموو فیکرێک کاتێک نەیتوانی بەتەواوی واقیعی خۆی بخوێنێتەوەو فیکرەی نەتەوەبوو بەئایدیال، گەرای بەعسییەت دادەنێ.



# هيوا قادر

تراژیدیای کورد تەنها لەوەدانییە کە دەکوژرێت، بەڵکە

تراژیدیای کورد لەوەدایە کە ئەم کوشتنە بە قەدەری خۆی

دەزانیت و ناتوانیت باس لە کوشتنی خۆی بکات.

هیوا قادر

**پرسیار: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕووینەدایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی ئاوابکرێت هەم لەلایان وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش.**

**هیوا قادر:** هەڵەیەکی گەورە دەکەین کە پرۆژەی قەتلوعامکردنی بەئەنقەستی ئەنفال تەنها بگەڕێنینەوە بۆ دەقی دینی و هەروەها بۆ ئەو کلتورە توندووتیژەی کە لەناو مێژووی ئیسلامدا هەیە. ئەگەر ئەمە بکەین بەتەنها هۆکار ئەوا ناتوانین ڕەهەندەکانی تری پشتی ئەم قەتلوعامکردنە بخوێنینەوەو تێبیگەین. ئێمە نمونەیەکی هاوچەشنی ئەنفالمان هەیە کە ئەویش قەتلوعامکردنی جولەکەکانە، کە لە ناو جەرگەی ئەوراپادا لەنێوان ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانی بەدەستی نازیەکانی ئەڵمانیا ڕوویدا، ئۆباڵی ئەم تراژیدیایەش ناتوانیت بەتەنها بخەیتە سەر بیروباوەری ئاینی مەسیحی بەرامبەر بە جولەکە.

ئەم دوو تراژیدیایە بەدەر لە جیاوازی مێژووی ڕوودان و شوێن و هۆکارە دینی و سیاسییەکان، هەردووکیان قەتلوعامکردنێکی بە ئەنقەستی پڕ لە خوێندنەوەی بیانووداری دینی و سیاسی بوون، هەروەها مێژووی ڕوودانیشیان وەک کات و شوێنی ئەم دوو قەتلوعامە کارئاسانییەکی تربوون بۆ ئەوەی ئەم کارە بە دزییەوە یان بە ئاشکرا بکرێت و کەسیش لە کاتی خۆیدا نەتوانێت کارێکی هێندە گرنگبکات بۆ بەرگرتن لەو شاڵاوی لەناوبردنە.

ئەمە نەخشەی گشتی ئەم دوو قەتلوعامکردنەیە، کە یەکێکیان لەناو جەرگەی ئەورووپادا ڕوودەدات و ئەویتریشیان لە ئاسیاو لە کوردستاندا ڕوودەدات. هەردووکیشیان لەسات و کاتی دوو جەنگی خوێناویدا ڕوویاندا، (جیاواز لەو جەنگە هەمیشەییەی کوردیش کە بەرامبەر ڕژێمی بەعسی عێراقی دەیکرد کە بە درێژایی دەیان ساڵی پڕ لە بەرزی و نزمی بەردەوامبوو). دیارە لە زۆر ڕووەوە ئەم دوو قەتلوعامکردنە جیاوازیان هەیە و هەندێک جاریش زۆر بەراوردکردنیان دەمانخەنە ناو هەڵەی کلتورییەوە، بەڵام ئەمە وەک نەخشەیەکی گشتی دوو قەتلوعامکردنی سیاسی نەخشەبۆکێشراون، کە زۆرینەی فاکتەرە مێژووییەکانی ڕابردووش یاریدەدەر بوون بۆ هەوڵدانی لەناوبردنی ئەم دوو گەلەو هەروەها ئەو بیانووانەش بۆ لەناوبردنیان کار ئاسانیان لە درووستکردنی ئەو کوێرییەدا هەیە کە کەسی کوژەر بەهەموو ئاستەکانی سیاسی و دینی و ڕۆشنبیرییەوە وەک یەک ئەم کارەیان بە ئەنجام گەیاندووە.

ئەوسا دوای بینینی ئەم نەخشە گشتییە کە دواتر من لە درێژەی پرسیارەکانی تردا ڕەنگە وورتر لەسەر وردەکارییەکانی تر قسەبکەم، ئێمە دەتوانین بێینە سەر وەڵامی بڕگەی تایبەتی پرسیارەکەت کە بێدەنگی بەرامبەر ئەم تراژیدیایە هۆی ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە لە قەبارەیەکی سیاسی وڵاتیکی بە ناو عەرەبی عێراقیدا ڕوویداوە؟ وە ئەم وڵاتەش نەخشە سیاسییەکەی لەناو وڵاتانی عەرەبی ئیسلامیدایەوە، هەروەها کەوتۆتە کیشوەری ئاسیاشەوە.

کە ئێمە ئەم نەخشەیە دەخەینە پێش چاو دەبێت ئاستی سیاسی و کلتووری و باری ئازادی لەم پارچەیەدا ببینین، هەروەها دەبیت هۆکارە سیاسییەکانی پشتی ئەنفالیش ببینین کە چەند قەناعەتپێکەرە لە ناوچەکەدا. سەرباری هەموو ئەمانەش ئاستی ئازادی و چوونە دەرەوەی هەواڵەکان وەک خۆیان بۆ دنیا لەم ناوچەیەشدا ببینین کە چۆن بووە. لە کۆتایشدا توانای خوێندنەوەی ئەوەمان هەبێت کە لەکاتی ڕوودانی ئەنفالدا سیاسەتی جیهانی بەتایبەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق چۆن بوو، وە چۆن دەیانویست ئەم حوکومەتە دیکتاتۆرییەی عێراق بپارێزن بۆ ئەوەی هێزێکی هەمیشە ترسێنەربیت لەبەرامبەر هرورژمی فەندەمەنتالیستی ئێرانیدا لە ناوچەکەدا. ئەمانە هەموو فاکتەری بەئاسان تێپەڕبوونی کوشتنی کورد بوو وەک میللەتیکی بی دەسەڵاتی تاکوتەنها، کە تەنانەت هێزی ڕزگارکەریش کە حیزبە سیاسییە کوردییەکانی شاخ بوون هیچیان لەناو سنووری کوردستانی عێراقدا وەک هێزی

بەرگریکەر و بەتوانا هێندە ئامادەییان نەبوو کە بتوانن بەر بە پرۆژەی ئەنفال بگرن یان هیچ نەبێت دوایبخەن.
ئەم بێدەنگییەش بەرامبەر ئەنفال، بێدەنگییەکی سیاسی، دینیی، فەرهەنگییە کە پەیوەندی بە ناوچەکەوە هەیە. هەم لە ڕووی سیاسییەوە کە عێراق لە جەنگی ئێراندا بوو، ئەمەریکاو هەم هەموو وڵاتانی عەرەبیش لەپشتییەوە وەستابوون، تەنها هێزێکی بەرگریکەرو شەڕکەریش لەناو عێراقدا کە هەمیشە جێی خەتەربوو بۆ حکومەتی عێراقی ئەوانیش کوردبوون، ئەو هێزە سیاسییە پەرتبووەی کوردیش کە بەناچاری سیاسەتی پچوککردبۆوە تەنا بۆ بەرگریکردن و مانەوەی خۆی، ئەگەر ئەو مانەوەیە بەهۆی یاریدەدانی "شەیتان"یشەوە بوایە، هەمیشە وەک تەنها خەتەری ناوەکی گەورەی ناو عێراق سەیردەکران. لە ڕووی دینیشەوە ڕژێمی عێراقی ڕژێمێکی نەتەوەیی عەرەبی شۆڤێنی بوو، کە لەهەناوی خۆیدا خۆی بە میراتگری ڕاستەقینەی ئیسلام دەزانی، هەم وەک عەرەب و هەم وەک ڕژێمێکی سیاسی عەرەبیش خۆی بە هەڵگری پەیامی نیشتمانێکی عەرەبی یەکگرتوو دادەنا، وە هەڵگری ئەم پەیامەش کوردی بە میوانی سەر ئەم خاکە دادەنا و هیچ حسابیکی سیاسی بۆ نەتەوەی کورد نەدەکرد، گەر کردبێتیشی لەچەند قۆناغێکی ناو شۆڕشەکانی کوردا تەنها بۆ ئەوە کردویێتی خۆی ئامادەبکاتەوە تا جارێکی تر بتوانێت زیاتر ئەم نەتەوەیە پچوکبکاتەوەو قەوارە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی نەهێڵێت.
ئەمەشی بە بەرچاوانی هەموو وڵاتانی عەرەبییەوە دەکردو هیچ ڕژێمێکی عەرەبی هیچ کاتێک بائاشکرا، هەم لە ئاستی

حکومیداو هەم لە ئاستی جەماوەری و ڕۆشنبیریشدا دەنگێکیان لێوەنەهاتووە بۆ لایەنگری لە کورد و پرسیارە ئەبەدییەکەی کە ئەویش بەئازادی ژیانی بوو لەناو قەوارەیەکی سیاسیدا کە خۆی داوایدەکرد. بۆیە کورد هەم وەک لایانی سیاسی هیچ دۆستێکی عەرەبی نەبوو لە وڵاتانی عەرەبیدا، (مەگەر هەندێک لایەنگری تاکو تەرانەبێت کە ئەوانیش لەسەر مەزاجی تاکەکەسی وەستابوون و نەدەتوانرا هیچ ئومیدێکی لەسەر هەڵبچنرێت)، هەم وەکو ڕۆشنبیرانی عەرەبیش هیچ لایەنگرو بەدەنگەوە هاتنێکی نەبوو. سەرباری هەموو ئەمانەش دەبێت ئەوەش بزانین کەلەناو هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا ئازادییەکی هێندە نییە تا خەڵکانی ئەو وڵاتانە خۆیان داوای مافەڕۆژانەییەکانی خۆیان بکەن چجای بەدەنگەوەهاتنی میللەتێکی نەخوازراوی وەکو کورد، کە هیچی نەبوو جگە لەو تەرمە کوژراوەی خۆی کە هەر بەشانییەوە بوو دەیگێڕا.

ئەمانەی کە بۆت باسدەکەم هەمووی هۆکارن لەبەردەم بێدەنگبوون لەبەرامبەر ئەنفالدا. وە تائێستاش هیچ هێزێکی ئیسلامی لایەنگری ڕژێمە عەرەبییەکان یان فەندەمەنتالیستە بەرهەڵستکارەکان نەهاتوون ئەنفال وەک جینۆسایدێک باسبکەن کە بەدەستی ڕژێمێکی عەرەبی وەک ڕژێمی عێراقی پێشوو کە لە ژێر پەردەی سیاسی و دینیدا ڕوویداوە.

ئایا بۆ دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دراوسێ و دنیا نەهاتنە گۆ؟! هۆکار زۆرن، بەشێکی بۆ بەنهێنی کردنی ئەم کارە دەگەڕێتەوە کە ئەوکات عێراق بەندیخانەیەکی گەورەی ترسینەر بوو،

بەشیکی تریشی ئەوەیە کە ئایا ئێمە ڕووی ئەم پرسیارە دەکەینە کێ، ئایا ڕووی ئەم پرسیارە دەکەینە وڵاتە دراوسێکانی عێراق، گەر وابکەین ئەوا ئێمە خۆمان دەخەینە بەردەم وەهمێکی گەورەوە، چونکە ئەوانیش خاوەنی هەمان پاشخانن بۆ قەتلوعامکردنی کوردانی ئەو پارچانە، گەر ڕووی دەمیشمان بکەینە هێزە سیاسییە ئیسلامییەکانی وڵاتانی تری عەرەب کە زۆرینەیان زیاتر دەسەڵاتێکی نەیاری ناو ئەو وڵاتانەن و ئەوان عێراق و بەعس وەک نمونەیەکی پێشڕەوی خۆیان سەیردەکرد، لەبەر ئەوە چاوەڕوانکردنی دەربڕینی سۆز و بەزەیهاتنەوە بەکوردا لای ئەوانەوە دیسانەوە وەهمێکی گەورەیە، تەنانەت ئەم بەوەهمداچوونە لەبەردەم هێزو حیزبە عەرەبییە چەپەکانیشدا هەمان دووبارەکرنەوەی تاڵی ئەو وەهمەیە.

دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، هەموو وڵاتە عەرەبییەکان خۆیان لە قەیرانیکی سیاسی گەورەی وادا دەژین کە خەڵکانی ئەو وڵاتانە بە ئێستاشەوە دوای لە سێدارەدانی سەدام حسێن، هێشتا ئەو بە سمبول و ڕزگارکەرو شەهید دادەنێن. ئەمەش بەهۆی نەبوونی سمبولی سیاسییەوە دێت لەو وڵاتانەدا، کە هیچ سمبولێکی سیاسی عەرەبیان نییە ئەو خەونانەی ئینسانی عەرەبی بێنێتەدی و لەو هەموو دەسەڵاتە سەپاو داپڵۆسێنەرانە ڕزگاریان بکات.

وەک لایەنی دینیش، ڕاستە زۆرینەی کورد ئیسلامن، بەڵام ئیسلامێکی ڕەسەن نین لەچاو عەرەبدا کە خاوەنی دەسەڵات و هیزن لە ناوچەکەدا، وە ئەم کائینەش کە کوردی ناوە، هەمیشە کائینێک بووە کەهیچ جار جێی متمانە نەبووە، تەنانەت لە

ئاستی میللیدا زۆر چیرۆکی ناشیرین و دزێو لەسەر بێدینی کورد و خائینی و بێمتمانەیی و دڕندەییان هەیە، کە ئەمانە هۆکاری پچووکن و خەتێکی دینی قوڵی هەیە لە بیرکردنەوەی ئینسانی عەرەبیدا، هەم لەلای عەرەبی عێراقی و هەم بە گشتی لای گشت عەرەبی ناو نیشتیمانی عەرەبی. کە ڕەنگە ئەم وێنانە بەشێکی پچوک پیکبێنن لە لاشعوری ئینسانی عەرەبیدا دژ بە کورد. کە پێموایە لەو ئاستە نزمەدا زۆر نموونەمان لەبەرچاوە کە دژایەتی کردنی عەرەب بەرامبەر بە کورد کراوەو دەکرێت، کە من نامەوێت بۆ ئەو ئاستە دابەزم و باسیان بکەم.
وەک لایەنی فەرهەنگیش، فەرهەنگی کوردیش فەرهەنگێکی تێکەڵەیە لە فەرهەنگی ئیسلامی، بەڵام تاڕادەیەک فەرهەنگێکە کەخاوەنی خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی و لە زۆر ڕووەوە جیای دەکاتەوە لەو فەرهەنگە گشتییە ئیسلامی و عەرەبییەی کە هەیە، کە ئەمەش بۆخۆی هۆکاریکی تری جیاکردنەوەی کوردە وەک خاوەن فەرهەنگێکی نەیار و نەویستە.
هەموو ئەمانەی کە لەسەرەوە باسمکردن هۆکارن بۆ ئەو بێدەنگییە لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناوچەکەو تەنانەت دەرەوەی ئەم ناوچەیەشدا هەیە بەرامبەر بە ئەنفال. بۆیە ئەم بێدەنگییە ئەوەندەی پەیوەندی بە ئیسلام بوونی ناوچەکەوە هەیە لەو هۆکارانەدا خۆیان دەبیننەوە کە باسمکردن. هەروەها پەیوەندی بە کورد خۆشیەوە هەیە، کە خاوەنی هێزێکی سیاسی چاوقایم و باوەڕبەخۆکەرنییە، هەروەها پەیوەندی بە لاوازی ئەو فەرهەنگەوە هەیە کە کورد خۆی توانای قسەکردن و بەپێوە وەستانی نییە تا دەنگی خۆی بگەیەنێتە دنیا. چونکە لە

لاشعوری کورددا هەمیشە چاوەڕوانییەک هەیە بۆ فریادڕەسێک کە لەبری ئەو قسەکان و داواکانی بۆ بگەیەنێتە جێ، کە ئەمەش لە قوڵایی ئەو لاوازیی مێژووی و سیاسییەوە سەرهەڵدەگرێت کە کورد لە ئیستادا هەم جورئەت و هەم توانای ئەوەی نییە دەستیان لەسەر دابنێت و کاریان بۆ بکات بۆ بەهێزکردنیان. چونکە بێدەنگبوونی ئەنفال چەند پەیوەندی بەبێدەنگبوونی ئیسلام و دنیاوە هەیە، سەد هێندە پەیوەندی بە بێ زمانی و کەمتوانایی کورد خۆشیەوە هەیە. چونکە تراژیدیای کورد تەنها لەوەدانییە کە دەکوژرێت، بەڵکە تراژیدیای کورد لەوەدایە کە ئەم کوشتنە بە قەدەری خۆی دەزانیت و ناتوانیت باسی کوشتنی خۆی بکات.

ئەوەی دەشتوانێت ئەوروپا بکات بە گوێڕاگرو شاهیدی ئەم تراژیدیایەی ئەنفال، فاکتەکانن، کە دەبێت بخرێنە بەردەمی ئەوروپا، ئەو دیکۆمێنتانەن کە هەموو ئەم بەسەرهاتانە پشتڕاسدەکەنەوە. تا ئێستا ئێمە پێچەوانەی بە فاکتەکردن و بەدۆکۆمێنتکردنمان هەیە لەسەر مەسەلەی ئەنفال لەبەردەم ئەوروپادا، ئەمەش جگە لە گەمەیەکی سۆزدارانە هیچی تری لێسەوزنابێت، جگە لە تۆخکردنەوەی ئەو هاوکێشەیەی من و تۆ، "ئەوروپا" من، "تۆ" کورد، کەزیاتر نیشاندانی جیاوازییەکانە، ئەو جیاوازیانەی کە بۆشایی دروستدەکات نەک نزیکبوونەوە لەگەڵ ئەوروپادا، هیچ شتێکی تر دروستناکەن. ئێمە زیاتر موجامەلە لەگەڵ ئەو ئەروپایەدا دەکەین کە لەناو دوو فاقییەکاندا یاری دەکات نەک ئەو ئەروپایەی کە پایەکانی لەسەر فاکتەکان و دیکۆمێنتەکانە.


www.pertwk.com

بەڕای من ئەمە هەندێک لە هۆکارەکانی پشتی ئەو بێدەنگییە قورس و لاقرتی ئامێزەوەیە کە دەستیان هەیە لەو بێدەنگی و پەردەپۆشکردنەی کە لەبەردەم تراژیدیایەکی گەورەی وەک ئەنفالدا هەیە.

**پرسیار: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەرپێیانەی سالانەدا قەتیسبووە دەگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کلتوری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسەنییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بە دەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

**هیوا قادر:** کارکردنی بەردەوام بۆ ئەنفال لە هەزاران ڕووەوە دوای چەندان ساڵی تر دەتگەیەنێت بەو هۆشیارییەی کە ئەنفال دەکاتە هۆشیارییەکی کلتووری. ئەوەی کە جێی بێزارییە نەکردنی کارە لەلای حیزبی سیاسی و دەسەڵاتداری کوردییەوە وەک دەسەڵاتێک کە بتوانێت هەموو ئەم کارانەی کە دەکرێن و کراون بۆ ئەنفال کەنالیزەیان بکات، کە ئەمەش لە زۆر ڕووەوە دەسەڵاتی ئابووری دەستنیشانی قەبارەی ئەو کارانە دەکات. هۆکاری نەکردنی کاریش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری سیاسی و هەم بۆ نەبوونی مۆراڵ و فەرهەنگ لەلای دەسەڵاتداری کوردیی. ئەو بیرکردنەوەیەی کە دەسەڵاتداری

کوردیی هەیەتی بەرامبەر مانای "قوربانی" بیرکردنەوەیەکی کرۆزێنەرەوەی هێندە لاوازە، کە توانای دروستکردنی ئەو هۆشیارییە کلتوورییە نیی لەسەر ئەنفال. ئەو هەمیشە لە مێژووی خۆیدا خۆی بە قوربانییەکی گوناح و غەدرلێکراو دەزانێت و ئەمەش وەک قەدەرێکی نەگۆڕ دەبینێت، بۆیە هەمیشە قوربانی بوونی خۆی لێبۆتە شوناسیکی نەگۆڕی بەردەوام. دەبێت ئەم مانای قوربانیبوون و شووناسە گۆڕانی بەسەردابێت تا قوربانی بوونی خۆی وەک قەدەر نەبینێت. بەڵکە هۆکارەکانی ئەو لاوازبوون و گرێی هەست بەکەمبوونەوەیە لەناو مێژووی خۆیدا بدۆزێتەوەو دەستکاری هەموو ئەو مانایانە بکات کە لەناو ئەو شووناسە دوودڵ و ڕاڕایەی خۆیدا هەیەتی.
هۆیەکی ئاشکرای تریش ئەوەیە کە هەمیشە لە دنیای کوردیدا عەقڵ لە هەرکوێ بوویێت کیسە لەوێ نەبووە. بۆیە زۆر لەو کارانەی کە بە پارە دەکرێت، خوێندنەوەی عەقڵی تێیدا ئامادە نییە، وە بە پێچەوانەشەوە.
چیتر ئەنفال پێویستی بەقەتیسکردن نییە لەناو ئەو هەموو سۆزو گریان و تەنهاییەدا، چونکە تازە فرمێسکەکانی چاوەڕوانکردن بۆ ئەنفالەکان وشکبوونەوەو ئیتر ئەوان ناگەڕێنەوە. ئەنفال پێویستی بەپلانی عەقڵانیانەو کاری کردە هەیە، کە ئەمەش زۆرینەی بە پارە دەکرێت. پارەیەک کە توانای تۆمارکردن و بە ئەرشیفکرنی هەموو شتێکی هەبێت لە ئێستادا بەبێ هیچ لایەنگیریی و بە حیزبی کردنێک.
ئەوەی وای لە میللەتێکی وەک جولەکە کرد، کە قەتلوعامکردنی جولەکەکان بە دنیا بناسێنێت و بیکاتە هۆشیارییەکی کلتووری

تەنها هەست بە گوناهکردنی ئەوروپا و هێزە براوەکانی جەنگی جیهانی دووهەم نەبوو لەبەرامبەریاندا، بەڵکە ئەوە ئەو هۆشیارییە کلتوورییەی جولەکەش خۆی بوو کە قەتلوعامکردنی جولەکاکانی لە قەتلوعامکردنێکی سیاسیی و دینییەوە گواستەوە بۆ ناو مانا قوڵ و فەرهەنگی و کلتوورییەکانی مرۆڤایەتی، کە دواتر ئەو فەرهەنگە مانایەکی فەرهەنگی دنیایی وای وەرگرت، کە هەموو مرۆڤایەتی خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بۆ ئەوەی جارێکی تر نەهێڵێت هۆلۆکۆست دووبارە بێتەوە.
ئەوەی لە ئێستادا دەکرێت پەلەی لێبکرێت و کاری بۆ بکرێت، بەئەرشیفکردنی هەموو بەسەرهاتێکی پچووک و گەورەی لەدەموەرگرتووی ئەو خەڵکانەن کە ڕزگاریان بووە، یان ئەوانەی شاهیدی جۆری ڕووداوەکانن. تەنانەت پێدانی پاداشتی گەورە بەو خەڵکە عەرەبە خێرخواو تەنانەت نەیارانەشی کە لە نزیک یان لە دوور ئاگاداری بەئەنجامگەیاندنی ئەم قەتلوعامەنابوون لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا، بۆ ئەوەی هەموو ئەو بەسەرهاتانەیان لە دەم وەربگیرێت و تۆماربکرێن و لە ئەرشیفی تایبەتیدا بپارێزرێن. چونکە سیفەتی کۆمەڵگەی ئێمە و هەموو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی تر لەبەرامبەر ئەم شێوە ڕووداوە نهێنی و تراژیدیانەدا ئەوەیە گەر فریانەکەویت ڕاستییەکان وەک خۆیان لەنێوانێکی کاتی کەمدا تۆماربکەیت و بپارێزیت، دواتر دەکەونە ناو کۆمەڵێ حەکایەت وچیرۆکی ئەفسانەیی ترەوە کە زەحمەتە دواتر هیچ فاکتەیەکی واقیعییانەی لێدروستبکرێت. دیارە ئەم ڕووداوە گەورانە ئەوەندەی پێویستی بە ووردی تۆمارکردنی

واقیعیانە هەیە هێندە پێویستی بەشاردنەوەو غەرقکردنی نییە لەناو پەخشانهۆنینەوەو بە ئەفسانەکردنیدا.
کاتی خۆی جولەکەکان بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەسەرهاتانە، بانگەوازی ئەوەیان بە هەموو دنیادا ڕاگەیاند کە ئەوەی هەر چیرۆک و بەسەرهاتێک یان بابەتیک بیستراوی لایە لەسەر ئەو ڕووداوانە لە قەباڵەی پارەیەکدا بیگێرێتەوە تا تۆماربکرێن و بپارێزرێن. تەنانەت تا ئەم ساڵانەی کۆتایش گروپێکی تایبەت بەس تەنها کاریان دۆزینەوەی ئەو کەسانە بوو جیاواز لەهەر پلەیەکی سیاسی و سەربازی و مەدەنی کە دەستیان لە ڕووداوەکانی قەتلوعامکردنی جولەکەکاندا هەبووە یاخود بەچەشنێک لە چەشنەکان ئاگاداریبوون. ئەمەو سەدان نمونەی تر کە دەکرێت، سودمەندبن بۆ چاولێکردن و بەجدی کارکردن بۆ ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی گەورە لە دنیای کوردیدا.

تا ئێستاش بەردەوام هەموو لایەنە هونەری و کلتورییە موعتەبەرو گرنگەکانی دنیا، قەتلوعامی جولەکەکان وەک ڕووداوێکی مەزنی ناو مێژووی مرۆڤایەتی باسدەکەن، هیچ قوتابخانە و زانکۆیەکی ئەوروپاو هیچ کتێبخانەیەکی نییە سەدان و هەزاران کتێب و بەڵگەنامەو فلمی دیکۆمینتاری تێدانەبێت لەسەر ئەم ڕووداوە. ساڵانە ملیۆنان قوتابی ئەوروپا لە هەموو وڵاتەکانەوە لەلایەن قوتابخانەکانیانەوە دەبرێن بۆ سەیرکردنی ئەو گێتۆیانەی کە جێگای کوشتنوبڕینی جولەکەکان بووە وەک "چێلمنتۆ و هادەمار و ماجدەنێک و ئەوشەویز" لە پۆڵۆنیا، بۆ ئەوەی وەچەی نوێ ئاگاداری ئەو مێژووەبن و هەڵگری ئەو

مۆراڵەبن کە نەهێڵن جاریکی تر ئەم کارەساتە دووبارەبێتەوە.

بەڵام لەبەرامبەردا ئەم ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەی ناو ئەوروپادا لەسەر قەتلوعمی جولەکەکان تۆ لەناو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئەو ناوچەیەدا هیچ ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندت نییە، بۆ نمونە دەکرێت درۆیەکی سیاسی گەورەی وەک ئەوەی "ئەحمەدی نەژاد" کە دەڵێت قەتلوعامکردنی جولەکەکان درۆیەو تراژیدیای وا ڕووی نەداوە، لە لایەن ملیۆنان گەنجی ئێرانی و مسوڵمانانی ئەو ناوچەیەوە بە ڕاست وەربگیرێت. دیارە چەندەها قەناعەت و هێزی سیاسی ڕێگرن لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاستیانە لەو وڵاتە ئیسلامیانەدا سەبارەت بە هۆلۆکۆست. ئەویش تەنها لەبەر بەدوژمن سەیرکردنی جولەکە وەک هێزێکی داگیرکەر لە فەلەستیندا سەیردەکرێت و هەمیش وەک هەڵگرانی دینێکی نەیار بە ئیسلام. ئەم خاڵە نمونەیەکی ترە لەو بێدەنگییە بەرامبەر هۆلۆکۆوس لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا هەیە، دیارە هەمان بێدەنگی دەستەئەنقەستیش هەیە لەبەرامبەر ئەنفال دا. چونکە هەموو بێدەنگییەک زادەی زانینێکی دەستەئەنقەستە یاخود بیدەنگییەکە لە نەزانینەوەیە، کە دیارە بە ڕێژەیەک هەردوو جۆری ئەو نەزانینە لەبەرامبەر بێدەنگی ئەنفالدا هەیە، بەڵام بێدەنگی دەستەئەنقەست بۆ ئەنفال ڕاستترە.

ئەوەی ئەنفال لە هوتافاتی حیزبی و سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ هۆشیارییەکی کلتووری، پێش هەرشت ئینتیمای ئینسانی کوردە بۆ خۆی و بۆ ژیان، بۆ ئەو هوشیارییە سیاسییەی کە توانای خوێندنەوەی دوێنێ و ئەمڕۆو سبەینێی هەیە، بەڵام ئایا ڕێژەی

ئەم هوشیارییە لە کۆمەڵگای کوردیدا لە چ ئاستێکدایە، هەروەها عەقڵی حیزبی کوردی تا چەند خۆی بەبەرپرس دەزانێت لەبەرزڕاگرتن و کارکردن بۆ ئەم تراژیدیایە؟!
پێویستە لە ئێستادا هەموو شتێک بە دوور یان نزیک پەیوەندی بە ئەنفالەوە هەبێت دۆکۆمێنت بکرێت و هەڵگیرێت، تا دواتر دەرفەتەکان زۆرترو زۆرتردەبن بۆ کاری هەمەلایەنە لەسەر ئەم تراژیدییایە.

***پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزیکی رۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بە هێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەڵاتی کوردی لیی بەرپرسیارەو و چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پیشاندانی ؟***

**هیوا قادر:** ئەم ترسەی تۆ دەتەوێت باسی بکەیت، ترسی میللەتێکە لە تەنهایی خۆی و ئەو هەموو بەسەرهات و تراژیدیایانەی کە لە درێژایی مێژووی کۆن و نوێدا بەسەریهاتوون و لە لاشعوریدا جێگەیەکی زۆری داگیرکردووە.
شەڕ و بینینی دەرئەنجامەکانی شەڕ لای ئینسانی کوردی، هێندە ئامادەیی هەیە، کە هەروا ئاسان کۆتایی نایەت .
هەمیشە دوای شەڕ جۆرێک لە ئاشبوونەوە لەلایەن ئینسانەکانەوە دروستدەبێت لەگەڵ ژیاندا. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئیدی جەنگ و برسێتی کاری خۆیان نەکردبێت و

هەروا ئاسان لەخەیاڵ و ئەندێشەو کردەوەی کەسێکدا دەرچێت کە لە جەنگەوە گەڕاوەتەوە.

زۆجار ئەو ئاشتبوونەوەیەی دوای جەنگ لەگەڵ ژایاندا ژیان ناخاتەوە ناو دۆخی پێش دروستبوونی شەڕ. هەندێک جار ئەو ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ ژیاندا هێندە چاوچنۆکانەو دڕندانەیە کە بۆخۆی جۆرێک لە دووژمنایەتی لەگەڵ ژیان و ئینسانەکانی ترا دروستدەکات. کە ئەمانە دەکرێت بە شێوە ژیانی ناسروشتی دوای جەنگ ناو بەرین، ئێمە ئێستا لەو کاتەدا دەژین، کە ژیانیکی سروشتی ناژین، کۆمەڵگەی کوردی دوای سی ساڵ کوشتن و بڕین و ڕاونانی لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقییەوە، دواتریش شەڕی نێوان حیزبی کودی و لە دواتریشدا مانەوەی لەناو درۆیەکی سیاسی گەورەدا کە ناوی عێراقە، عێراقێکی بێ ئایندەو پڕ لە فیتنە، ئەمانە هەموویان ترسن و ڕێگرن لەبەردەم باوەشکردنی ئینسانی کورد بە ژیاندا بەشێوەیەکی ژیاندۆستانە بەبێ ترسی دووبارەبوونەوەی ئەنفال و کارەساتەکانی تری لەو جۆرە. ئەم ترس و هەستکردن بە تەنهاییە هێندەی تر ئینسانی کوردی شێواندووە، سەرباری هەستنەکردن بە ئەمانەتێکی ڕاستەقینە لەپاڵ حیزبی کوردی و حوکمەتی کوردیدا، لە هیچ قۆناغێکدا هێندەی ئێستا ئینسانی کوردی بێبڕواو تەنهاو خەمبار نەبووە وەک ئێستا کە هەیە، ئەم ترسە دووبارە ئینسانی کوردی خستۆتەوە ناو شەڕێکی ترهەم لەگەڵ خۆی و هەم لەگەڵ ئەو ئەگەری شەڕانەی تر کە زۆر نزیکە بەچەشنێکی تر سبەینێیەک بە زووی ڕووبدەن. بەڵام ئەم ترسەی ئێستای لەناو ئەم هەموو لاوازییەی خۆیدا بەراورد بە ترسەکانی

ڕابردووی و سەرقاڵبوونی بە جەنگەکانی پێشووەوە زۆر تۆقێنەرترە، بۆیە ئەمە ئینسانی کوردی تووشی حاڵەتێکی عوسابی سەیرکردووە، چونکە ئێستا نە خاوەنی باوەڕە، نەخاوەنی مانا پیرۆزەکانی کوردبوون و خۆڕاگرییە، نە خاوەنی خەونە سەوزوو سوورەکانی پێشووشیەتی. ئەم حاڵەتە عوسابییە وایلێکردووە هەموو ئەو بەهایانەی پێشوو بگۆڕێتەوە بەکۆمەڵێ بەهای مادی کە پێیوایە یارمەتیدەدات بۆ باوەشکردنەوەی بە ژیاندا، دیارە حیزبی کوردی و عەقڵی دەسەڵاتداری کوردیش لەو باوەڕەدایە کە ئەمە تاکە ڕێگایە کە بتوانێت لە ڕێیەوە هەم خۆی بپارێزێت و هەم ئینسانی کوردیش، کە ئەمەش هەڵەی گەورەی ئەم قۆناغەی ئێستای ناو کۆمەڵگەی کوردییە. کە پێموایە دروستکردنەوەو گۆڕانی شووناسی کوردی لەم ڕووەوە شکستهێنەرە، بەبێ دروستکردن و تازەکردنەوەی ئەو مانا مۆڕاڵییانەی کە ئینسان دەتوانێت شانازی بە ئینسان بوونی خۆیی و کورد بوونی خۆیەوە بکات. هەر بۆیەشە ئەم قەیرانە باشترین قۆناغە کە هێزە فەندەمەنتالیستە دینییەکان تێدا هەڵتۆقن و ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو هەڵدێرێکی تر بەرن.

لێرەوە تۆ چاوەڕوانی چی لە کۆمەڵگەیەکی ئاوا خەمناک و ماندوو بێ ئینتیما دەکەیت، چاوەڕوانی چ لێبووردنێکی لێدەکەیت لەبەردەم ئەو عقڵییەتەی کە خاوەنی ئەنفالکردنی کوردەو ئێستاش هەر لە دوورەوە دەستی هەڕەشەکردن لەئاستی کوردا بەرزدەکاتەوەو بە دووژمنی خوداو نیشتیمانی عەرەبی دادەنێت. چاوەڕوانی چی لە ئینسانی کوردی دەکەیت بەم هەموو

مەئیوسییەت و نەبوونی ئینتیماو لاموبالاتی و توورەبوونەیەوە لە حزبی کوردی و لە دنیا، هێزی تۆڵەکردنەوە بگۆڕێتەوە بە هێزی لێبووردن. ئەوەی هێزی تۆڵەکردنەوەی لەلایەن جولەکەو ڕووس و ئەمەریکاو وڵاتانی ترەوە بەرامبەر ئەڵمانیا گۆڕی لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە، هێزی باوەڕکردن بوو بە ئینسان خۆی، حورمەتبەخشینەوەی مانای ئینسان بوو بە ئینسان لە کاتی زەلیلیدا، دیارە ئەو پاشخانە گەورەیەی فکر و ڕۆشنگەری و ماناکانی لێبووردن لە مێژووی کۆن و نوێی عەقڵی ئەوروپادا یاریدەدەریکی گەورەبوون بۆ ئەم ئاشبوونەوەو پێکەوە ژیانە. ئەم ئاشتبوونەوەیەش لە ڕێگەی کارکردنەوەبوو لەناو ئەو یادوەرییەدا کە دەبوو سەر لە نوێ کار لەناو ماناکانی پێکەوەژیان و حورمەتگرتنی جیاوازییەکاندا بکرێت.

ئینسانی کوردی خاوەنی یادوەرییەکی وا نییە کە بتوانێت لەسەر هەڵەکانی دوێنێ ئەمرۆ چاکبکاتەوە. دیارە ئەمە بۆ سیاسییەکی دەسەڵاتداری دەرەجە یەک ڕاستە تا کارکەنارترین ئینسانی کوردی ناو کۆمەڵگاکەی من و تۆدا. دیارە هۆکاری زوو تێپەڕبوونی ڕووداوەکان و لەیەکچوونیانن، نەبوونی ساتەوەختی ئارام و هەستکردن بە بوونی خۆی وەک ئینسان، لاوازی خوێندنەوەی سیاسی و گیرۆدەبوون بەدەست کۆمەڵێک مانای کۆنەوە هۆکارگەلێکن بۆ دروستنەبوونی ئەو هێزی خوێندنەوەیە لەسەر یادەوەرییەکان.

سیاسی کوردی لە ئێستادا لەتوانایدا نییە ئەم ترسەی ئینسانی کورد بگۆرێت بە دڵنیایی و هێزێکی وا کە بتوانێت وا لە

ئینسانی کورد بکات دوای ئەم جەنگانە ژیان دۆستانە باوەش بە ژیاندا بکاتەوە، بەچەشنێک ژیانی خۆشبوویت کە بتوانێت وەک ئینسان حورمەتی ئینسانبوون بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە. کاتێک کە سیاسەت وەک ڕێکخستنی کۆمەڵگەو دڵخۆشکردنی ئینسانەکانی توانی ئەمە بکات، ئەوسا ئێمە دەتوانین قسە لەسەر گۆڕینی هیزی تۆڵەکردنەوە بکەین بۆ هێزی لێبودن بۆ کەسی بەرامبەر. بەڵام سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا تا ئێستا بەو ئاڕاستەیە کارناکات.

لە دەروونی هەموو ئینسانیکی کوردا، ئینسانێکی غەمگین و تەنها دانیشتووە، ئەوەی پەلی ئەم ئینسانە ڕادەکێشێتەوە بۆ ناو ژیانێکی ڕاستەقینە کە پڕبێت لە حورمەتگرتنی ژیان، تەنها کارکردنی جدییە لەناو ئەو فەرهەنگە کلتوورییە هەژارەی کە هەمانە. گۆڕینی زۆرینەی ئەو مانایانەی کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگای کوردیدا کارییپێدەکرێت، هەر لە ماناکانی حیزبی بوون و ئازایەتی و دادپەروەری و یەکسانی و ئینتیماو هەزارەها مانای تر. حیزی کوردی ناتوانێت ئەم ترسەی ناو ئینسانی کورد بقۆزێتەوەو کاری تێدابکات و بیگۆڕێت، ئەو ئەم ترسە بە جۆرێک بەکاردەهێنێت بۆ سودی خۆی کە ئەگەری مانەوەی خۆیی تێدا زیاتر بکات، ئەوەش ئەوەیە کە وایکردووە هەمیشە کۆمەڵگە چاوی لە دەستی حیزب و گرفانی ئەو بێت. دەسەڵاتداری کوردی ئەم ترسەی ناو دەروونی ئینسانی کوردی ناگۆڕێت بۆ هێزێکی وا کە ئینسانی کوردی لەمەودووا توانای بە پێوە وەستانی هەبێت لەبەردەم هەموو هەڕەشەکاندا، بەڵکە دەیگۆڕێت بەترسێکی تر کە ترسی بەجێمان و دەوڵەمەند

نەبوونییەتی بە زووترین کات لە ڕێگەی حیزبەوە، بەڵام دەوڵەمەندبوونێکی چاوچنۆکانەو بەتاڵ لە هەموو ماناکانی ئینسان بوون.
هیچ کاتێک ئازادی بەبێ ئارامی ناتوانێت سەرکەوتووبێت، دیارە ئارامیش بەبێ ئازادی هیچ مانایەکی نییە. تۆ چی لە ئازادی شانزەساڵی دوای ڕاپەڕین دەکەیت بەبێ ئارامی، تۆ چی لە پاشماوەی ئەنفال، هەر لە منداڵ و بێوەژنە ڕەشپۆشەکان و پیرەپیاوەکانی دەکەیت بەبێ هەستکردن بە ئارامی؟!
وەک دیارە پایەی شانازی هەموو میللەتێکی زیندوو سەردەستە لە دنیادا، لە شانازییە کلتوورییەکانیانەوە دێت، ئەوەی کۆمەڵگەی تۆو بەشێکی گەورەی ونبوونی ئاسەواری ئەنفال و هەموو تراژیدیاکانی ناو ئینسانی کورد بەرەو ئەگەری خۆشبوونەوە ببات و وا لە ئینسانی کورد بکات لەگەڵ ژیاندا ئاشبێتەوە، تەنها دەوڵەمەندکردنییەتی لە ئاستی کلتووریدا. ئەوەی بە ڕێژەی یەکەمیش دەبێت ئەم کارە بکات، وەزارەتی ڕۆشنبیرییە. بەڵام کارەساتی گەورەی کۆمەڵگەی کوردیی، ئەوەیە هەمیشە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەزارەتی خەڵکانی بیرۆکراتی و نەکردەو پاشکۆ خوازی حیزبی بوون، هەمیشە کلتوری وەک پاشکۆیەکی حیزب و چەند بەیتێکی فۆلکلۆریی و چەند یادیکی بێتام بینیوە. گەر تۆ کلتوور وەک پایەیەکی شانازییەکانی میللەتی خۆت سەیر نەکەیت و وەزارەتی ڕۆشنبیریش وەزارەتێکی زۆر دەوڵەمەند نەبێت و خەڵکانی کاراو ئیشکەر کاری تێدانەکەن، تۆ ناتوانیت کلتوور بکەیتە ئەو پایەی شانازییە.

کوان ئەو هەموو پاداشت و ڕێزگرتن و دنەدانەی سەدان خوێندکاری کورد بۆ توێژینەوە لەسەر ئەنفال، کە دەبوو پێش وەزارەتی پەروەردە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە پشتی ئەو کارانەوە بوەستایە، کوا کردنی ئەنفال وەک وانەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانەکاندا، کوان ئەو هەموو دادگایکردنانەی کە ماناکانی کلتووریی و دینیی و سیاسی لە پشتییەوە وەستاوە لە بێدەنگ تێپەڕبوونی کارەساتی ئەنفالدا. کوا ئەو بەشە تایبەتەی ناو زانکۆی کوردی کە جێی دەیان توێکاری و هەڵگری هەزاران هەزار بەڵگەو دیکۆمێنت و خوێندنەوەی جیاوازە بۆ ئەنفال. کوان و کوان و هەزاران شتی تر.

کێشەکەت ئەوەیە نەخوێندەوارترین توێژاڵی ناو کۆمەڵگەی کوردی سیاسییە کوردەکانن، جگە لەچەند بابەتێکی دەستە دەی ئایدۆلۆژی و هەندێک هوتافات و نەڕەنەڕکردن و پەخشانهۆنینەوە شتێکی تریان نییە کە بخرێتە سەر زەخیرەی خوێندنەوەیان، ڕەنگە لە دوای ڕۆمانی "دایک"ی سی ساڵ لەوەوبەری بە کوردی کراوی مەکسیم گۆرکی هیچیان یەک ڕۆمانی دنیایی و کوردیان لەسەردەمی شاخەوە نەخوێندبێتەوە، کەسیشیان توانای هیچ خوێندنەوەیەکیان بۆ کتێبێک و فلمێک و کارێکی هونەری نییە، وەک بەوەی سیاسەت پشت بە پایە کلتوورییەکان نەبەستێت.

ئایا دەبێت ڕۆشنبیری جدی چەند بەرپرسیاربێت لە بێدەنگبوونی لەبەرامبەر ئەنفالدا، چەند بەرپرسیاربێت لەگۆڕینی هێزی تۆڵەکردنەوە بۆ هێزێکی تۆلێرانس.


www.pertwk.com

دیاره ڕۆشنبیری کوردیش بەدەر نییە لەو بەرپرسیارییەتە، بەڵام ئایا کێ لە کۆمەڵگای کوردی تۆدا وەک ڕۆشنیر سەیردەکرێت لای دەسەڵاتداری کوردی و گوێ لە ڕەخنەو پێشنیارەکانی دەگیرێت. کێن ئەوانەی ڕەخنەی جدی دەگرن وحیزبی کوردی وەک دوژمن سەیریان دەکات و ڕاپێچی دادگاکانیان دەکات و بەو یاسایانە حوکمیان دەدات کە بەعس دایڕشتوون، ئەمانە هەمووی کێشەی گەورەن. بەڵام ئایا چەند دەسەڵاتداری کوردی لە ڕەخنەی ڕۆشنبیری کوردی دەترسێت و دەسلەمێتەوە، تا ئێستا چەند وەزیر و گزیر و ئەندام پەرلەمان، وازی هێناو دەستیکێشایەوە لەبەر ئەو هەموو نەکردەیی و فەزیحانەی کە دەردەکەون. کێن ئەو ڕۆشنبیرە حیزبیانەی کە پردی نیفاق و درۆن لە نێوان حیزب و دەسەڵات و جەماوەردا؟

لە وڵاتیکی پێشکەوتوودا دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسێک یەکسانە بەدەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانێک، چونکە ڕۆژنامەنووسێک دەتوانێت وا لە سەرۆک وەزیرانێک بکات وازبینێت، یاخود حوکمەتەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، تۆ کوا خاوەنی کلتورێکی وایت، کوا ئەو ئاستی تێگەیشتن و حورمەتگرتنە لە دنیای کوردیدا هەیە. چ دەسەڵاتدارێکی کوردی لە سومعەی سیاسی خۆی دەترسێت، کام دەسەڵاتداری سیاسی تۆ لە ڕێگەی سندوقی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە بەهۆی ئەو هەموو مژدەو کارانەوە هاتۆتە سەر حوکم کە سۆزی داوە بە ئینسانی کوردی تا بۆی بهێنێتەدی، کوا تۆ خاوەنی کلتورێکی سیاسی وایت، تا هەموو ئینسانیک هەقی قسەکردنی هەبێت وهەمووانیش یەکسانبن لەبەردەم یاسادا.

**پرسیار: ئایا ئەدەبی کوردی بە تەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوە لە ئەنفال؟**

**هیوا قادر:** ئەدەب بەرپرسیار نییە لەبەردەم باسنەکردنی ئەنفالدا، بەڵکە ئەوە نەبوونی داهێنانە لە ناو ئەدەبی کوردیدا کە نەیتوانیوە خاوەنی چەندان بەرهەمی داهێنەرانەبێت لەسەر ئەنفال.

ئەگەر ئێمە وەزیفەی نووسەری کورد سنووربەندبکەین تەنها بۆ بەزۆر نووسین و پێویستی نووسین لەسەر ئەنفال، لەبەر شوناسی کوردبوونی خۆی. هەڵەیەکی گەورەدەکەین، وابزانم هەر ئەم تێڕوانینەش بۆ ئەدەب بۆتە هۆی ئەوەی کە چەند نووسینی کاڵ و کرچ و ناشیرین ببینین لەسەر ئەنفال و تراژیدیاکانی تری دنیای کوردی. نووسەربوون چیتر پێژمەرگایەتی نییە، یاخود سەربازیکردن نییە لەناو لەشکری دەوڵەتیکی دیاریکراودا، کە بە فەرمان کاربکات یاخود وەک هەڵوێستکی نیشتیمانی دەبێت بە نووسینەکانی نیشتیمانیی بوونی خۆی پیشانبدات. نووسەربوون ئازادی هەڵبژاردن و خەیاڵی نووسینە، چیتر سەردەمی ئەو درۆیانە نەماوەو کەسیش باوەڕیان پێناکات کە بەناوی ئیلتیزامەوە لەناو ئایدۆلۆژیای حیزبەوە گواسترابوونەوە بۆ ناو ئەدەب، چوونکە نووسەربوون زۆر کاری گەورەتر و دنیایی ترە وەک لەوەی بەدەست ئەو مانا

لۆکاڵیانەوە گیربخوات کە بەناوی هەڵوێستەوە ئەدەب گڕگڕ بخاتەوە ناو ماڵی حیزبەوە.
دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە نووسەری کورد نابێت بۆ ئەنفال و تراژیدیاکانی بنووسێت، وە مەبەستی ئەوەشم نییە کەس لە هەرچ ئاستێکدابیت گوزارشت لە ئەنفال و تراژیدیاکانی کوردی نەکات، دیارە هەموو کەس ئازادە چۆن دەنووسێت و چۆن گوزارشت لەم حاڵەتانە دەکات. نا، بەڵکە پێوەری نووسینی سەرکەوتوو لای من لەسەر ئەنفال، پێوەرێکە لەسەر داهێنان وەستاوە، تۆ نووسەرێکی داهێنەر نەبیت و نەتوانیت بەرهەمێکی زیندوو داهێنەرانە بخولقێنێت، چ پێویست ناکات لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە بنووسیت. تۆ کە لەسەر ئەنفالت نەنووسی ئیتر نیشانەی ئەوە نییە تۆ نووسەرێکی خراپیت و کوردێکی باش نیت، بەڵکە کاتێک کە تۆ لەسەر ئەنفال و تراژیدیاکانی تری کورد دەنووسیت تەنها کوردبوونی تۆ بەس نییە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی مەزن بنووسیت، بەڵکە گەر تۆ داهێنەرنەبیت ناتوانیت نووسینێک بهێنیتەبەرهەم کە شایستەی تراژیدیایەی ئاوا گەورەبێت. ئاشکراشە ئێمە لەچەند دانە بەرهەمێکی کەمی داهێنەرانە هیچی ترمان نییە لەسەر ئەنفال کە هیچ نەبێت تا دەیان ساڵی تر بەکەڵکی خوێندنەوەبێن.
ئەم تراژیدیا گەورانەی کە بەسەر میللەتاندا دێن وەک نموونەی ئەنفال، تراژیدیای هەموو نەوەکانی دواتریشە، نەک تەنها ئەو نەوانەی کە تیایدا ژیاون بەڵکە ئەوانەی کە سبەینێیەک یەک لە دوای یەک دێن و بە چاوی جیاواز و مانای جیاوازەوە دەیخوێننەوەو قسەی لەسەر دەکەن، وەک چۆن تا ئێستا

هۆلۆکۆست کەرەستەیەکی هەمیشەیی کاری هونەری و ئەدەبییە، نەک تەنها بۆ خەڵکی جولەکە بەڵکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. بێگومان ئەنفالیش دەبێت هەر وابێت، بەڵام دەبێت ئەو جیاوازییە لەنێوان ئەم دوو کارەساتەدا بکەین، هۆلکۆست دوای ئەوەی بوو بە هۆشیارییەکی کلتووری و دنیایی ئەوسا بوو بە خاوەنی زیندوویییەک بۆ بەرهەمهێنانی هەموو ئەو کارە سەرکەوتووانە. تەنانەت تا ئەوڕادەیە کە لە فلمێکی وەک "**ژیان جوانە**"ی "ڕۆبێرتۆ بێنینی"دا دەبیینین ئەم کارەساتە بە شێوەیەکی کۆمیدی گوزارشتی لێدەکرێت.
من پێموایە گرنگترین کار لەسەر ئەم وەچەیەی ئێستا لەسەر ئەنفال بەتایبەتی توێژی ڕۆشنبیرانی، کۆکردنەوە و بەدیکۆمێنتکردنی هەموو ئەو شتانەن کە پەیوەندی بەو ئینسانانەوەبووە کە ئەنفالکراون. کە ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ کردنی ئەنفال بۆ هۆشیارییەکی کلتووری و سیاسی.

بۆ نموونە کەسیکی وەک "ئەدۆرنۆ" سەبارەت بە هۆلۆکۆست دەڵێت: "پێویست ناکات هیچ شیعرێک دوای هۆلۆکۆست بنووسرێت"، ئەم ووتەیەی ئەدۆرنۆ لەو گۆشەنیگایەوە دێت کە ئیتر شیعر بەفریای باسکردن و گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە ناکەوێت و ئەم تراژیدیایە خۆی لە شیعر مەزنترە. کەچی "ئیمری کیرتز"ی جولەکە کە خەڵاتی نۆبڵی 2002ی وەرگرت، دەڵێت: " من هەرچی بنووسم هەر باسی هۆلۆکۆست دەکەم و فریاش ناکەوم لە ژیانمدا هەموو شتێکی لەسەر بڵێم".


لەبەر ئەوە ڕای زۆر جیاواز هەیە لەسەر ئەو تراژیدیا گەورانەی کە بەسەر میللەتاندا دێن، ئەنفالیش بەدەر نییە لەو سەرنجە جیاوازانە لە ناو ئەدەبدا. کە هەمیشە کەرەستەیەکە دەکرێت لە زۆر ڕووی جیاواز و لە زۆر سەردەمی جیاوازی تردا قسەی لەسەربکرێت.

بەڵام گلەییکردنی ئێمە لەسەر کەمنووسین لەسەر ئەنفال بە زمانی کوردی لە ئەدەبدا، گلەییەکی تا ڕادەیەک ڕۆمانسیانەیە، چونکە دەبێت بزانیت ئێمە خاوەنی چەند قەڵەمی داهێنەرانەی کوردین تا ئەم داوایە ڕووبەڕووی نووسەرانی کورد بکەینەوە. بەڵام بۆ ئەوەی لە ئێستادا خۆمان لە گلەیی کوشندەی نووسەرانی وەچەکانی داهاتوو ڕزگاربکەین، کۆکردنەوەی هەموو دۆکۆمێنتەکانە لەسەر ئەنفال. کێ دەڵێت وەک چۆن "تۆڵستۆی" ڕۆمانی جەنگ و ئاشتی لەسەر دۆکۆمێنتەکانی ڕابردووی ناو ڕووسیا نووسی، ئاواش سبەینێیەک چەندەها نووسەرو هونەرمەندی داهێنەری کورد کار لەسەر ئەو دۆکمێنتانە ناکەن کە دەبێت لە ئێستادا کۆبکرێنەوە.

بیرکردنەوە لە ئەنفال، تەنها لەڕێی بیرکردنەوەی ئەدەبیی و هونەرییەوە ناکرێت، بەڵکە ئەمە بیرکردنەوەیەکی ویژدانیانەی ناو هەناوی کۆمەڵگەیەکە کە دەبێت زۆرینە بەشداربن تێیدا. واتا دروستکردنی ئەم بیرکردنەوەیە زۆر هەمەلایەنە، واتا دروستکردنی هۆشیارییەکی گشتی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، کە سیاسەت بەدەرەجەی یەکەم کاری نەخشەکێشانی هەیە بۆ دروستکردنی ئەم هۆشیارییە، هەر لە بەشداریکردنی ئەنفال لە

بەرنامەکانی پەروەردەو ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و دینیەوە تا دەگاتە هەموو ئەو بۆنانەی کە بۆ یادهێنانەوەی ئەم تراژیدیایە پێویستن، ئەوکات دەکرێت ئەدەبیش وەک کایەیەکی ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵگا بەشێک بێت لەو هوشیارییە نەک هەمووی.

یەنیوەری 2007



ئیسماعیل حەمەئەمین

هەستی ڕەخنەگرانە ئەو هاوسەنگیە ڕادەگرێت لەنێوان ڕۆچوون بۆ نێو مەزنیەکان و خوماربوون بە شکۆداریەکان، هاوسەنگی خود ڕادەگرێت بۆ ئەوەی لەنێو ڕابوردوودا قەتیس نەبێت و ژیان بەهەموو ڕەنگەجوانەکانیەوە لەئێستادا ئامادەبێت.

ئیسماعیل حەمەئەمین

پرسیار: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕوویبدایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێبدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت هەم لەلایان وڵاتانی

**دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەورووپاش.**

**ئیسماعیل حەمەئەمین :** بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت دوو هەڵوێستە بکەین ، یەکێکیان مێژوویی و ئەوی دیکەیان ئایینی!. لەیەکەمیاندا دەبێت باس لەو پەیوەندیە مێژوویە بکەین کەلەنێوان کورد و (بەنێو دراوسێکانیدا) خۆی درێژ کردۆتەوە، بێگومان دەستەواژەی دراوسێکانی کورد بە یەکێکی وەکو من قووت ناچێت!، چونکە من لەو بڕوایەدا نیم کورد دراوسێی هەبێت، بەقەد ئەوەندەی داگیرکەری پۆست کۆلۆنیالی هەیە. پەیوەندی کورد لەگەڵ حکومەتەکانی لەگەڵیدا دەژی پەیوەندیەکی زۆرەملێ و تۆبزیە، ئاگر و ئاسن و سوپا و چەندەها دەزگای داپڵۆسێنەر لەنێوان کورد و حکومەتەکانی وەک ئێران وتورکیا و ئێراقدا،کاراکتەری ئەو پەیوەندیە دیاری دەکەن. تەنانەت لەدوای ڕوخانی سەدامیش ، تاوەکو ئێستا هەمووان بەگومانەوە سەیری نیەتی ئەو حکومەتە ئێراقیە دەکەین کەسەرۆکەکەی کوردە!. لەبەر ئەوە پەیوەندیەک نیە لەنێوان کورد و درواسێکانیدا، بەڵکو پەیوەندیەک هەیە لەنێوان داگیرکار و داگیرکراودا، لەنێوان جەلاد وقوربانیدا ، لەنێوان بکوژ و نێچیرەکەیدا. بەمانایەکی دیکە پەیوەندیەکی پڕ ترس و بەدگومانی و نیگەرانی بێ بڕوایە، پەیوەندیەکی نەخۆشانەیە، پەیوەندیەکە فۆبیایەکی مەترسیدراری لەهەناویدا حەشارداوە، فۆبیایەکی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە و بەدرێژایی مێژوو خۆی بەرهەم دێنێتەوە. ئەم جۆرە پەیوەندیە هەر شتێکی ناوبنێت لەم

دنیایەدا ، ناتوانرێت ناوی پەیوەندی نێوان دروسێ و دروسێیی لێ بنێت، پەیوەندیەکە سەدەیەک خوێن هەیە لەنێوانماندا، لەنێوان ئێمە و حکومەتەکانی ئێراق ، لەمەلیکەوە بیگرە تاوەکو حکومەتی قاسم و بەعسیەکان، لەنێوان ئێمە و حکومەتە یەک بەدوا یەکەکانی ئێران تاوەکو ئاخوندەکانی ئێستا، لەنێوان ئێمە و مەملەکەتی عوسمانی تاوەکو دامەزراندنی تورکیای ئەتاتورک، لەنێوان ئێمە و بەعسی سوریادا. مێژوویەک لە کوشتن و بڕین و تالانی و خاپوورکردن و سوتماکی خاک و کۆمەڵکوژی و زیندانی بێ سەرو شوێن لەنێوانماندا هەیە. ئیدی دەبێت کامە دروسێ بوونی هەبێت ، تاوەکو ئێمە بتوانین لەو ڕوانگەیەوە بێدەنگبوون یاوەکو ئاشکراکردنی پرۆسەی تۆقێنەری ئەنفالی لەسەر بینابکەین !. ئەمە گەڕانەوەیەکی مێژوویە بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال نەک کەفوکوڵێکی کوردانەی نەتەوەچیانەی کوێر ، ئەمە جۆری ئەو پەیوەندیە کەهیچ لۆجیکێکی مرۆیانەی لەخۆ نەگرتووە ، بەقەد ئەوەندەی کارەساتی گەورەیی مرۆیی لەپشتەوەیە و لەترۆپکیدا دەگاتە ئەنفال، ئەمە ئەم بوعدە مێژوویە کەجۆری پەیوەندی ئێمە بە حکومەتەکانی ناوچەکەوە دیاریدەکات، کەپەیوەندیەکی ناجێگیر و پڕ گومان و ڕەشە بەهەموو مانا واقیعی و مێژوویەکەیەوە.
کاتێک ئازیزم باس لە دراوسێ دەکەین ، دەبێت ئێمەش لەئاستی ئەواندا بین ئەمجا دراوسێین !، ئیدی گەر دراوسێـیەک خراپ بێت یان باش بێت ، ئەوا چی لەو ڕاستیە گومان لێ نەکراوە ناگۆڕێت کەئێمە خانەیەکی خۆمان هەیە کەدەتوانین دەرگالەسەر خۆمان دابخەین، بەڵام ئەمە لەتێڕوانینمان بۆ ئەنفال

و جینوسایدی کوردا تەواو جودایە ، ئێمەماڵێکمان نیە تاوەکو درواسێمان هەبێت، ئێمە تاوەکو ئێستاش وەکو کرێـچـیەکی ڕەزاگران مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرێت ، کەچاویان لەسەرمانە شەوی چەند جار دەچین بۆ میزکردن و چەندە ئاو بۆ مەسینەکانمان بەکار دەهێنین!!. لێرەوە هاوکێشەی ئەنفال دووریەکی دیکە وەردەگرێت، گەر تۆ کرێچیەکی ڕەزاگران بیت و پارە نەدەیت، ئەوا مافی ئەوەشت نیە داواکاریت هەبێت وەک .کرێچی ، چ جای وەک درواسێ

لەوانەیە ئێستا بەڕێزت وا مەزندە بکەیت کەمن چوومەتە نێو هاوکێشەیەکی ئەبستراکەوە ، بەڵام دەمەوێت لەم نمونەی دراوسێ و کرێچیەوە بێمەوە سەر ئەو دوورە مێژوویەی لەڕێگەی پەیوەندی نێوان ئێمە و حکومەتەکانی چواردەورمان بە دەستەواژەیەکەوە پەیوەندیدارمان دەکات ، کەبەندە هەمیشە بیری لێدەکاتەوە، ئەویش دەستەواژەی ( ڕەوابوونی کوشتن)ە ،ئەم دەستەواژەیە چەندە دووری سیاسی و فیکری هەیە ، ئەوەندەش لای من دووریەکی ئەدەبی بێ وێنەی لەخودی خۆیدا هەڵگرتووە، مەبەستم لە ڕەوابوونی کوشتن ، ئەو هێزە سایکۆلۆژی و ئیدۆلۆژیە کە ڕەوایەتی دەدات بەکوشتنی مرۆڤ، ئەو هێزەی شەرعیەت دەدات بەلەوناوبردنی (بێگانە)، بەلەناوبردنی دوژمنان بەتەعبیری بەعسیەکان، یاخود کافرەکان بە تەعبیری ئیسلامەوی وجیهادیەکان ، یاخود تیرۆیستان بەتەعبیری لیبرالیزمی نوێی ئەمریکایی!!. ئیدی ئەو هیزەی شەرعیەت دەدا بەکوشتن دەگەڕێتەوە بۆ بنەما مێژوویەکانی پەیوەندی خۆی بەو کەسەی دەیکوژێت، مومکین نیە تۆ

بکوژێک بیت لەبەفر ، تۆ لە ئاگری کەڵکەبوونی ڕقێکی مێژوویی و ئیدۆلۆژی پێکهاتووی، کەچەکێکی داوەتە دەستت، نێوی ڕەواخوازیە ، شەرعیەتێکە بۆ کوشتن. مادامەکی تۆ کرێچیەکی بێ ئەدەب و تێکدەر و موخەریب و موئامەرەچیت ، ئەوا پاکژکردنەوەی تۆ لەڕێگەی کوشتنەوە ، تاوان نیە بەقەد هێندەی ئەرکێکی نیشتمانی و تەنانەت ئینسانیشە، مادامەکی کۆمەڵگە لەو پارچە بێگانەی نێوی ڕزگاری دەبێت! . ئەمەو خاڵی سێنترالّی پێکەوەبەستنی پەیوەندیە مێژوویەکانی ئێمەیە بە دەسەڵاتدارە ڕەسمیەکانی تورک و عەرەب و فارسەوە ، بەوەی ئێمەی کورد هەمیشە سەرئێشەیەکی بەردەوام بووین ، هەڕەشەیەکین بۆ سەر قەوارەیەکی یەککگرتوویی ئەوان، یاخود هەمیشە ئەمە لەگوتاری سیاسی حکومەتە داگیرکەرەکاندا دووبارە دەبێتەوە، کەئێمەی کورد هەڕەشەیەکین بۆ یەکێتی خاک و نیشتمانی ئێران و ئێراق و تورکیا وسوریا، ئیدی لەم ڕاستیە سادەوە ، (ڕەوا بوونی کوشتنی کورد) لە ئەقڵیەتی ڕەسمی و توندوتیژی ڕەسمی و بیروکراتی ئەو حکومەتانەدا وەک هۆکارێک پەنای بۆ دەبرێت.

ئەم خاڵە دەمانبەستێتەوە بە خاڵی دووهەم ئەویش (جەوهەری ئاینی) پڕۆسەی ئەنفالە کەبەهەمان شێوە لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێی خاوەن دەسەڵاتێکی ئاینی وەک سەعودی عەرەبی پێشنیازی بۆکرا و لەلایەن گشت عەرەبی ئیسلامیشەوە بە ئاشکرا و بەبێدەنگبوونیان سەری ڕازیبوون و ڕەنگی سەوزی ُپەڕینەوەیان بەکۆمەڵکوژی ئەنفال بەخشی، مادامەکی هەردوو ئاواتە مێژوویی وئاینیەکە لەیەک پڕۆسەدا یەکدەگرنەوە. لێرەوە

(ڕەوابوونی کوشتنی کورد) وەک جەستە هێزی خۆی لەو دوو ڕەهەندە مێژووییی و ئاینیە پڕ هەڵە و توندوتیژیە وەرگرتووە .. کەواتە لەنێو ئەم تۆڕە ئاڵۆز و تێک ئاڵاوادا ئەم پەیوەندیە خۆی شێوەباز کردووە ، بەهیچ شێوەک گوتارێک نابینیت کەنێوی گوتاری لێبوردن وپێکەوە ژیان بێت ، بەدرێژایی مێژووی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورک و عەرەب و فارس خۆمان لەنێو ئەم جۆرە هاوکێشە ناماقوڵ و پڕ پارادۆکسانەدا بینیوەتەوە . دراوسێکانمان بەتەعبیری تۆ ، نەک هەر دراوسێ نین بەڵکو بەردەوام خەون بەئەنفالی دیکەوە دەبینن، بۆنمونە گوێبگرە لەو دەنگۆیانەی بەنێو شیکارە عەرەبە عێراقیەکان لەدژی کورد لەسەر کەناڵە عەرەبیەکان دەیبێژن ، دەستەواژەی ( ئەمە بۆ خۆیان باش نیە ) دیارە مەبەستیان لەکوردە ، یاخود سەیر لەوەدایە ئەوانە ئەو قسەیە دەکەین کە لەمەنفاکاندا کەوتوون و هیچ پێناسەیەکیان نیە، کەچی کەدێتە سەر مەسەلەی کورد (بۆنمونە لەسەر مەسەلەی ئاڵای کوردستان دەستەواژەی ( بۆخۆیان باش نیە ) دووبارە و سەد بارە دەکەنەوە .. مەبەستم لەم نمونەیە و سەدەها نمونەی دیکە ئەوەیە کەئەنفال لە نێو مێشکی شۆڤێنیەتی عەرەبی کۆتایی نەهاتووە و ئەگەرێکی دواخراوە بۆ کاتێک سوپای ئێراق جارێکی دیکە خۆی پڕ چەک دەکاتەوە . تەنانەت بەنێو ڕۆشنبیرە عەرەبەکانیش ، چیرۆکنوسەکان کەباس لە تەفکیک و بنەماگەرایی و وجودیەت و تێزی فەلسەی دەکەن ، ئەوانە لە هەموو قەومەجیەکانی دیکە خراپتر دژی ئێمە قسە دەکەن، بۆ نمونە دادگایی سەدام، کەدادگایەکی هەزەلی بێ ئاست ولاوازە لەئاست گەورەیی

مەسەلەی جینۆساید و ئەنفالەوە ، کەچی یەک کەناڵی عەرەبی ئامادەنەبوو ئەو قورسایەی بداتێ کە وەک داداگایی مەسەلەی دوجێل ، بۆچی ؟!! ، هەر لەبەر ئەوەی لەوێ چەند سەدکەسێکی عەرەب کوژوران، لەبەر ئەوە کەناڵە عەرەبیەکان دەچنە ووردەکاری دادگایەکەوە، کەچی کاتێک دێتە سەر کارەساتێکی گەورەی ئاوەها کە پێموایە ( هۆلۆکۆستی دووهەمی جیهانە) ، کەچی یەک کەناڵ ئامادەنیە قورسایەکی ئیعلامی پێ ببەخشێت .. لەم نمونەی ئێستاکێوە دەتوانین لەو ئەقڵیەتە شۆفێنیە تێبگەین کەلەپشت هۆشمەندی گەلانی عەرەبەوە سەما دەکات.
دیارە وەکو باسم لێوەکرد هەردوو هۆکارە ئاینی و مێژوویەکە لەبەرمبەر جینۆسایدی کورد پابەندن پێکەوە، لەبەر ئەوە ناکرێت ئەم لەوی دیکە جیابکەیتەوە ، ناتوانیت هۆکاری ئاینی وەکو تێڕوانینی ئیسلامی جیهادی بۆ کورد وەکو (ئەهلی زیمە) مانای ئەوانەی لەدەرەوەی ئەڵقەی ئیسلامن، لەو کارەساتانە جودا بکەیتەوە کەئیسلام لەنێو کوردا کردوویەتی، لەو تێڕوانینە جوادی بکەیتەوە کە ئیسلامی جیهادی هەیەتی بەرامبەر میللەتانی غەیرە عەرەب . لێرەوە گوتاری پان عەرەبی ئیسلامەوی بەشێوەیەکی دیکە کار دەکات ، بەڵام لەخزمەتی هەمان ئامانج ئەویش پاکتاوی ئیتنی و نەتەوەیی کوردە ، کە ترۆپکی وەحشیەتی لە ئەنفالدا خۆی دەبینێتەوە.
دیارە ئەمانە باس دەکەم بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین ، فەرامۆشکردنی ئەنفال پەیوەندی بەوە نیە کەلەوڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا ڕوویداوە ، بۆیە ڕۆژئاوا گرنگی پێنادات، بەمانای لێرەدا گوتارێکی (ئۆرێنتالیستی & ئیستشراقیانە) هەیە

، کەڕووداوەکانی نێو چوارچێوەی ڕۆژهەڵات بە هەند وەرناگرێت و چەندەها بوعدی جیاوازیش دەدات بە ڕووداوەکانی نێو وڵاتانی خۆیان !!لەوانەیە ئەمە لە بەشێکیدا ڕاست بێت، بەڵام لەوبڕوایەدانیم کەتەنها هۆکاری سەرەکی بێت. ئەوەی زیاتر هۆکاری بێدەنگبوونە لەبەشێکی سەرەکیدا دەگەڕێتەوە بۆ دراوسێکانمان بەتەعبیری تۆ ، ئەوان وەکو باسمکرد نایەنەوێت ئەو پڕۆسە وەحشیە بە جینۆساید ناوزەد بکەین ، تەنانەت حکومەتی ئێراقی تازە خۆی لەم مەسەلە گرنگە دەدزێتەوە، دۆزە بەدەرخونەی دەکەن ، بۆنمونە دەڵێن : خۆ تەنها کورد تووشی کوشتنی بەکۆمەڵ نەبووە، شیعەکان و هەموو ئێراقیەک قوربانیەک بووە و بە قاچی خۆی بەڕێگەدا ڕۆیشتووە !! ، ئەمە چەندە ڕاستە ئەوەندەش لەناواخنیدا پڕۆسەی ئەنفال ڕیز دەکات لەپاڵ کۆمەڵێک ڕووداوی دیکەی مێژووی درێژی حکومەتی ئێراقی ، بەمانای کورت و پوختی دەکاتەوە بۆ سەر ڕووداوێک لەپاڵ ڕووداوەکانی دیکە ، ئەمەش وامان لێدەکات هەمیشە گومان بکەین لەو دۆستەی ئێستا دەیەوێت لەگەڵماندا لەچواچێوەی ئێراقێکی فیدرالیدا بژی ، مەبەستم بەتایبەت لە عەرەبە ، گومانێکی گەورەیە کاتێک یەکێک کوژرانی جەرگت بەوە پاسا بکاتەوە کەتۆ یەکەم ودوا کەس نیت کەجەرگت سووتابێت!، ئەمە دووبارەئەنفالکردنەوەی ( ئەنفالە) ئەمجارەیان لە لایەن ئەقڵی سیاسی عەرەبیەوە پیادەدەکرێت .. تاوەکو ئێستا حکومەتی ئێراقی بەگشتی باس لەئەنفال دەکات لە پاڵ هەموو ڕووداوەکانی وەک دوجێل و کوشتنی شیعەکان و ئەوانی دیکە ، بەمەرجێک ئەنفال بوعدێکی

تەواو جوداوازی هەیە وەک لە ڕووداوەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی لەپشتیەوە پرۆسەیەکی ( نەخشە بۆ کێشان و هەڵبژاردن ) وەستاوە، لەپشتیەوە ( پاکتاوی نەژادی ) وەک گوتارێکی سیاسی لەئەقڵی پان عەرەبیزمی بەعسیزمدا وەستاوە،لەپشتیەوە (دەبڵ مۆراڵی ) و دووڕوویی ئەخلاقی ئەقڵی تەکنۆقراتی ڕۆژئاوایی وەستاوە ، کەبەسەدەها فابریک و پرۆفیسۆرەکانیان ، بەچاونوقاندن لە سروشتی دڕەندەی ڕژێمی بەعس و پیاوکوژەکانی ، ژەهریان داوە بەکۆمەڵێک شێت و پیاوکوژ ،بەمەرجێک سوور دەیانزانی حکومەتی ئێراقی خۆی بەهیچ ئەخلاقیاتێکی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی نابەستێتەوە!. لەپشتیەوە دووڕوویی گوتاری ئیسلامی سیاسی وەستاوە، کەدەوڵەتانی ئیسلامی و بزوتنەوە ئیسلامەویە عەرەبیەکان بەویژدانێکی مردوو خۆیان لەو هەموو ژەهراویەکاندن و قەڵاچۆیە گێل دەکرد لەدژی میللەتێکی موسوڵمانی بێ چەک و بێ دیفاعدا دەکرێت. لەوپشیەوە کۆمەڵێک پرسیاری گرنگی مێژوویی و ئەخلاقی و فیکری ئاڵۆز وەستاون ، بەعس خۆی دەکات بەنێو ئەم کەلێنە گەورانەی گوتاری ئیسلامی لەلایەک و گوتاری تەکنۆکراتی ڕۆژئاوا لەلایەکی دیکە ، بەسوود وەرگرتن لەو کەلێن و دەبڵ مۆرالی و دووڕوویی ئەخلاقیە، ئەنفال ئەنجامدەدات.

لەسەرێکی دیکەوە بە نەخشەیەکی موحکەم و تەواو ئامادەباشیەوە، پاکتاوی نەژادی و قەڵاچۆی پابەند کردووە بە گوتارێکی ئاینیەوە، کەلەسورەتە جیهادیەکانەوە ئیلهامی خۆی وەرگرتووە. دوو چەمکی نەخشە بۆ کێشراوی لە یادەوەری

عەرەبەوە هەڵێنجاوە ، یەکەمیان چەمکی نەتەوەی عەرەبی و هەڕەشەکانی سەر یەکگرتووی ئەم قەوارەیە، کە کورد یەکێکە لەو هەڕەشانەن کەئەمەش بزاوتنی ئەقڵیەتی نەتەوەچێتی و قەومەجی عەرەبە بە هەموو توێژو چینەکانیانەوە ، دووهەمیان جوڵاندنی ئەقڵیەتی ئیسلامی جیهادیە کەئەمیش کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکە بەعەجەم و ئەهلی زیمە لەقەڵەم دەدا و بێبەریان دەکات لە بەها ئاینی و مرۆیەکان. بەشێوەیە ئەم ئەقڵیەتە بەعسیزمە کەلەخودی خۆیدا هەڵگری تۆوی جینۆسایدە وەکو ستراتیژی کارکردنی دەسەڵات لە بەرامبەر نەیارانی ، ئەم ئەقڵیەتە بەهەمان هێزیش خاوەنی ئالیەتێکە بۆ تەمومژاویکردنی ڕاستیەکان و کپکردنی هەموو دەنگێک لە ناوەوە بۆ دەرووەوە، بەسوود وەرگرتن لەو هۆکارە مێژوویانەی زۆرانبازی کورد لەدژی دەسەلاتدارانی ڕەسمی تورک و فارس . ئەمە لایەنێکی گرنگن بۆ تێگەیشتن لەو بێدەنگبوونە لە ئەنفال. لایەنێکی دیکە لەدوای ڕاپەڕینەوە دەردەکەوێت و ئێستاش بەتایبەت کەکورد خاوەنی قورسایەکی سیاسیە لە ناوچەکەدا ، ئەویش لایەنی بێدەنگبونی خۆمانە لەمەڕ ئەنفال و بێدەنگبوونی ناهاوشیارانەی هەمووانە لە کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوەی کە تاوەکو ئێستا ئێمە بەترسنۆکی و شەرمنی و (هەستی قوربانی) یەکەوە باسی لێوە دەکەین ، ئەم لایەنەش خاوەنی باسێکی تایبەتە . .

**پرسیار: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیس بووە دەگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کلتوری، لەو بێدەنگییەی کە**

**خاوەنی قسەنییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بەدەنگی بەرز.**
**هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:** بێگومان بەشێک لەو بێدەنگیەمان لە وەڵامی پرسیاری پێشوو گەڕاندەوە بۆ هۆکارە مێژوویی و ئاینیەکان و لەمەڕ جەوهەری ناوازەی  ئەو پەیوەندیە دواین، بەڵام بەشێکی گرنگی ئەو قسەنەکردنە دەچێتەوە نێو ماڵی کوردی ، لەوانەشە بلێین کەکورد خۆی لەسەری بەرپرسیاربێت. بامن ئازیزم لەم ڕاستیە سادەیەوە دەست پێبکەم ، ئەویش لەچەند چاوپێکەوتنێکی دیکەدا دووبارەم کردۆتەوە، لەنمونەیەکی زۆر سادەوەیە کەلەئەوروپاوە سەرنجمدا، ئەویش ئەوەیە، کەزۆربەی ئەوانەی مافی پەناهەندەیی وەرناگرن هۆکارەکەی ئەوەنیە خاوەن مەسەلەیەکی تایبەت و بایەخدارنین، بەپێچەوانەوە، هەندێکیان کێشەی قوڵی مرۆیی و سیاسیان هەیە لەگەڵ دنیادا، بەڵکو هۆکارەکەی زمانەوانیە، بەڵێ زمانەوانیە بەمانای تەعبیرکردن لەخودی خۆت، دەربڕینی هەست و نەست و چیرۆکەکانت، ئەمە فاکتەرێکە، فاکتەری دووهەم پەیوەندیدارە بە دەرک پێکردنی قەبارەی کارەساتەکان و شوێنایان لەمێژوودا، بەمانای هۆشمەندیەکی مێژوویی. ئەم دووفاکتەرە کەیەکەمیان ڕیتۆڕیکی و خیتابی یان تەعبیریە و فاکتەری دووهەم کە هۆشمەندی خودە لەئاست کارەساتەکانە کەبەهۆشمەندی

مێژوویی ناومان برد، ئەم دووفاکتەرە پێکەوەڕا خودی کوردی لەسەر ئاستی ئینديڤیدوال و تاکرەودا و لەسەر ئاستی هۆشمەندی کۆمەڵایەتی پێکهێناوە ،ئەمانە کاریگەری خۆیان هەبوو لەسەر  قسەنەکردن ، یاخود من لێرەدا بە (نائاخاڤتن) ناوی دەبەم، ئەم نائاخفتنە ، لەنێو سێبەرە یەک بەدواهاتووەکانی ئەم دوو فاکتەرە (تەعبیری و مێژوویەدا) خۆی دەبینێتەوە. بۆ نمونە کاتێک ئەنفال کراوێک باس لە خاپوربوون و کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەدان دەکات، ئاوەها باسی دەکات وەک ئەوەی باس لە سەفەرێکی کورت بکات بەنێو سارایەکی گەرمدا، ڕستەکانیان کورت و دوورن لەجەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان، باسەکان ئەوەندە لاواز دەگێڕدرێنەوە کە قەناعەت بەهیچ گوێگرێک ناکات کەئاگای لە کارەساتەکان نەبێت. بەشێکی زۆری کێشەی پەناهەندە کوردەکان ، تەنانەت ئەفغانەکانیش ، ئەوەیە کە هەمیشە لێکۆڵەرەوە خۆی لەبەردەم کەسێک دەبینێتەوە کەباس لەکارەساتێکی گەورە دەکات بەچەند ڕستەیەکی لاواز ، ئیدی وا مەزندەدەکرێت کەئەمە ڕووداوێک نەبووە ڕوویدابێت ، بەڵکو ڕووداوێکە بیستراوە و ڕاستیەکانی ڕوون و  ئاشکرانین .. بۆ دوور بڕۆین لەکۆتایی مانگی ئاوگۆستی 2006 دا دادگایی سەدام و عەلی کیمیاوی بوو لەسەر مەسەلەی ئەنفال ، شاهیدەکان ئەوەندە لاواز  لەنێو ڕستەی کورت و  ناتەعبیردا خۆیان بینیەوە، کەئەز مەزندەی ئەوەم دەکرد ئەمانە ڕووداوەکەیان بیستووە نەک تێدا ژیابن!. ئەمە کێشەکەیە هاوڕێم ، تەنانەت پارێزەرە کوردەکانیش لەشەرمێکی سەیردا دەسوڕانەوە ، بەپێچەوانەی ئەوانەوە، پارێزەرەکانی

سەدام و عەلی کیمیاوی و تاوانباران ، گاڵتەیان بە شاهیدەکان دەکرد ، قاقا پێدەکەنین ، لەگەڵیشیدا حاکمیشیان هێنایە پێکەنین. لەم نمونەیەوە هەست بەلاوازی (نائاخفتنی) کورد دەکەیت بەرامبەر مێژووی خۆی ، بەرامبەر خودی مێژوویی خۆی کەهێشتا لێی ونە و بەدویدا دەگەڕێت. بۆ تێگەیشتن لە خودی مێژوویی پێویستمان بە هەڵوێستەیەکی کورتخایەن هەیە لەبەرامبەر ئەم چەمکە، نیتچە باس لەسێ تێڕوانینی جیاواز دەکات بۆ مێژوو ، یەکەمیان تێڕوانینێکی مەزنگەرایانە دووهەمیان پارێزگار و( ( Monomental (مۆنۆمێنتاڵ و سێهەمیشیان ڕوانینێکی (Antiquarische کۆنەخواز ڕێگەم بدە چەند دێڕێک لە (Kritisch) ڕەخنەگرانەیە فریدریک نیتچەوە قەرزبکەم کەخزمەتی وەڵامەکەمان دەکات ، نیتچە پێیوایە کە ئەم سێ تێڕوانینە [خزمەتی ژیانی میللەتان دەکات ، هەر میللەتەی بەپێی توانا و هێزی ، بەپێی ئامانجاکانی و پێویستی خۆی لە ڕابوردووی خۆی دەڕوانێت . هەندێک جار بۆ مەزن کردنی ڕابوردوو ، هەندێک جاریش وەک کۆنەخوازێک ، هەندێک جاریش بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە [لەڕابووردوی خۆی دەڕوانێت

سەرچاوە :فرریدریک نیتچە : سوود و زیانەکانی مێژوو بۆ ژیانمان . چاپخانەی ڕیکلامی ئەڵمانی .1970 ل 34

ئەم سێ تێڕوانینە پێویستیەکانی ژیانی ئێمەیە بۆ دەرکپێکردنی ڕابوردوو، مەزنایەتی بریتیە لەو کەس و ڕووداوە گەورانەی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک دەخاتە نێو قۆناغێکی نوێ ، زیندووی دەکاتەوە، هێزی دەداتێ بۆ بەردەوامبوون و

ناسینی خۆی ، هەموو سەرکردەگەورەکانی مێژوو، هونەرمەندە گەورەکانی ، موزیکارە مەزنەکانی ، شاعیر و ئەدیبە بەتواناکانی ، زانایەکانی  و هەموو ئەو کەسانەی لەجەنگەگەورەکانی سیاسەت و کولتور و مانەوەدا مانایەکیان بەخشیبێت بەکۆمەڵگە و بەژیانی ، چرکەساتی ئەوان لە مێژوودا ، چرکەساتی مەزنایەتی مێژووە، ئەم مەزنایەتیە هێزێک دەبەخشێت بەکۆمەڵگە بۆ ئەوەی لە ژیانی ئێستاکێیدا لاواز نەبێت، ئاوڕدانەوەیەکە لەمێژووی خودێک کەئێستا لاواز بووە و لەڕابوردوودا بەدووی دڵنەوایدا دەگەڕێت ، بۆئەوەی بتوانێت هێزێکی دیکە بەرهەم بهێنێتەوە، ئیرادەیەکی نوێیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژایەتیەکانی ژیان ، بێگومان دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کەنقومبوون لە گەورەکردنی مەزنایەتیەکانی ڕابوردوو ، سەرمەستبوون بەو ڕابوردووە زۆر جار ئێستاکێمان ئیفلیج و گۆت دەکات، دەیکاتە ئاوێنەیەکی  ناشرینی زەمەنێکی بەسەرچوو، نەک هەر ئەوەندە وامان لێدەکات کە دۆڕانەگەورەکانمان ، عەیـبداریەکانمان، ئەزمونە پڕ هەڵەکەنمان داپۆش بکەین و بەردەکی قورسی بەسەردا بدەین، بەشێوەیەک کەزیانێکی زۆر گەورە لەڕابوردوو بدات و لەهەندێک حاڵەتیشدا بیشێوێنێت.بەڵام کۆنەخوازی مێژووگەرایی ئەو هەڵگرتنەی ڕابوردووە لەنێو خودی هۆشمەندیدا دەپارێزێت، مێژوو دەبێتە شوێنێک کەڕابوردووی تێدا قەتیس دەبێت، ڕابوردوو دەبێتە شوێنێک کەئیلهام بەخشی ژیانی ئێستامان دەبێت، لەو هەستە کۆنەخوازە مێژووگەرایەوە ژیانی ئێستا بە پێوانەکانی ڕابوردوو دەپێورێت ، دیارە ئەم هەستە کۆنەخوازیە چەندە

لەڕووی پاراستنی پێناسەیانەوە بۆ میللەتان گرنگە، چەندە هەڵگری نۆرمی کلاسیکیەت و بنەماگەری ڕابوردووە لەو کۆمەڵگەیەدا، لەسەرێکی دیکیشەوە زیان بەخشە گەر لەو هەستە کۆنەخوازیە قەتیس بین ، بێگومان ناشبێت ئەوە لەبیر بکەین کە گەشانەوەکانی ئێستاکێمان پابەندن بە ڕابوردووە و نشوستیەکانی ئێستاکێشمان پەیوەندیدارن بەکەڵەکەبوونی هەڵەکانی ڕابوردوو ، بەمانای ڕابوردوو هەمیشە لەپێچەکانی ئێستاکێماندا سەمای خۆی دەکات، بەڵام ئەم هەستە کۆنەخوازیە مێژووگەرایە، خود لەنێو ڕابوردوودا قەتیس دەکات ، هەموو ئێستاکێ یەک لەنێو ڕابوردوودا خۆی ئاوێنەیی دەکاتەوە. زۆر لەو هێزە ئۆرتۆدۆکسیانەی پەلاقاژەی دەسەڵاتیانە ، یاخود بەشێکن لەدەسەڵات، چ لەڕۆژئاوادا بن یاوەکو ڕۆژهەڵات، لەهەموو کرانەوەیەک بۆ سەر ماناکانی لێبوردن و پێکەوەژیان و تێکەڵاوبوون و گۆڕانکاری دەترسێن، هەموو گۆڕانکاریەک بەلای ئەوانەوە هەڕەشەیە بۆ سەر قەوارە و بوونی ئەوان ، ئەوانە ئەوەندە لەڕابوردوودا دەژین ، کەچیدی ژیانی ئێستایان پێ قوت نەچێت. بێگومان هەردوو ساتە وەختە مێژوویەکە (مەزنگەرایی و کۆنەخوازی) چەندە خزمەتی دەرکپێکردنی ژیانی ڕابوردوومان دەکەن ، ئەوەندەش زیانبەخشن و لە پێشکەوتن دوامان دەخەن، گەر هاتوو خاوەنی (هەستێکی ڕەخنەگرانە) نەبین بۆ مێژوو ، کەزیاتر بۆ کۆکردنەوەی مەبەستەکەمان لەچەمکێکدا دەتوانین بە (مێژووگەرایی ڕەخنەگرانە) ناوزەدی بکەین ، ئەو هەستە ڕەخنەگرانە وامان لێدەکات کەخاوەنی (ڕۆحێکی بەراوردکار) بین لەنێوان ئێستا و

ڕابوردوودا، خاوەنی پێوانەکاری لۆجیکی ڕابوردوو بین بەبێئەوەی هەستی کۆنەخوازی و مەزنگەرایی ووردەکاریەکانمان لەبیربەرێتەوە، هەڵەگەورەکان لەبیر بکەین ، کاربکەین لەتاوتوێی ڕابوردوودا بەبێئەوەی سەرمەست بین بەشکۆ کۆنینەکان ، ئەم هەستە ڕەخنەگرانە شان بەشانی تێڕوانینی ئیستاتیکای مەزنایەتی ڕەوتدەکات، پارێزگارخوازیمان لە بەها باڵاکانی ڕابوردومان دەبێتە بەشێک لە تراديتسيۆن و نەریتێکی جوان کە ژیانی ئێستاکێ دەڕازێنێتەوە بە هێزە پۆزەتیڤەکانی ، هەستی ڕەخنەگرانە ئەو هاوسەنگیە ڕادەگرێت لەنێوان ڕۆچوون بۆ نێو مەزنیەکان و خوماربوون بە شکۆداریەکان، هاوسەنگی خود ڕادەگرێت بۆ ئەوەی لەنێو ڕابوردوودا قەتیس نەبێت و ژیان بەهەموو ڕەنگەجوانەکانیەوە لەئێستادا ئامادەبێت . دیارە ئەم تێزە زۆرلەوە قوڵترە ئێمە ئاوەها بەمەبەستی ڕونکردنەوە ئاسانکاریمان تێداکرد، بەڵام ئەوەی خزمەتی ئەم وەڵامەمان دەکات ئەو سێ هەستە مێژوویە کەخزمەت بە دەرکپێکردنی ڕابوردوومان دەکات ، بەهەمان شێوەش (زمان لەگۆ کەوتنمان) دەهێنتە سەرئاستی ئاخافتن ، مادامەکی (هۆشمەندیەکی مێژوویی) ژیرانە لە ڕابوردووی خۆی دەڕوانێت ، نەبوونی ئەم هۆشمەندیە مێژوویە ، بەم سێ ڕەگەزە گرنگەیەوە (مەزنگەرایی و کۆنەخوازی و ڕەخنەخوازی ) ، زمانی مرۆیی کوردی تووشی لەگۆ کەوتنێکی ترسناک کردووە ، بەداخەوە ئەمە لەسەر ئاستی .گوتاری سیاسی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە گوتاری سیاسی کوردی لەبەردەم شێمایەکی ئاشکرادا نیە، جیهانبینیەک نیە کەپێکهاتبێت لەخەتی سوور و بەهاباڵاکان

کەهەموو نەتەوەی کورد پێوەی پابەست بێت، گرێبەندیەکی ئەخلاقی نیە ئێمە هەموو پێکەوە ببەستێتەوە وەک کورد ، وەک نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراو وبریندار، ئاستی گوتاری سیاسی لەئاوڕدانەوە بۆ ڕابوردوو لەپلەی سفردایە ، گوتاری سیاسی کوردی هەڵگری خودێکی مێژوویی نیە ، هەڵگری یادەوەریەکی مێژووگەرایانە نیە ، هەموو ڕووداوەکان تێپەڕ دەبن ، وەک تێپەڕ بوونی شەمەندەفەر بەوێستگەکاندا ، زۆرجارانیش وێستگەکان خۆیان دووبارە دەکەنەوە ، بۆ نمونە وێستگەی شەڕی ناوخۆ لە شەستەکانەوە بیگرە تاوەکو هەشتاکان و دوا شەڕی ناوخۆی خوێناویمان، تەنانەت مامەڵەی سیاسیش خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئێمە خۆمان لەبەردەم نوخبەیەک لە سیاسی دەبینینەوە کەبەسەر چەند پارتێکی سیاسیدا دابەش بوون ، چەندە لە فۆرم و نازناو و جیاوازی ناولێناندا جیاوازن ، ئەوەندە لەبنەمای گوتاری سیاسیاندا یەکدەگرنەوە، ئەم نوخبەیە نایەوێت بەهیچ شێوەیەک ئاوڕ لەڕابوردوو بداتەوە ، بەتایبەت بەشێوە کۆنەخواز و ڕەخنەگرانەکەی ، پارتێکی کوردی نیە کەهەڵگری ترادیسیۆنێکی سیاسیانەی کوردانە بێت و هێڵی جیاکەرەوەی بێت لەوی دیکە و مساوەمە نەکات لەسەر ئامانجەبالاکانی نەتەوەی کورد! ، تەنانەت کۆنزەرڤاتیفێکی کوردی بەپڕاوپڕی مانا بوونی هەبێت، هەڵگری ئەو نۆرمانە بێت ، یاخود لەخەمی دۆزینەوەی نۆرمە کوردیەکان بێت، مێژووگەرابێت وەک کۆنەخوازێک، نەتەوەیەکانی کوردیش لەچەند ڕستەیەکی سیاسی پڕحەماسی کوردانە نەبێت هیچی دیکەنین، تەنانەت توانای وەبەرهێنانی ئەدەبیاتێکی بالانەبوون لەم ڕووەوە، بەقەد ئەوەی

لایان گرنگ بووه، یەکێکی  وەک قەزافی دان بەکوردا بنێت یان نا !، یاوەکو ڕۆژهەڵاتناسێک باس لەئازایەتی کوردان بکات!!. ئێستا گەر نوخبەی سیاسی کوردی ئاوڕیان لەمێژوو دابێتەوە ، ئەوا بۆ ئەوە نەبووە کەزەمەنی ئێستاکێی کورد و کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی لێوەدیاری بکەن ، تاوەکو بزانن لەسەر چ زەویەک وەستاون، بەپێچەوانەوە، ئاوڕدانەویان بۆ مێژوو لەپێناو لەبیرکردنی قەیرانەکانی ئێستایان بووە، لەپێناو بەخشینی شەرعیەتێک بووە بەخۆیان. سەیر لەوەدایە هەموو گەڕانەوەیەکیش بۆ مێژووی پارتەسیاسیەکان بووە ، مێژوویەک بووە بۆ مەزنکردنی شکۆمەندی و سەروەریەکانی حزب و سەرۆک و سەرکردەبووە، تەنانەت میدیای ئێستای کوردیش کاتێک مێژووی کوردی بیردەکەوێتەوە کەلەگەڵ حکومەتی بەغدا توشی گرفت دەبن،یاوەکو لەکاتێکدایە کەکێشەیان لەگەڵ یەکدیدا هەبێت ..ئیدی بەم شێوەیە شکستیەکی گەورە هەیە لەتێڕوانینمان بۆ ڕابوردوو، ئەوەی کەهەیە تەنها ژیانە لەنێو ئێستایەکی ونبوودا. لەگەڵ غیابی هۆشمەندیەکی مێژوویی، هەموو یەکلاکردنەوەیەکی هەقیقەت لەنێو ماڵی کوردیدا غائیبە ، کەواتە چی دەمێنێتەوە بۆ تاوتوێکردن مادامەکی ئێمە ڕابوردووی دوور و ئێستاشمان لەنێو تەمومژدا گینگڵ دەدا، ئێمە تاکە بونەوەرین لەسەر ئەم زەویە کەبەبێ ڕابوردوو دەژین. ئەمە لایەنێکی گرنگی لەگۆ کەوتنی زمانی مرۆڤی کوردە لەبەرامبەر ڕابوردووی خۆی ، لایەنێکی دیکە پابەندە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەقڵیەتی مرۆڤی کورد و نێوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی ، مرۆڤی کورد لەژێر کاریگەری خێڵەکایەتیدا بەشێکی زۆری

توانی زمانەوانی لەدەستداوە، کۆمەڵگەی خێڵەکی ئەو کۆمەڵگەیە کە خۆت قسە ناکەیت ، کەسێک نیە بڵێت من ، بەڵکو ئێمەیەکی خێڵەکی هەیە، مێگەلیەکی سەیر هەیە کە ڕۆڵی تاک و ئیندڤیدوال دەتوێنێتەوە، بەهەمان ڕیتیمیش مافی ئاخافتن بۆ کەسەکان نیە ، بۆ تاکەکان نیە ، بۆ ماڵە کوژراو زەرەد لێکەوتەکان نیە، بەڵکو بۆ ئەو ڕیش سپی و بەنێو پیاو ماقوڵانەیە کەلەجیاتی وان قسان دەکەن. پێگەیشتنی مرۆڤی کورد لەنێو ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتیە خێڵەکیە، گەورەبوونی لەنێو سوتمێکی پەروەردەی ئاوەها کەتەنها مامۆستا مافی قسەکردنی هەبووە، لەماڵەکەیدا گەورەکان مافی گوتنیان هەبووە، لەهەموو کون کەلەبەرێکی ئەم نیشتمانە وێرانەی ئێمەدا هەمووان لەنێو نائاخافتن و ناپەیڤداری خۆماندا تەمەلانە مافی قسەکردن دەدەین بەئەوانی دیکە، بەخێڵ و پیاوماقوڵەکانی کەخۆیان لەو نوخبە سیاسیەدا دەبینێتەوە کەئەمڕۆ لەدوا ئەکسیۆنیدا نەک گرنکترین تراژیدیای ڕابوردووی کوردیان لەلا گرنگ نیە کە لە(ئەنفال) دا خۆی کۆرپەیی دەکات ، بەڵکو سەرقاڵە بە تالانبردنی سامانی نەتەوەیی کورد . ئەقڵیەتی خێڵەکی کەپێکهاتەی ئەقڵیەتی سیاسی دەسەالاتی کوردیە، ئەقڵیەتێکی دژە مێژووە ، دژە ئاوڕدانەوەیە لەڕابوردوو، ئەقڵیەتێکە ئامانجی سەندنەوەی زمانە لەویدیکە، ئامانجی گرتنە دەستی هەموو دەربڕینێکە لەوی دیکە، مراندنی هەموو ئیندیڤیدوالێکە هەوڵی تەعبیرکردن بدات لەخۆی ، ئەم هێزە مۆرکی شێوازی حوکمی دەسەلاتە بووە لە کۆنەوە تائێستا ، لێرەوە ئێمە دەتوانین لەو مرۆڤە تێبگەین کەلاوازە لەبەرامبەر ئاخافتن ، بێگومان گەر هاتوو بە لەنێو بێدەنگی خۆیدا نقوم

نەبوویێت . ئەم مرۆڤە کوردیە (ناپەیڤدارە) ، مرۆڤێکە هەموو ڕووداوێکی بەسانایی بەلادا تێپەڕ دەبێت و تەنانەت بەئاسانیش کارەساتەکان بەنێو ئەودا تێپەڕ دەبن، ڕاستە بەنێو تراژیدیا گەورەکانی مرۆڤایەتیدا تێپەڕیوە، بەڵام توانای دەربڕینی لەبەر هۆکارانەی باسمانکردن، ڕێگرە لەبەرامبەر وەسفکردنی کارەساتەکان و تاوتوێ کردنیان کاتێک مرۆڤ خاوەنی دەنگی بەرزی ئاخافتنە، کەتوانای هەیە ڕابوردووی خۆی تاوتوێ بکات، خاوەنی خودێکی مێژوویە ، لەڕێگەیەوە گرنگی خۆی لەسەر ئەم زەویە دەپێوێت، دەزانێت شوێنای ئەو لەکوێدایە و عەیبداریەکانیش لەکوێدایە، هۆشمەندەبەرامبەر ئێستای مادامەکی بەردەوام ڕابوردووی دوور و نێزێکی خۆی هەڵدەسەنگێنێت ، دەچێتە نێو ووردەکاریەکانیەوە، دەبێت بەبەشێک لە ڕۆحێکی مەزن و شکۆداری و هێز و ئیرادەی بەرگریکردن و چیرەدرێژی پێ بەخشێت، پێش ئەوەی حاکمێک لەبەردەمیدا دانیشێت ، خۆی دەمێکە لەڕێگەی ئاوڕدانەوە لە ڕابوردوو دادگایی ئەخلاقی دوژمنەکانی کردووە. ئەم خودە کوردیە ، سوبێکتێکی شەرمن و بێدەنگە، زۆر لاواز و کزو و غەمبارە ، مرۆڤێکە نازانێت چی لێ بەسەر هاتووە، مەبەستم ئەوەیە ئاستی هۆشمەندی ئەو ، لەئاستی دەرکپێکردنی ڕووداوەکاندا نیە!. لەئاستێکی پاڕانەوە و زەلیلیدایە، لەئاستێکدایە کە نوخبەیەکی گەورەی سیاسی و ڕۆشنبیر و مێژوونوس نەگەیشتونەتە ئاستی شیکارکردنی کارەساتێکی وەک ئەنفال، جەماوەریان نەهێناوەتە سەر ئاستی تێگەیشتن لە بوعدە مەترسیدارەکانی ئەنفال، ئەوەی کەهەبووە

تەنها پڕوپاگەندەی پارتی سیاسی بووە بۆ کردنەوەی لایەنگر و لێدانی نەیارە سیاسیەکانیان، دەنا هۆشمەندی سیاسی کوردی لەئاستێکی تێڕوانینیدا نیە بۆ مێژوو. ئیدی کاتێک مرۆڤێک بەو هەموو کەلێنەوە لە دەرکپێکردنی ژیانی خۆی و ڕابوردووی دەچێتە بەردەم دادگایەک ، ناتوانێت قەناعەت بەئەویتر بکات، چونکە ئەو لەنێو نائاخافتندا، لەنێو ناپەیڤداریدا، پەروەردەبووە ، کاتێکیش قسە دەکات، هەموو ڕووداوەکان وەها سانا دەکاتەوە ، کەچیتر وامەزندەبکەین کەئەم هەموو گۆڕە بەکۆمەڵە تەنها وەهمێکی نەخۆشانە بووە و لەڕاستیدا بوونی نەبووە.

بەدیوێکی دیکەدا هۆکاری نائاخافتن وەکو لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا بە تێپەڕیی باسمکرد، ئەو هەستە قوڵەی مرۆڤی کوردە بە بوونی بە قوربانی، وێنەکردنی خود وەک (قوربانیەک ) ، گەورەکردنی ئەو وێنانە لەلایەن ئەقڵی سیاسی کوردیەوە ، بەشێکی دیکەی کێشەی مرۆڤی کوردە لەبەرامبەر ڕابوردوویی. بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەقڵی سیاسی کوردی زۆر کاڵفامانە ڕێڕەوی بیرکردنەوە و دەموچاوی سیاسی خۆی هەڵگێڕایەوە، لە قەوارەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕی خاوەن گوتاری شۆڕشگێڕی و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن ، بۆ دەموچاوێک دیکەی سیاسی کە داوای بەزەیی لە(زلهێزەکان) بکات ، سیاسەتێکی تەواو زەلیلانەیان پیادەکرد ، کەتەواو پێچەوانەی (ڕۆحی پێشمەرگەیی ) مرۆڤی کوردە، ئەو ڕۆحەی تاوەکو ئەمڕۆ لەبەرامبەر چوار دەوڵەتی شۆڤێنی و نەتەوەچی و دواکەوتوو خۆی ڕاگرتووە، ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆیی خۆی پاراستووە، بوونێکی بەرگریکارە تاوەکو کۆتایی ، جەنگاوەرێکی نەفەس درێژی

پێش مەرگە ، نەک دوای مەرگ بکەوێت . ئەم ڕۆحە ووزەدەری هەموو شۆڕشەکانی کورد بووە بەهەموو خەت و خواریەکەوە، بەهەموو باشی و خراپیەکەوە، بەهەموو سەرکەوتن و نشوستیەکیەوە، ڕۆحێکی نەدۆڕاوی سەربەرزە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی (پێشمەرگە) ، بۆ ئەوانەی دژی گەورەترین بەنێو زلهێزی دنیا کەبەریتانیا بوو وەستانەوە ، بەبێئەوەی تەنانەت موچرکەیەکی ساردیش بە لەشیاندا بێت، ئەو لوت بەرزیە پێشمەرگانە بەشێکە لەڕۆحی مرۆڤی باڵای کورد کەلەنێو خۆیدا هەڵیگرتووە ، دەنا کێ دەیتوانی دژی ئەو هەموو جینۆساید و کیمیاوی و کۆمەڵ کوژیە بوەستێتەوە، ئەو ڕۆحەیە کەهەمیشە پێمان دەڵێت : واهاتینەوە ، وادیسانەوە هاتینەوە .. ئەم ڕۆحە بەرەنگارە ئازایە لە چوارچێوەی بەرگریکردندا مایەوە و نەبوو بە گوتارێکی سیاسی ، نەبوو بەستراتیژێکی کوردیانەی پتەو و زیرەک، ئەم ڕۆحە هەمیشە بریندار دەکرا لەلایەن سەرکردەی کوردەوە تاوێک بەفرۆشتنی و تاوێک بەهەڵخەڵەتاندنی و تاوێکیش بەشکستیەکانی،ئەو ڕۆحە پێشمەرگانە ، ڕۆحێکی نەتەوەچیانە نیە ، بەقەد هێندەی ڕۆحێکی مرۆڤ دۆستی باڵایە ، ڕۆحی جەنگاوەرێکە لەپێناوی یەکسانی و هەقیقەتدا . ئەم پرنسیبە مۆراڵیانە لەڕۆحی هەموو پێشمەرگە و کوردێکی دڵسۆزدا ، بەپێی ئاستی هوشیاری و توانای ووزەدەری ژیانی بەرگریکردن بووە لەپێناو مانەوەی وەک کوردێک . بەداخەوە ئەم ڕۆحە وەکو باسمانکرد هەمیشە سووتەمەنی ئەقڵی سیاسی کوردی بووە ، کەهەمیشە بەکاربەری ئەو ڕۆحەبووە ، نەک ئیلهامبەخشی بێت.

لەدوای ڕاپەڕینەوە مرۆڤی کورد دەبێت بە کەسێک کەداوای بەزەیی دەکات ، لەسەرێکەوە لەو هەستەوە سەریهەڵداوە کەداواکردنی بەزەیی نیشاندانی ئاشتیخوازانەیە ، لەسەرێکی دیکەشەوە پەیداکردنی دۆستە بووە بۆ کورد، کردنەوەی دەرگاکانی جیهان بووە لەسەر مەسەلەکەی ، بەبێئەوەی ئەو هەقیقەتە سانایە دەرکپێبکەین ، کەدنیا هەتر وەکو جاران بەردەوامە لە کردنەوەی دەرگا لەسەر ئەوەی دەیانەوێت دەرگایان لێبکەنەوە و فەرامۆشکردنی ئەوانەشی کەنایەنەوێت پەیوەندیان هەبێت لەگەڵیاندا، جاخودای دەکرد نەک ئەنفال و کیمیاوی باران کرابن ، بەڵکو وەکو ڕاوەندیەکان بەسەدەها هەزاریان لێ قەلاچۆبکرێت. دنیا هەر وەکو خۆی ناشرینە و ستراتیژیەتی بازاڕ و پارە و چەک حوکم دەکات ، ئیدی دەبێت بڕیار بدەین ئایا بپاڕێنەوە یاوەکو ببین بەئەمری واقیع !، ئەم پرسیارە ئەقڵی سیاسی نەک هەر نەیکرد لەخۆی ، بەڵکو زۆر بەئاسانی، لەژێر ناوی گۆڕانکاری لەگەڵ شنەبای دیموکراسی و ئاشتی جیهانیدا !!، خۆی فڕێیدایە بەردەم دەرگاکانی نەتەوە یەککرتوو و حیلفەکانی ڕۆژئاوا ، بەبێئەوەی ئازایانە وەکو کوردێک خۆی پێشکەش بکات، بەڵکو وەکو ئێراقیەکی موخلیس!

لەژێر چەتری ئەم سیاسەتی پاڕانەوەیەدا ، وێنەی (قوربانی ) و هەستکردن بەقوربانی و ئیدانەکردنی وێنەی جەلاد، ڕۆژ بەڕۆژ دەبووە کەش و هەوای سیاسی کۆمەلایەتی ، بوونی گەمارۆی ئابووری و چاوەڕێ کردنی یارمەتی و ئازوقە ، زیاتر ئەو کەش و هەوا سایکۆلۆژیەی لەبارکرد بۆ مراندنی ڕۆحی بەرگری و

نقومبوون له ووردەكاریەكانی ڕۆژانەژیانی سیاسی و پەراوێز بوون لەمێژووگەرایی، ئەو خودە كوردیە ڕۆژ بەڕۆژ دەچووە سوچەكانی پاڕانەوە، ناشرینترین مرۆڤیش ، ئەو جەنگاوەرەیە كەدەبێت خزمەتكار، ناشرینترین هەژاریش ئەو هەژارەیە كە كاتی خۆی دەوڵەمەندێكی بەدەسەلات بووە. ئیدی سەرجەم ئەم دەڤەرە تاوەكو ئێستا دەپاڕێنەوە، تەنانەت لە پەناهەندەكانی لەندەنیش كەئێستا لەحكومەتی ئێراقیدا وەزیرن . هەستكردن بەوەی كەئێمە قوربانین زمانێكی لاواز و كز و شەرمنی پێبەجشین، بەجۆرێک كەزمانی داواكاردنی بەزەیی بۆتە زمانی .گوتاری سیاسی لەبەردەم بێگانەدا

دیارە ئێمە یەكەم میللەت نین هەستكردن بەقوربانیمان تێدا سەوز بووبێت، جولەكەكان لەدوای هۆلۆكۆست، بەهۆشمەندیەوە هەستیان بەوە كردبوو كە دەبێت تەجاوزی وێنەی قوربانی بكەن ، لەشەڕی 1967 دا كەعەرەبیان تووشی دۆڕاندنێكی بێ وێنەكرد، بۆ ئەوان ئەو سەركەوتنە تەنها سەربازی و سیاسی نەبوو ، بەڵكو پێچێكی مێژوویی گرنگ بوو لەڕووی سایكۆلۆژی و هۆشمەندی سەرجەم جولەكەوە، ئیدی زۆربەی نوسەر و سیاتمەداران و مێژوونوسانی جولەكە باسیان لەو گۆڕانە گرنگە كرد كە لە (كلێشەی پاسیڤی قوربانی) یەوە گۆڕا بۆ (كلـێـشەی پاڵەوانێكی سەركەوتوو) . نوسەرێكی وەكو نوڤیک لەبڕوایەدابوو [ وێنای جولەكەكان لە شەڕی یونی 1967 دا وەک پاڵەوانێكی سەربازی ، بووە بەزاندنی كلێشەی جولەكەیەكی لاواز و قوربانیەكی پاسیڤ ... بەزاندنی ئەو كلێشە دێرینەبوو كەهەمیشە ڕێگرێكی ناوەكی بوو لە

نۆرمان [پەرەپێدانی گفتوگۆ لەمەڕ هۆلۆکۆس
فینکل شاتین : بەفابریکە کردنی هۆلۆکۆست. چاپخانەی پیپەر 2001

گەر وێنەی بەقوربانی لای جولەکەکان لەماوەیەکی زەمەنی دوای جەنگی جیهانی دووهەم پەیڕەو کرابێت ، ئەوا زۆری نەخایەندووە کە جولەکەکان بەجیاوازی بۆچوونیان لەمەڕ زایۆنیزم !، هەستیان بەو خاڵە گرنگە کردووە کەڕۆڵ بینین وەک قوربانیەک نەک هەر ڕۆڵێکی نوێنەرایەتی نابینێت ، بەڵکو وێنەیەکی نێگەتیفی قوربانیەک دەخاتە بەردەم دنیا ، کەتوانای سەربەخۆ بوونی نیە ، ئەوان سەرکەوتنی 1967 یان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنا بۆ تەجاوزکردنی وێنەی پاسیڤی قوربانی.

بەگەڕانەوە بۆ بێدەنگبوون و نائاخاڤتنی مرۆڤی کورد بەرامبەر ڕابوردوویی دەتوانین بڵێین ، کەئێمە بەردەوام لەنێو ئەو وێنە پاسیڤەی قوربانیدا دەژین، تەنانەت لەئاستی تاکەکەسیشدا کەقسەبۆ بێگانەیەک دەکرێت ، هەوڵ دەدەین زیاتر بەزەیی و هاوسۆزی بیزوێنین. ئەمە لەسەر ئاستی سیاسیدا بۆتە ستراتیژێک و بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەوە بۆتە ئەو وێنەیەی کەمیدیای حزبی تاوەکو ئێستاش بەردەوام زەقی دەکاتەوە، دەبوایە ڕووخانی سەدام بکرایە بەهۆکارێک بۆ تەجاوز پێکردنی ئەو وێنەیە، لەقوربانیەکی پاسیڤەوە بۆ سەرکەوتوویەک بەسەر دوژمنێکی فاشیستدا . بۆ نمونە دەبووایە حکومەتی ئێراقی و کابینەی یەکەم ، مەسەلەی ئەنفالی وەک مەسەلەیەکی جینۆسایدی زێدەی بیری پان عەرەبیزمی شۆڤێنی بەڕەسمی لەقەڵەمبدایە و ئەم حکومەتە داوای لێبوردنی بکردایە لەگەلی

کورد، بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی  و مێژوویی ئاوەها، گرنگیەکی ڕۆحی و مێژوویی دەبوو.  ئەو هەڵویستەی کەدەڵێت کەئەم حکومەتە لێپسراو نیە بەرامبەر تاوانکاری حکومەتی پێشوو، بەڕای من فەرامشکردنی ڕابوردووە و هیچی تر، گەر هاتوو بەناڕاستەوخۆیی ڕازیبوون نەبێت لەسەر تاوانکاری! . ئەمە جگەلەوەی دەبووایە ئێمەی کورد وەکو جولەکەکان ئەنفالمان وەکو (کارەساتێکی تاقانە) لەقەڵەم بدایە ، ڕاستە 1904جینۆسایدی خێڵە ئەفریکایەکانی لەنامیبیا لەلایەن حکومەتی قەیسەری ئەڵمانیەوە ئەنجامدرا و تێدا زیاتر 25 هەزار  ژن و منداڵ وپیر و گەنجی خێڵی هیرێرۆ  بەکۆمەڵ کوژاران، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هۆلۆکست  بەوی دیکە بەراورد بکرێت ! ، یاخود جولەکەکان ڕێگە بدەن هۆلۆکۆست لە چوارچێوەی خۆیدا نەخوێنرێتەوە و کارەساتی ئەوان تێکەڵی لەگەڵ کۆمەلچکوژیەکانی دیکەدا بەراوو بکرێت. بێگومان ئەوان کاریان بۆ ئەم مەسەلەیە کرد و تاوەکو ئێستاش چاوێکی ووریان لەسەر هەموو مەسەلەیەک پابەند بێت بە هۆلۆکۆستەوە.

من پێمووایە هەموو کۆمەڵکوژیەک (کارەساتێکی تاقانەیە ) و دەبێت لە ڕوویەکی تاقانەیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین ، ئەم تایبەتمەندی کردنەی  ئەنفال تاوەکو ئێستا نەگەیشتۆتە ئاستێکی هوشیاریەکی سیاسی و کولتوریانە. لێرەوە ناپەیڤداری مرۆڤی کورد وەکو کێشەبەندیەکی گەورە ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە مێژووکردەبوونی ئەنفال وەک (کارەساتێکی تاقانە )، دیارە ئەم ناپەیڤداریە  هەمەهۆکار و هەمە تایبەمەندین ، بەڵام

سەرەکیترینیان   دەرکپێنەکردنی خودی هۆشمەندی کوردیە بە دووریەکانی ئەنفال ، لەگەڵیشیدا زمانێکی زۆر لاواز و پەرپوت بەرهەم دەهێنێت ، کەئەز بە زمانی قوربانی تێدەگەم، نەک زمانێکی   پڕ   شانازی.

**پرسیار: ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین، بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژوویی لە یادوەری ئینسانی کوردا بەچەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردنبێت لەسەری لەلایەن ئەو نەوانەی کە لەدوارۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:** دیارە ئێمە هەندێک بەووردی لەمەڕ کێشە فیکری و سیاسیەکانی ئەنفال دواین، باسمان لەمرۆڤی کورد کرد وەک مرۆڤێک دابڕاو لە مێژووی خۆی ، یاخود لاواز لە دەرکپێکردنی شوێنای خۆی لەدنیادا. باسمان لەوە کرد کەهێشتا زمانی پاڕانەوە و گریان و هەستکردن بەقوربانی و قوربانبی بوون ، ئەو کلێشەیە کە ئەنفالکراوان و نوێنەرکانیان لەرێگەیەوە خۆیان بە دنیا و بێگانە و دادگاکان دەناسێنین . لەم چەند خاڵەوە بەکورتی قسەمان لەسەر ئەم ئیشکالیەتانە کرد، کەنەک تەنها کێشەبەندی و ئیشکالیەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نیە لە زەمەنێکی دیاریکراودا! ، بەڵکو  کاریگەریەکی گرنگی هەیە بۆ پێکهاتەی داهاتوویی کەسێتی کورد ، وەک خودێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی . کاریگەری هەیە لەسەر پێکهێنانی ئەو (منی کۆمەڵایەتیە) کەبەشێکە لە پێکهاتەی سەرەکی سایکۆلۆژی

کەسەکان لەداهاتوو و ئێستادا، بۆ سەر نەوەکانی داهاتوو . ئەو (منی باڵا کۆمەڵایەتیە) ئێستا زاخاودراوە بە هەستکردن بەقوربانی ، بەلاوازی و پاڕانەوە و دەرۆزەکردنی سۆز لەدنیاکدا، ڕێز لەهیچ کەسێکی دەۆزەکاری سۆز ناگرێت. ئێمە خاوەنی مافین نەک دەرۆزەکەری ماف. دەستەواژەیەکی سادەیە کەبڵێین ماف دەسەندرێ نەک داوادەکرێت !!، تەنانەت هەموو ڕەخنەکان لە گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی لەو (منی قوربانیەوە) خۆی فۆرمولە دەکات، هەموو ماڵپەڕەکان سکاڵا و داواکردنە، هەموو یەکێک لەئێمە ، تەنانەت بەنێو (ڕۆشنبیران) ، خۆیان لەڕێگەی (قوربانی دەسەڵات) پێناسەدەکەن، نەک ئۆپۆزیسیۆنێکی چیرەدرێژ، نەک جەنگاوەرێکی سەر سەختی مافەکانی.

ئەقڵیەتی قوربانی ، ئەقڵیەتێکە ڕێگرە لە مێژووگەربوونی مرۆڤەکان، قوربانی بۆیە قوربانیە ، چونکە کردەی دەرکپێکردنی لەگەڵ ڕووداوەکاندا لاوازە ، قوربانیەکان ماوەیەکی زۆریان دەوێت کەهەموو بوعدی کارەساتەکان کۆبکەنەوە، دەرک بەهەموو دووریەکانی بکەن، قوربانی مرۆڤێکە پێویستی بەیارمەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو هەموو بەسەرهاتەنی بەسەریدا هاتوون کۆبکاتەوە، لەشۆکی قوربانیبوونی خۆی ڕزگار بێت، دووڕری تراژیدیەکانی شیتەڵ بکاتەوە، لێرەوە قۆناغێکی زەمەنی هەیە کەخود پێویستی بەوە هەیە جارێکی دیکە بەخۆی و ڕووداوەکانی پەیوەندیداردا بچێتەوە ، ئەوسا هۆشمەندیەکی تایبەت بەو کارەساتە پێکدێت، هۆشمەندیەک هەوڵ دەدات ڕووداوەکان مێژووکردە بکات ،

لەکارەساتێکی هیومانی وسروشتیەوە ، بیکاتە کارەساتێک لەنێو مێژوودا، لەگەڵ دۆزینەوەی خودی مێژوویی، ئەوسا مرۆڤایەتی .ئاوڕ لەنوێنەرانی ئەو تراژیدیا دەداتەوە.

لێرەوە وەکو نیتچە گووتەنی هەرسێ ڕوانینەکە (مەزنایەتی و کۆنەخوازی و ڕەخنەگرانە) دەبنە کڵێشەی پێناسەکردنی خودی مێژوویی لەنێو ڕووداوەکاندا ، ئیدی (خودی کۆمەڵایەتی) هەست بەشوێنای خۆی دەکات لەجیهاندا، چیتر هەست ناکات ئەو پەراوێزە ، چیدی هیلاکی خۆی لە دەرۆزەکردنی هاوسۆزی میللەتان و کەسانی دیکەدا خەرج ناکات، بەڵکو ئازایانە نوێنەرایەتی خۆی دەکات بۆ سەندنی مافەکانی نەک بۆ هاوسۆزی. باهەموو دنیا هاوسۆزت بێت ، چ دەگۆڕێت لەمەسەلەکان، تەنها دەستەواژەی وەک (بەڕاستی غەمبارین بەو کارەساتانەی بەسەرتاندا هاتوون !!) چنگ دەکەوێت ، ئێ ..دوایی!! ، دەبێت ئێمە هەموو لاوازیەکی ئەوانی دیکە چ ئەمریکایی بن یاوەکو حکومەتی ئێراقی بێت ، بە دۆسیەی ئەنفال ڕاوبکەین، دەبێت ئەنفال ببێتە پرسیارکردنێک لەمەڕ شەرعیەتی سوپای ئێراقی ، تەشکیلاتی داهاتووی و ئیدۆلۆژی ئەو سوپایە. دیارە من لێرەدا ڕێگەبەخۆم نادەم کە بۆ سیاسەت دیاری بکەم چی بکەن یان نەء، بەڵام پرسیارکردن لە ڕۆحی کوردی و ئیشکالیەتە کولتوری و فیکریەکان ئەو بنەمایانە .دیاری دەکەن کەهەموو سیاسەتێک خۆی لەسەر بینادەکات

ئەم هۆشمەندیە مێژوویە کارێکی زۆری پێویستە، کارێکی جیدی پێویستە لەلایەن پارتە سیاسیە کوردیەکانەوە، پرۆژەیەکی گەورەیە بۆ سیاسەتی کوردی کەدەتوانێت بەشێکی گرنگی

مێژووگەرایی بۆ خۆی ببچڕێت. ئەویش دەرچوونە لەقاوغی پاڕانەوە و نزاکردن و هەستکردن بەمەغدوری ، گواستنەوەی هۆشیاریە لە قوربانیەوە بۆ خودێکی مێژووگەرایی. ئەمە پرۆسەیە کارێکی هەمەلایەنی دەوێت لەهەموو لایەنەکانەوە، لەسەرژمێرەوە بیگرە تاوەکو ئەرشیفکردن و دیکۆمێنتارکردن تاوەکو دەگاتە قۆناغی جیاکردنەوە و هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وەک دێکۆمێنتی یاسایی ، تاوەکو هەموو ئەمانە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هۆشمەندی مێژوویی کوردی . بەڵام لەهەموویان گرنگتر ، ئەو ڕاوبۆچوونانەیە کەئەم کردەیە پاڵشت دەکەن بەدەستەواژە و چەمکەکان کەئەمانیش کۆنسێپتی داهاتوویی کارکردن ڕێڕەوخواز دەکەن. موستەحیلە تۆ پرۆژەیەکی گەورەی وەک ئەنفالت هەبێت و بتەوێت بەدنیای بناسێنیت و چەندەها دەوڵەتی ئەوروپایی و کۆمپانیاکانی و دەوڵەتانی عەرەی پێ تاوانبار بکەیت ، بەبێ نەبوونی کۆنسێپت و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند بۆی ، هەر لەفیکر و بیروبۆچوونی سیاسیەوە بیگرە تاوەکو دەگاتە لایەنە یاسایەکانی جینۆساید . دیارە ئەمە بانگەشە نیە بۆ دانانی ئایدلۆژیەک بۆ ئەنفال ، بەڵام هەموو کارەساتێکی گەورە لەدنیادا ، کەتایبەت بێت بەڕابوردوو ، پێویستی بە چەندەها دەزگا و نێوەند و خاڵی کولتوری هەیە ، بۆ ئەوەی توێژەرەوەی ئەنفال خۆی لەبەردەم زەخیرەیەکی گەورەی ئەرشیف و بەڵگەنامە و دیکۆمێنەتەکان بیبینێتەوە، خۆی لەبەردەم چەندەها کتێبی جیدی ببینێتەوە ،کەتەوەرەی فیکری وسیاسی و تەنانەت بیرەوەریشن لەمەڕ ئەنفال، خۆی لەبەردەم فلیمی دۆکۆمێنتاری و سەرژمێریاریدا ببینێتەوە.

لەسەروو هەمووشیانەوە دەبێت دەستەواژ و چەمکی تایبەت بکرێت بە خاڵە ڕۆشنەکانی کارکرن و کۆنسێپتی کارکردن، وەکو دەستەواژەیەکی کەباسمکرد وەک نمونە ( ئەنفال کارەساتێکی تاقانەیە) بکرێت بە خاڵک قسەی لەسەر بکەین ، هەوڵ بدەین بیسەلمێنین بۆچی تاقانەیە ، بەعەرەبێکی خواروو بڵێین کەکوشتنی شیعە بەراوردناکرێت بەئەنفال ، لەئەنفالدا بیرکردنەوەیەکی بەرنامەڕێژراوی پان عەربیزمی گەنیو هەبووە ، لەئەنفالدا ئیسلام لەسورەتی جیهادیەوە خۆی دەکاتەوە بەکوردستاندا،ئەنفال کێشەی پاکتاوی ڕەگەزیە لە سەدەی بیستدا، ئەمە لەکاتێکدایە کەدنیای مۆدێرن خۆی بەهەڵگری بەها و بیرڕواکانی سەدەی ڕۆشنگەری دەزانێت !!، ئەنفال کێشەی دنیای مۆدێرنە کەگاز دەبەخشێت بە وەحشیترین ڕژێمی دنیا و چاو لەکارەساتە مرۆیەکان دەنوقێنێت !! ئەمە و زۆری دیکە ، وەک نمونەیەک ، دەستەواژەی سەرەتاین  کە خاڵی جیاکەورەی ئەنفال دەبێت لە کارەساتەکانی دیکەی ڕژێمی بەعس لە ئێراقدا، یاخود پرسیارکردن لەسەر مەشروعیەتی دەوڵەتی ئێراقی وەک یەکەیەکی بەزۆر داپەساوی دەوڵەتی بەسەر کوردو عەرەبدا،یاخود وەکو ئازیزم مەریوان ووریا قانع لەتێزیکیدا (ئەنفال وەک ئەگەرێک لەپێشماندا) دەبینێت، نەک وەک ڕابوردوویەک،  ئەمەو زۆر مەسەلەی دیکە تێزی گرنگن کەنابێت وامەزندە بکەین پەیوەندی نیە بە کێشەی ئەنفالەوە!

دیارە ئێمە ناتوانین بڵێین هیچ نەکراوە بۆ ئەنفال ، ئەمە ڕایەکی هەڵەیە، بەڵام دەڵێین کەهەموو کارەکان نەگەیشتۆتە ئاستی ئەو

تراژیدیا مەزنە، ئەوەشی کەکراوە جگەلەو لاواندنەوەی میدیای کوردی و چەند ڕیپۆرتاژێکی لاواز نەبێت هیچی دیکە نەبووە، دەسەڵاتی کوردی تەواو کار دەکات لەسەر کردنی کارەساتی ئەنفال بەڕاڕەوەکانی پڕوپاگەندە و هیچی دیکە. ڕێکخراوی چاک کاری زۆر مەزن و باشی کردووە و موتابەعەی ووردو درشتی مەسەلەکان دەکەن،کەبەڕاستی قورسایەکی مێژوویان بۆ خۆیان پێکهێناوە، بەڵام بیرت نەچێت ئەم ڕێکخراوە لەلایەن سیاسەتی ڕەسمی کوردیەوە دژایەتی دەکرێت ، بۆنمونە دەسەڵاتی کوردی هەوڵدەدات بەرگری لەجاشەکان بکات، ڕێکخراوی چاک بەووردی نەیهێشتووە ئەو خاڵەی بەسەردا تێپەڕ بێت، باشتر وایە لەجیاتی دژایەتی کردنی ئەو ڕێکخراوە کەقورسایەکی گرنگی هەیە ، دەبووایە پشتگیری بکرانەیە!!. لەڕووی ئەدەبیاتەوە بەڕێز تەها بابانی دادوەر و هونەرمەند گرنگترین کتێبی نوسیوە لەسەر ئەنفال و قەڵاچۆی کورد بەعەربی بەناوی (دنیای ترسناکی کورد) ، هەر ئەو کتێبە کۆنسێپتی ئەرشیفکردنێکی یاسایی و مێژوویە کەدەبووایە چەندەها لیژنە و پسپۆڕی تایبەت تاوەکو ئێستا کاریان بۆ بکردایە، بەداخەوە ئەو بەتەنیا باڵ و بەو تەمەنە هەر ئەوەندەی پێدەکرێت، یاخود هەوڵەکانی بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی ، ئەمە و زۆر هەوڵدانی دیکە کە زۆر جار لەبەر هۆی فەرامۆشکردنیان یان دژایەتیکردنیان سنووردا دەبن، سەیر لەوەدایە هەموو هەوڵە گرنگەکان لەدەرەوەی سیاسەتی ڕەسمی کوردیە. بائەز نمونەیەکت لەسەر دەزگا ڕەسمیەکانی کورد بۆ بهێنمەوە، کەناڵی تەلفیزۆنی فەیحا، لە شەوی یازدە لەسەر دوازدەی سێپتەمبەری

2006، لەسەر ئەنفال چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەزگایەکی تایبەت بەئەنفال کرد لەسلێمانی ،کەدەزگایەکی ڕەسمی بوو ، جارێ باسی ئەوە ناکەم ئەوانەی کەقسەیان لەسەر دۆکۆمێنتەکان دەکرد ، عەرەبیەکەیان تەواو نەبوو !، جگەلەوەی هەموو ئەو دۆکۆمێنتانە لەفەردەی و دۆلابی شڕ دا بوون، فەردەکان زۆر بە فەرامۆشکراوی فڕێدرابوون و کەڵەکە کرابوون، ئەو فەردانە هەمووی دۆکۆمێنتی گرنگی دەست بەسەراگیراوی موخابەرات و ئەمن و دەزگا سەربازی و ئەمنیەکانی ڕژێم بوون!!. ئیدی لەوانەیە مۆرانە و کەڕوو سبەینێ زۆربەیان بفەوتێنێت . ئەمە مشتێکە لەخەروارێک.

نەبوونی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی دۆکۆمێنتاری ڕێگرە لەبەردمی هەمووما‌ن کەخەیاڵێکی دروستمان هەبێت بۆ ئەنفال ، نەبوونی دیکۆمێنتاریەکی ڕاست و ڕەوانە کەبگەڕێنەوە بۆی ، ئەنفال دەکاتە گێڕانەوەیەکی پڕ قورڕگێکی گریاناوی و هیچی دیکە. ئیدی ووردەکاری دیکە بوونی نیە و ئاگادارنین ، یاخود بیستراوە و دیکۆمێنت نەکراوە ، بەڕای من پێویستە لەهەموو پارێزگایەک بنکەیەکی ڕەسمی بۆ ئەرشیفکردنی ئەنفال دابنرێت ، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بخرێتە بەردەم هەموو توێژەرەو و ئەدیب و ڕۆژنامەنوسێک کەبیەوێت لەسەر ئەم بابەتە کاربکات .. بوونی مۆزەخانەیەکی گەورە کەهەموو ئەم دێکۆمێنتانە لەخۆ بگرێت، بوونی قەبرسانی ڕەمزی ئەنفال لەهەموو شارێکی کوردستاندا، کردنی ئەنفال بە بابەتێکی مێژوویی و لە قوتابخانەکاندا بگوترێتەوە ، سێنتەرێکی مێژوویی و کولتوری و فیکری تەنها کاری کۆکردنەوە و موتابەعەی ئەم مەسەلەیە بێت..

ئەمە و زۆری دیکە دەتوانرێت پێشنیاربکرێت، گەر هاتوو بڕوامان بەوەهەبێت کەئێمە خودێکی هۆشمەندین لەمێژوودا...

**پرسیار: ئایا ئەدەبی کوردی بە تەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوە لە ئەنفال؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین:** ئەمە پرسیارێکی جوانە ، پرسیارێکی گرنگە لەڕووی بیرکردنەوە لە کارەساتە مێژووییەکان و ئەدەب . بەڵام بائێمە لەچوارچێوەی ئەنفالدا بمێنینەوە، پرسیار بکەین لەمەڕ نەبوونی ئەدەب ، بەتایبەت من وەک ڕۆمانوسێک حەزدەکەم لەسەر ئەدەبی گێڕانەوە قسە بکەم، کەخۆی لە چیرۆک و نۆڤلێت و شانۆ و ئەدەبی بیرەوەریدا دەبینێتەوە ، دیارە شانۆ و سینەماش بەشێکی پابەندن بەهونەری نوسراوی گێڕانەوە. پرسیاری ئەوەی بۆچی ئەدەب ئەرکی تەواوی خۆی بەرامبەر ئەنفال بەجێ نەهێناوە، پرسیارێکی تەوەرەیە و دەکرێت گفتوگۆی هەمەلایەنەی لەسەر بکەین، بەڵام پێموایە گرنگترین هۆکار بەشێوەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کەئێمە خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەند نین لەسەر ئەنفال ، تاوەکو خەیاڵی داهێنان بتوانێت کاری لەسەر بکات. ئەم خاڵەم لەوەڵامی پرسیارەکەی پێشووت باسکرد ، هەروەها هۆشمەندی مێژووگەرایی هێشتا لەنێو ئەدیبەکانماندا لەبازنەیەکی ڕووکەشی نەبێت زیاتر مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە ، چەند تەوەرەیەکن

خۆیان پایەند دەکەن بەدۆزێکی نەتەوەچێتی و هەستی قوربانیەوە ، لەپێناو گەورەکردنی هەستی قوربانی لەنێو خەڵکدا. چاوێکی خێرا بەو هەموو ئەدەبە کاڵ و کرچە بخشێنە کەلەبۆنەکانی هەڵەبجە و ئەنفالدا دەگوترێن ، بزانە چەندی لەخانەی ئەدەبێکی باڵای خاوەن بەهای ئەدەبین، ئەوسا ئەو هەژاریەت بۆ دەردەکەوێت کەوێنەی ئەنفال لەوێنەیەک بۆ لاواندنەو نەبێت هیچی دیکەنیە. ئەمە هەموو لەو (خود)وە سەریهەڵداوە کە کارەساتەکانی نەتەوە تەنها لەڕوویەکی تراژیدیەوە دەبینێت ، بەبێئەوەی دەرک بە بەها ئەدەبیەکانی بکات، بەبێئەوەی بەهای ئەدەبی خۆی پێبەخشێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئەم مەبەستەم ڕوون بکەمەوە نمونەیەکی بچوکت بۆ دێنمەوە، هەر شاعیرێک یان ئەدیـبـێـک واهەست دەکات گەر لەبۆنەی ئەنفال و هەڵەبجەدا نەنوسێت ، ئەوا ناهەقی کردووە بەرامبەر ئەنفال!، ئیدی بەمجۆرە ئەنفال لەبۆنەکاندا سەر هەڵدەدات و هەر لەبۆنەکانیشدا وەک ئەدبێکی موناسەبە تێپەڕ دەبێت . ئەمە هەستکردنە بەلێپرسینەوە ، لە ڕۆحێکی دڵسۆزانەوە سەریهەڵداوە ، ئەمە شتێکە گومانی لێناکەین ، بەڵام ڕۆحی ئەدیــبـێک نیە خەمی ئەوەبێت لەڕێگەی دۆزینەوەی لایەنە نهێنیەکانی ڕووداوەکان ئیستاتیکا بدۆزێتەوە، ئەو بەسەر ئەو هەموو ڕەگەزە ووردانە تێپەڕ دەبێت و دەگیرسێتەوە بە لاواندنەوە ئەو ڕووداوانەی کەڕۆژانە دەیبیستین، تەجاوزێک نیە لەو وێنانەی ڕۆژانە لەمیدیاکانەوە دەیبینین و دەیبیستین . ئەدەبی کوردی ، بێگومان من باس لەو ئەدەبە گشتیە دەکەم کەلەچوارچێوەی دەزگای ڕەسمی و باودا بوونی هەیە، بەدووی

پێکهێنەرە سەرەکیەکانی ڕووداوەکاندا ناگەڕێت ، بەڵکو بە کێشە ڕووکەشیەکانی ئەنفالەوە دەوەستێت، دیارە ئەم جۆرە ئەدەبە بەردەوام گوتار و تێکستەکانی ماڵپەڕ و تەلفیزۆنەکان و کۆڕی لاواندنەوەکانی پڕ کردووە، حزبی کوردی پشتگیری ئەم جۆرە ئەدەبە ڕووکەشیە دەکات، کەنەک خزمەت بەئەنفال ناکات بەڵکو بچوکی دەکاتەوە بۆ لاواندنەوەی سەرقەبران. دیارە ئەدەبێکی جیدی هەیە کەکاری خۆی لەسەر ئەنفال دەکات ، بەڵام ئەم ئەدەبەش گرفتێکی گەورەی لەبەردەمدایە ، ئەویش نەبوونی ئەرشیفێکی دەوڵەمەند خەیاڵ بتوانێت کاری خۆی لەسەر بکات، لەوانەیە ئێستا یەکێک بڵێت ، ئەو ئەرشیفە بۆ بێگانیەک پیویستە بۆ ئەدیـبـێکی کورد کەخۆی لەڕووداوەکاندا ژیاوە ئەوەندە پیویست نیە. بەپێچەوانەوە، هەتاوەکو ئێمە ئەرشیفی گەورەمان لەسەر ڕابوردوو لەبن دەستدا نەبێت ، ناتوانین گرێپچنی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆی لەسەر بینا بکەین، ناتوانین شانۆی چاکی لێ بەرهەم بهێنین، باتۆزێکی دیکە ووردبمەوە ، بۆئەوەی خوێنەری ئەم دێڕانە زیاتر بخەمە بەردەم وێنەیەکی ڕوون نمونەیەکی بچوک دەهێنمەوە، گەر بمانەوێت شانۆیەک لەسەر هەڵەبجە بنوسین ، دەبێت ئێمە بزانین چ جۆرە گازێکی کیمیاوی بەکارهێنراوە و کاریگەریەکانی چیە، بۆنمونە هەندێکیان بۆنی خۆشیان لێدێت ، بۆنی میوەجات، یان سیر ، هەندێکیان مرۆڤ دەخاتە پێکەنین یان گریان ، هەندێکیان خورویەکی سەیر لەژێر پێستدا دروست دەکات تاوەکو هەموو لەش دەسوتێنێت، هەندێکیان مرۆ کوێر دەکات. ئەمانە بۆ دەرهێنەر و سینەمایی پێویستە بۆ ئەوەی

بتوانێت کاراکتەرەکانی خۆی بجولێنێ ، بۆ ڕۆمانوس گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێت خەیاڵی خۆی لەسەر بینابکات، دیارە هیچ خەیاڵێک لەهیچەوە نایەت، بەهەمان شێوەش هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تێکستێکی ئەدەبی و شیعری تەواو نابێت ، هەتاوەکو مانایەکی ئەدەبی تایبەت بەخۆی بەرهەم نەهێنێت، بەرهەمهێنانی مانا لەئەدەبدا جیاوازە وەک پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا لەتێکستی دیکەدا، بەڵام ئەوەی کەیارمەتی بەهەرمهێنانی مانای دەدات ، بوونی زانیاری تەواوە لەسەر ئەو مەسەلەیەی دەبێتە پرۆژەی نوسینمان، قەسیدە لەسەر ئەنفال و ئەدەبی ئەنفال و ڕۆمان و سینەما و چیرۆکی ئەنفال ، پێویستی بە خەیاڵێکی داهێنەرانەیە کەزاخاودراو بێت بە زانیاری و دۆکۆمێنت و هەموو گێڕانەوەکانی ئەم تراژیدیایە. لەهەمان کاتیشدا پێویستی بەخودێکی مێژووگەرایی هوشیارە کە ڕوانینێکی تیژبڕی جوداوازی هەبێت لەسەر لایەنە شاراوەکانی تراژیدیای ئەنفال، بەو سیفەتەی ، من پێموایە دەبێت هەمووان ئاوەها لە ئەنفال بڕوانین، کە (کارەساتێکی تاقانەیە) لە جیهاندا، ئەم فاکتەرانە بەگشتی هەژاندنی خەیاڵی داهێنەرانەیە ، لەهەمان کاتیشدا بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەنفال قوڵتر و هەمەلایەنگیر دەکات.

ئێمە نابێت بیرمان بچێت کەئەوە نەوەی ئێمەی هەشتاکانە کەلە جەنگی ئێراق و ئێران و شۆڕش و نوشستیەکانی ئەم دەڤەرەدا ژیاوین و بەشێکی زۆری یادەوەری ئێمە پڕێتی لەوێنەکانی ئەو زەمەنە، بەڵام بیرت نەچێت ئەوانەی لەناوەڕاست و کۆتایی هەشتاکان لەدایک بوون و ئێستا وەک نەوەی نوێ کار

لەمەسەلەکولتوریەکان دەکەن و تێکستی ئەدەبی بەرهەمدێنن، ئەو نەوەیە ئەزمونێکی دیکەی ژیانی هەیە و ئەنفال لای ئەوان لەگێڕانەوە و بیستندا خۆی بەرجەستە دەکات ، ئیدی ئەو نەوەیە لەبەردەم هەڕەشەی لەبیرکردنی بەشێکی گرنگی ڕابوردووی خۆیەتی. لەوانەیە ئێمە بتوانین چەندەها وێنە و تێکست بەرهەمبهێنین ، چونکە ئەزمونی ئەنفال لەو ماوە زەمەنیەدا ئەزمونی سەرجەم میللەتی کوردبووە، لەبەر ئەوە ئێمە زاخاودراوین بەهەست و خورپە و خەون و کابوسەکانی ئەو زەمەنە و بەکەمێک قوڵبوونەوە لەیادەوەریمان دەتوانین زۆر لەسەر ئەنفال بنوسین..بەڵام نەوەی نوێ پێویستی بەتەواوی ڕاستیەکان هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت جارێکی دیکە مانای تازە .لەچوارچێوەی ئەدەبدا بەرهەمبهێنێت

لەم دەستپێکانەوە ئەدەب لێپسراوێتی خۆی بەرامبەر ڕابوردوو پێکدەهێنێت، لەپەیوەندی بەدۆزی هەقیقەتەوە، لەپەیوەندی بەپرسی کراوەی مۆڕاڵ. لەپەیوەندی بە کێشەبەندیەکانی مرۆیی کوردەوە، لەپەیوەندی بە ڕۆحی کوردی لەنێو مێژوودا ، لەپەیوەندی نێوان گوتراو نەگوتراو ، بینراو و نەبینراو ، هەموو لایەنێکی چاکە و دیوێکی خراپە، لەپەیوەندی بەبرینداریەکانی مرۆڤی کوردەوە، لەپەیوەندیداری بە جوانیەکانی دنیای کوردی لەنێو هەموو ناشرینیەکی کارەساتدا، لەپەیوەندی ئەشق بەکارەساتەوە، لەپەیوەندی سروشت بە ئەنفالەوە، لەپەیوەندی ئاژەڵە هاودەمەکانی ئەنفال کراوەکان لەدوای ونبوونی ئەنفالکراوەکان .. ئەمانە و زۆر دووری ئیستاتیکی دیکە کاتێک خۆی فۆرمولە دەکات کەلەبەردەم ئیرادەیەکدا بین بۆ تێگەیشتن

له ڕابوردوومان، کاتێک ئەم لێپسراوێتیە داهێنەر دەبێت لەئەدەبدا کەخۆی لەبەردەم ئەرشیفێکی گەورە ببینێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت خەیاڵی داهێنەرانەی کار لەسەر ئەو سرپە و خورپە و ووردەبیر و ڕووداو کەسانە بکات کەمێژوو لەبیری کردوون ، هەستکردن بەلێپسراوێتی یەرامبەر ئەنفال ، بەرامبەر چەندەها کێشەبەندی ئاوەها دەبێتەوە ، کەتەنها هەستکردن بەلێپسراوێتی بەس نابێت بۆ ئەوەی ئەدەبێکی باڵای شیعری و گێڕانەوەیی لەدووتوێی خۆیدا حەشاربدات، ئەز لەو بڕوایەدام گەر شکاندنی تینوێتی هەستکردن بەلێپسراوێتی بەو ئەدەبە کاڵ وکرچەی ئەمڕۆ بشکرێنرێت، ئەوا باشترە ئەو هەستە بوونی نەبێت .. هەستکردن بەلێپسراوێتی مانای بەرهەمهێنانی قەسیدەیەکە لەگێڕانەوەیەکی سادەی ئەنفالکراوێک ، سینەمایەکە لەتەنیاکەوتنی هەموو ئەو ئاژەڵ و درەختانەی بێ خاوەن مانەوە ..ئەمانەو زۆر ووردەکاری دیکە ڕەگەزە سەرەکیەکانی دواندنی ئەدەبن بۆ دنیا.. پێش ئەوەی باس لەهەستکردن بەلێپسراوێتی بکەین کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆنی دیاریکردنی ئەرکێکی دیاریکراوە بۆ ئەدەب، با باس لەوە بکەین کەچۆن ئەنفال لەڕێگەی ئەرشیفکردنەوە بکەین بە ئیلهامبەخشی هونەرەجواەکان.

**پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزیکی ڕۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بە هێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەڵاتی**

**کوردی لیی بەرپرسیارەو و چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پیشاندانی؟**

**ئیسماعیل حەمەئەمین :** پرسیارەکەت هەمەلایەن و ئاڵۆز کردووە، بەڵام دەتوانێن شیبکەینەوە بۆ سەر ڕەگەزە ووردەکانی بۆئەوەی بتوانین هەموو ئەم پێکهاتە ئاڵۆزانەی وەکو (کوردبوون و ترس لەکوردبوون) و (هێزێکی ڕۆشنبیری) و (ترسێک خاوەنی هێزێکی ڕۆشنبیری ) و لەدوایدا باس لەهاوکێشەی تۆڵە و لێبوردن دەکەیت!. هەرچەندە پرسیارەکەت زۆر ڕوون و ئاشکرا نەکردووە ، بەڵام دەتوانین .لەوەڵامدانەوەیدا هەندێک بیروڕای لەسەر بگۆڕینەوە
باس لەترسی مرۆی کورد دەکرێت بەرامبەر کوردبوونی خۆی ، من بەجیاوازی ئەم ڕایە ، پێموایە مرۆڤی کورد ئەوەندەی بە کوردبوونی خۆیەوە بەندە و سەرقاڵە وەک پێناسەیەک بۆ خۆی ، ئەوەندە بە ووردەکاریەکانی کوردبوونەوە سەرقاڵ نیە، نەک لێی بترسێت. بەپێچەوانەوە، کوردایەتی لەڕۆحێکی کوردیەوە سەریهەڵداوە بۆ سەلماندنی کوردبوونی خۆمان، کوردبوون ئەو پێناسەیە کەلەڕێگەی کوردایەتیەوە پێی دەگەین، هەر ئاوەهاش مرۆڤی کورد گەشتی خۆی لەگەڵ کوردبووندا دەستپێکردووە، پێشمەرگایەتی ترۆپکی کوردایەتی بووە، کوردبوونیش بە پێودانگەکانی خزمەتکردنی کوردایەتی خۆی بەرجەستەکردووە، ئەمە پەیوەندیەکی دیاری نێوان کوردبوون و مرۆڤی کوردە، ترس لەکوردبوون دیاردە نیە ، بەقەد ئەوەندەی مەجازێکی دوورە لە ڕاستیەکانی سەر زەوی. ئەوەی کێشەی ئێمەیە

لەکوردبووندا ترس نیە ، بەڵکو ئەو پرسیارەیە کەکوردبوون بەسەر چەند تەوەرەی ژیاندا دابەش دەبێت! ، ئەوە کێشەی ئێمەیە کەنازانین کوردبوون چەندە مانای هەیە، هەندێک خەڵکان وامەزندە دەکەن بوونیان لەنێو پارتێکی سیاسی کوردیدا مانای کوردبوونی خۆیان دەسەلمێنێ ، بۆنمونە لەم ئەوروپایەدا بەشێکی زۆری کورد خۆیان بەحزبەکانەوە هەڵواسیوە، بەمەرجێک ئەوانە وەکو لایەنی ماتریاڵی پێویستیان بەحزب نیە، بەڵام کێشەی ئەوانە لەوەدایە کەمەزندەی ئەوەندە دەکەن کەکوردبوون مانای داگیرکردنی خانەیەکی پێناسەیە لەچوارچێوەی حزبێکی کوردیدا. ئیدی موزیک و شانۆ و گفتوگۆ لەگەڵ میللەتانی دیکە لەرێگەی ئەدەب و میهرەجانات و زۆر چالاکی دیکە، گرنگیەکی ئەو تۆی پێ نادرێت. تەنانەت زۆر جار لەخۆپیشاندانەکاندا بینیومە کەبەکوردی دروشمیان بەرزکردۆتەوە و بەکوردیش هوتافیان کێشاوە ، بەمەرجێک ئەو دروشمانە وەک ئەوە وەهایە کۆمەڵێک یابانی و چینی لەبەردەرکی سەرادا دروشم بەرزبکەنەوە و بەزمانی زکماکی خۆیان هوتاف بکێشن، کەچی سەیر لەوەدایە مەزندەی ئەوەش دەکەن کەکارێکی باشیان بۆ کورد و کوردایەتی کردووە!!. هەندێک وامەزندە دەکەن کە گەڕانەوە بۆ نەریت و خووەکانی زەمەنی دێرین و کۆنینە ، مانای پاراستنی پێناسەی کوردبوونێتی، هەندێکی دیکە وامەزندە دەکەن ژیان لەڕابوردووی پڕ شکۆی شۆڕشدا و ژیان لەنێو حەماسێکی کوێرانە بۆ ڕابوردوو ، دڵسۆزی و کوردبوونە. ئیدی لای زۆرمان گیرخواردن لەڕابوردووی خێڵ و نەریتەکانی ،

گیرخواردنە لە ڕابوردووی پڕ شکۆ و دووبارەکردنەوەی لەژیانی ئێستادا ، یاخودمانای کوردبوون دەگەیەنێ ، ئەمانە و زۆری دیکە کێشەی مرۆیی کوردە لەگەڵ کوردبوونیدا، کەنازانێت چۆن کورد بێت و کوردبوون مانای چیە!. ئەمە ئەو پرسیارە جەوهەریە کەلەپەیوەندی نێوان کوردبوون و کوردا خۆی درێژدەکاتەوە.

هێزی ڕۆشنبیری و کوردبوون ، دیارە ئەمە دیسانەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیاری نێوان ڕۆشنبیران و ڕۆڵیان لەکۆمەڵگەدا، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیاری دۆزی ڕۆشنبیری لەنێو کایەجیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆنمونە ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیری لەنێو گوتاری سیاسی و کۆمەلایەتی لەنێو پێکهاتەی سایکۆلۆژی خەڵکاندا. میللەتانی ئەورووپی بەجیاوازی ئاستیانەوە ، بەپێی پێویستیان شارەزای کولت و تەوەرە گشتیەکانی ژیانی ڕۆشنبیری خۆیانن، هونەرمەند و نوسەر و ڕۆمانوسەکانیان دەناسن‌شتێک موتابەعە دەکەن گەر .هاتوو بەقوڵیش تێکست و زانیاریان لەبەردەستدا نەبێت ئێمە میلەتێکین بەداخەوە لەپەراوێزی ڕۆشنبیریدا دەژین ، نەک لەنێو کۆمەڵگەیەکدا کولتور ژیانی ڕۆحی هەڵسوڕێنێت، ئەمە ئیشکالیەتی هەموو نوسەرێکی جیدیە کەلەم نێوەندە خێڵگەرایدا بنوسێت، چاوێک بخشێنە بەو ماڵپەڕانەی هەمانە، چەندە تێکستی ماقوڵی تێدادەبینیتەوە؟!، تەنانەت ڕۆژنامەنوسەکان لەگرفتی ئاوەهادا دەژین، زۆرجار چاوپێکەتن لەگەڵ نوسەرێکدا سازدەدەن، بەبێئەوەی یەک تێکستی ئەویان خوێندبێتەوە!، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایدا هەموو یەکێک وەک

ڕۆژنامەنوس و شاعیر و نوسەر خۆی پێشکەش دەکات. ئێمە لەنێو (ڕۆشنبیریەکی ساختە) دا دەژین، ئێمە لەنێو (ڕۆشنبیریەکی ڕوکەش ) دا دەژین، دیارە ئەمە هۆکاری خۆی هەیە، یەکێک لەوانە زاڵبوونی (کولتوری خێڵە ) بەسەر گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیدا، ئێمە تائەوەندە ڕۆشنبیرین کەناچینە شوێنایەکی لێپسراوێتی سیاسی و ئیداریەوە ، لەوێوە لەپێناو موجامەلەی خێڵەکیەکان خوداحافیزی لەئەکتی ڕۆشنبیری دەکرێت،ئەوانەی ئەمڕۆ لەدەسەڵاتی کوردیدا خۆیان جێگیر کردووە، تائەوەندە کولتوریان لامەبەست بووە تاوەکو گەیشتونە پلەیەکی تایبەتی لێپسراوێتی. سیاسەت لەم دەڤەرەدا تاوەکو ئێستا بەدەست سیاسی خێڵەکیەوەیە، کەمەزندەی ئەوە دەکات خێڵەکایەتی و گوندایەتی مانای کوردڕەسەنی و کوردایەتی دەگرێتەوە، لێرەوە هەموو نوسینێک ڕێگەی پێدەدرێت بڵاوبکرێتەوە بەڵام کاریگەری نیە لەسەر دەسەڵاتی کوردی!!، ئەمە گەورەترین ئیشکالیەتە، چونکە سیاسەت لەمقەڕەکانەوە بەڕێوەدەبرێت، مقەڕەکانیش لەڕووی پێکهاتەی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە لەکۆمەڵێک تەکیەی گەورە دەچن و لەوێوە دەسەڵات بڕیار دەدا. ڕۆشنبیران دەچنە بەر قاپی دیوەخانان ، وەکو ئەفەندیەکی سەرووت تەماشا دەکرێن، لەنەستی سیاسی کوردیدا ڕقێکی خێڵەکی هەیە بۆ هەموو گوتارێکی ڕۆشنبیری ، زۆرانبازی ئەفەندی و دەرەبەگ لەم دەڤەرەی ئێمەدا، لەفۆرمێکی دیکەدا بەردەوامە.

ئەفەندی کولتێکی ڕۆشنبیری زەمەنی خۆیان بوون، خێڵەکیەکان ڕێزیان لێدەگرتن ، بەڵام هەمیشە بەچاوی گومانەوە تەماشایان

دەکردن، بەدگومانی هەبوو لەبەرامبەر مامۆستا و فەرمانبەری ئەو زەمەنە، هەمیشە هەوڵدراوە دەسەڵاتی ئەفەندی کەمبکرێتەوە، ئەمە جگەلەوەی زۆربەیان کرِدراون و پشی پشیان بۆکردوون بۆ ئەوەی بێنە بەردەم دیوەخانەکان. هەمان وێنە ئەمرۆ لەپەیوەندی نێوان حزبی کوردی و رۆشنبیران و نوسەراندا خۆی دەبینێتەوە، لەرووی دەرکەوتن و فۆرمدا جواداوز لە رابوردووی گوندایەتی خۆی دەردەکەوێت، بەڵام لەجەوهەردا دووبارەبوونەوەی هەمان زۆرانبازیە. گەر هێزێکی رۆشنبیری لەکۆمەڵگەی کوردی بەو شێوەی بەرێزت لەپرسیارەکەت باست لێوەکردووە بوونی هەبێت ، ئەوا ئێمە نەماندەهێشت دەسەڵاتی کوردی ئاوەها بەئاسانی یاری بەچارەنوس و سامان و مێژوومان بکات ! ! .
لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بەرێژەیی یەوە بڵێین: ئەم هێزە رۆشنبیریە لەدورستبووندایە، خۆشبەختانە دەبینین کەخەڵکان بەپێچەوانەی جارانەوە هەست بەقورسایی گوتاری رۆشنبیر دەکەن، بەڵام ئەم دۆزی رۆشنبیریە هێشتا لەپێگەیشتنایە و کاری خۆی کردووە، بەڵام هێشتا نەبۆتە گوتاری سیاسی لەمامەڵەی سیاسیدا . با نمونەیەک بهێنمەوە لەسەر ئەم قسەیەم ، کەرۆشنبیری نەبۆتە گوتاری سیاسی لەمامەڵەی سیاسیدا: لەهەموو دنیادا ، سیاسەت هەرچیەک بێت ، کۆنزەڤاتیڤ بێت یاوەکو مۆدێرن ، یان لیبراڵ ..هتد، خاوەنی بەرنامەیەکی خۆیەتی ، خاوەنی ئەدەبیاتی خۆیەتی ، خاوەنی جێگیرە سیاسی و پرنسیبەکانی خۆیەتی ، هێڵی گشتی خۆی هەیە لەشێوازی بیرکردنەوە و تەنانەت شێوازی ژیانی خۆیان هەیە ،

بۆنمونە سۆسیال کریستەکانی ئەڵمانیا زۆری گرنگی دەدەن بەخێزان و هانی خێزانداری دەدەن، یاخود گرنگی دەدەن بەکلاسیک لەڕووی مۆزەخانە و پێشانگا و موزیکەوە، بەپێچەوانەی ئەوانەوە سەوزەکان گرنگی بە ژینگە و باری کۆمەڵایەتی مۆدێرن دەدەن و زیاتر کراوەترن لەسەر هەمەجۆری کولتور لەنێو کۆمەڵگەی ئەڵمانی . ئەمە مانای بونی جیهانبینیە، مانای هەستکردنە بەقورسایی وشە و دەستەواژە و کاریگەری لەسەر خەڵکان، مانای مامەڵەکردن لەگەڵ ئیدیایەکان و گرنگیان لەسەر کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆحی و سیاسی لەلایەن ئەو پارتە سیاسیانەوە خاڵێکی سێنتراڵی و ستراتیژی کارکردنیانە. کاتێک ئەمە جیاوازیە دەبینین لەنێوان سیاسەتمەدارێک و ئەوی دیکەدا، کاتێک قسەکردن و کردەبوون دەبێت بەیەک، کاتێک وشە قورسایی دەبێت، ئەوسا دەتوانین بڵێین کەهێزێکی ڕۆشنبیری هەیە جۆتە هەموو کون وکەلەبەرەکانی کۆمەڵگەوە. بەداخەوە ئەمە شتێکە لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەستی پێناکەین، وشە لەگوتاری دەسەلاتی خێڵەکیدا قورسایی و هەیبەتی نیە، بەڵکو وەکو هەموو خێڵکیەک، وشەیان بۆ شاعیری ژێر دەوار بەجێهێشتووە و خۆیان خەریکی شەڕی دەسەلات و سامان کۆکردنەوەن.

لەدادگایکردنی سەدام و پیاوەکانی لە سەر مەسەلەی ئەنفالدا، دادوەر عەبدوڵا عامری بەئاشکرا بەسەدام دەڵێت تۆ دیکتاتۆر نیت !!، بەڵکو چواردەورەکەت دیکتاتۆرە . دیارە ئەم ڕایە لەتوێژینەوە لەسەر پەیدابوونی دیکتاتۆرەکان دەشێت بچێتە خانەی گفتوگۆوە، بەڵام لەدادگا و بەئامادەبوونی تاوانبار و

دیکتاتۆر  گووتنی کارەساتە !!، ئەمە وەکو ئەوە وەهایە بەپیاوکوژ بڵێت تۆ پیاوکوژنیت، ئەمە لەکاتێکدایە کەسەرۆکی حکومەت و سەرۆکی دەوڵەت و  هەموو سەرۆکەکان بەسەدام دەڵێن دیکتاتۆر!!. کاتێک ئەقڵی عەرەبی وەڵامی ئەو دەستەواژەیەی عامری ناداتەوە ، ئەوە لەدید و جیهانبینی پان عەبیزم و ئیسلامەوی خۆیەوە سەریهەڵداوە، بێدەنگی سیاسیەکانی ئەوان بنەمای خۆی هەیە. بەڵام کاتێک کورد بەو هەموو سەرۆک و سەرکردەیەوە وەڵامی ئەو دەستەواژە نادنەوە کە ئینکاری لەبوونی دیکتاتۆریەت دەکات، ئەوە مانای ئەوەیە کەدەسەڵاتی کوردی گاڵتەی بەدەستەواژە و وشەکان دێت ، مادامەکی زەرەدی ماتریاڵی ڕاستەوخۆی لێنادرێت!. پشتە وێنەی خێڵەکی لەبیرکردنەوەی سیاسی کوردیدا ، گرنگی بەو مەسەلە گرنگانە نادات، مادامەکی سوپای نایەتە سەر و بودجەی لێنابڕێت!!.سەیر لەوەشدایە لەجیاتی ئەوەی دەسەڵاتی کوردی بەئاشکرا ڕەخنە لەدادوەری ئەنفال (عامری ) بگرێت،( بێگومان جگەلەهەڵوێستی ڕێکخراوی چاک )، ئەوا جارێکی دیکە لەلایەن هەندێک لەعەرەبەکان بەتایبەت بەئاشکرا داوای لابردنی دەکەن و ئەوان توانیان پەراوێزی بکەن !! ، ئەی کەواتە ئەم هەموو سەرکردە کورد و سیاسەتمەدارە لەکوێ بوون؟!، گەر لەسەر ئەم مەسەلە گرنگانە تەسریح نەدەن ، ئەی کەی قسەدەکەن!! .  ئەقڵی سیاسی خێڵەکی ئەقڵیەتێکە تەنها مامەڵە لەگەڵ مەترسی ڕاستەوخۆدا دەکات، بونەوەرێکە خاوەنی دیدێک نیە بۆ داهاتوو ، سەیرکە وا زیاتر لەپازدەساڵ بەسەر ئەزمونی حوکمی کوردیدا تێپەڕ بوو، هیچ پلانێکی پاشەڕۆژمان نەبینی کە لەماوە

زەمەنیەدا جێبەجێکرابێت، بۆنمونە کارەبا دابین کردن لەو زەمەنەوە کێشەیە کەسنوری کوردستان زیاتر لە 40 ملێۆن دۆلاری پەیدا دەکرد، لەپێش سیازدەساڵ لەمەوبەروە ئەو کێشەیە بوونی هەیە، ئەم ئەقڵە تەنها سەرقاڵی جەنگەبچوکەکانی ناوخۆ و کێشەی بچوکە ، حکومەت دیوەخانێکی گەورەیە تەرازووی هێزەکانی خێڵی هاوسەنگ دەکاتەوە.. ئەمەیە غیابی گوتاری ڕۆشنبیری لە نێو هەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمەیە لاوازی گوتاری ڕۆشنبیر لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

لێرەوە لەم غیابی هێزی ڕۆشنبیریە دەبێت بپرسین (لێبوردن و تۆڵە ) لەکامە پێوانەوە سەرچاوەی خۆی هەڵدەگرێت، کوا ئەو هێزەی مانای لێبوردن دەزانێت چیە !! ، بەقەد ئەوەندەی لە تۆڵەی شەڕەبچوکانی خۆیدا دەژی ، لێبوردن چەمکێکە تەنها بەلێبوردنی ئەوی بەرامبەر کۆتایی نایەت ، بەڵکو بەشیتەڵکردنەوەی ڕابوردوو و هاوسەنگبوونەوەی هێزی ئێستا بەئازارەکانی ڕابوردوو خۆی تەواو دەکات، بەمانای ناکرێت ئێمە لێبوردنمان لەکاتێکدا هەبێت کەلاواز بین!،دەبێت ئێمە جوداوازی بکەین لەنێوان گوناهەکار و تاوانباردا، جیاوازی ئەم دووبونەوەرە دووری سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی خۆی هەیە. کاتێک ئێمە گوناهەکار لەبەرامبەر هەڵەکانی دانەنێن و پێی نەڵێین کە ووردەکارەیەکانی گوناهەکانت بەم شێوەیە بووە، هیچ سنورێک نامێنێت لەنێوان گوناهە و پاکبوونەوەدا. دەبێت گوناهەکار لەبەرامبەر گوناهەکانیدا دان بنێت بەگوناهەکانیدا، ئامادەکاربێت بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ بەپێی ئەو مەرجانەی کەژیانی نوێ پێویستی پێیەتی. بەم شێوەیە لێبوردن


www.pertwk.com

پرۆسەی کارکردنە لەسەر ڕابوردوو بەهەموو ماناکانیەوە، دادگایکردنێکی ئەخلاقیانەی ڕابوردووە بەهەموو ووردەکاریەکانیەوە، پۆلێنکردن و دیاریکردنی سنورەکانی گوناهە و تاوانە، بەڵام لێبوردن بەرامبەر تاوان خۆی لەخۆیدا دووبارە تاوانکردنە، ئازادکردنی پیاوکوژان مانای کوژرانی مرۆڤی بێتاوانی دیکەیە. لێبوردن دەبێت خاوەن کۆنسێپتێکی تایبەت بێت ، خاوەنی جیهانبینیەکی ئەخلاقی و پرنسیپی مۆراڵی خۆی بێت، ئەمە لێبوردن نیە کاتێک تۆ سەدەها جاش گەردن ئازاد دەکەی ، بەمەرجێک ئەوانە دەستیان سووربووە بەخوێنی ئازیزەکانمان،ئەمرۆ لەبەردەمی خاوەن قوربانیانی و قوربانیەکاندا باڵەفشێیانە. من ئەمەوێت تاوەکو ئێستا لەو لێبوردنە سەیرە تێبگەم کە سیاسی کورد لەڕاپەڕیندا بۆ جاشەکان دەریکرد، باشە گەر کارێکی ستراتیژی بووایە ئەوە تێگەیشتنمان هەیە بۆی ، بەڵام جێکردنەوەیان لە شوێنە هەستیارەکانی دەسەڵات ولەخۆگرتنیان مانای چی دەگەیەنێت !!، ئەمە تێگەیشتنێکی ترسناکە بەرامبەر چەمکی لێبوردن. ئەمە مانای ئەوە نیە بە تۆڵە سەندنەوە و لەسێدارەدان کێشەکانی ڕابوردوو گۆڕەوشار دەبێت، نەخێر ، ئەمەش چەمکێکی پێچەوانەی لێبوردنە کەلەئێراقدا بەتایبەت ڕەگی مێژوویی خۆی هەیە، کەعەبدولکەریم قاسم هاتە سەرحوکم مەلیک فەیسەڵی کوشت، بەعسیەکان و قەومیەعەرەبەکان لەگەڵ هاتنیان بۆ سەر حوکم کەوتنە قەلاچۆکردنی شیوعیەکان و عەبدولکەریم قاسمیان گولە بارانکرد، عەبدولسەلام عارف فڕۆکەکەی تەقیەوە، عەبدولڕەحمانی برای تاکە سەرۆکی عارفە کەبە ساغی وبەپێی

خۆی وڵاتی بەجێهێشت، ئەویش هۆکارەکەی ئەوەبوو ، پیاوێکی ئەوەندە خومار و مەست بوو ،ئاگای لەچواردەوری نەبوو، لە 1968 وە تاوەکو ڕووخانی سەدام ، ئێمە لەمێژووی تۆڵە و تۆڵەکاریدا دەژین، دیارە هەموو کۆمەڵگەیەک لەژێر سێبەری سیاسی خێڵەکیەدا بژی ، چ تکریتی بن ، یان وەکو خێڵی کوردی بێت، یاوەکو ئەو سیاسەتە بێت کە خێڵەکیەت بەرجەستەدەکات، هەچ کامێک بێت لەم فۆرمانە، ئەوا تۆڵە سەندنەوە تاکە میتۆدە لەبەرامبەر نەیارانە سیاسیەکانیان. ئەوەی لەکولتوری خێڵ پەیڕەو دەکرێت زمانی ئەقڵانیەت و گفتوگۆ نیە ، بەڵکو زمانی هەڕەشە و ملکەچکردنی ئەوی بەرامبەر و لەدواجاریشدا تۆڵە سەندنەوەیە. کاتێک سەرۆک خێڵ لەتاوانبارێک دەبورێت ، ئیدی نەپرس دەکرێت بەخەڵک و نەکەسیش بۆی هەیە بڵێت بۆچی لێبوردن، ئەی کوا هاوسەنگی نێوان چاکەو خراپە، ئەی کوا مۆراڵێک لەم کۆمەڵگەیەدا کە ڕەش لەسپی جیابکاتەوە، ئێمە بەچ یاسایەکەوە بەندین، بەیاساکانی ئاین!!، گوناهباران دەخاتە جەهەنەمەوە پاشان لەوانەیە خوداوەند بیانبەخشێت، پابەندین بەیاسایەکی هیومانی !!، لەهەموو دنیاکدا هیومانیەت بۆ تاوانباران بەهاندانی تاوانکاری لەقەڵەمدەدرێت ، ئیدی نازانم ئەم لێبوردنە لەجاشەکان و ئەم بەرگریکردنەی دەسەڵاتی کوردی لەجاشەکان ، بەوەی ئەوان بەشداری ئەنفالیان نەکردووە، لەکامە چەمکی لێبوردنەوە سەریهەڵداوە؟!

.


لەنێوان کولتوری تۆڵە و کولتوری لێبوردندا ووردەکارەیەکی زۆر هەیە کەپێویستی بەپێداچوونەوەی فیکری و سیاسی ومێژوویی

هەیە، دیارە گومان لەوەدا نیە کەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی تۆڵە سەندنەوە بەبەشێک لەعەدالەت و ئازایەتی تێدەگەن، کولتوری لێبوردن لەم کۆمەڵگە چەپێندراوانەدا کولتورێکی نامۆیە، کولتورێکە نەچۆتە گوتاری سیاسیەوە، هەروەها کۆمەڵگەش لەسوستێمی پەروەردیدا ئەوەندەی لەسەر بنەمای توندوتیژی جەستەیی و مەعنەوی خۆی بیناکردووە، ئەوەندە لێبوردنی بەلاوە مەبەست نیە. تێگەیشتن لە لێبوردن مانای تێگەیشتنە لە ئازادی بەهەموو ماناکانیەوە، بۆ یەکلاکردنەوەی ڕابوردوو و خەتهێنان بەژێریدا ، پێویستمان بە لێبوردنێکی ئەقڵانی هەیە ، نەک لێبوردنێکی خێڵەکی . بۆ ئەوەی لێبوردنێکی ئەقڵانی بکەینە کولتورێکی کۆمەڵایەتی ، پێویستمان بەئاوڕدانەوەیەکی هۆشمەندانە هەیە لەڕابوردوو، ئاوڕادنەوەیەک کەگوتاری ئەقڵ لەهەموو مامەڵەیەکی ژیانی کۆمەڵگەدا ئامادەگی هەبێت ، ئەمەش جارێکی دیکە ئەرکی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرە لەپەیوەندی ناجێگیر و بەردەوامیدا لەگەڵ َدەسەڵاتی ئاینی و سیاسی نێو کۆمەڵگەدا، پابەندن بەو خودە مێژوویە هوشیارەی نێو جەوهەری پرۆسەی ڕۆشنبیریدا، جیهانی ڕابوردوو تاوتوێ دەکات و چەمکەکانی وەک تۆڵە و لێبوردن لەگۆشەنیگایەکی ئەقڵانیەوە هەڵدەسەنگێنێت.

من پێموایە لێبوردنی جاشەکان و بەرگریکلێکردنینان لە بەردەم دادگایی ئەنفالدا، لێبوردنێکی خێڵەکیانە، دەسەڵاتی کوردی دەیەوێت بەلێبوردنێکی کولتوریانە بەئێمەی بفرۆشێتەوە، ئەم لێبوردنە لەجاشەکان وایکردووە کە سەرۆک جاشەکانی دوێنی پلەی هەستیاریان لەحکومەت و حزبەکاندا داگیربکەن، نەک

ئەوەش بەڵکو لەڕۆژنامەکاندا گاڵتە بەدادگا دەکەن و هەندێکیشیان کتێبی قەبارە گەورەی دەنوسن و خۆیان لەهەمووان بە مەزڵومتر و کوردتر دەزانن !!.. ئەمە نائەقڵانترین و ترسناکترین لێبوردنە کەشەیتانەکان لەشەو ورۆژێکدا دەکاتە فریشتە.

ئەنفال تەنها بەلەسێدارەدانی تاوانباران کۆتایی نایەت، بەتۆڵە سەندنەوە ئاسەوارەکانی ناسڕێنەوە، بەڵکو بە لێبوردنێک کۆتایی پێدێت ، کەهەنگاوی سەرەتای گەڕاندنەوەی ژیانێکی پڕ کەرامەتە بۆ خێزانی ئەنفالکراوەکان ، بەخشینی هەموو هیوایەکە بۆ کەس وکاری ئەنفالکراوەکان بەژیانێکی نوێ ، کاتێک هەستدەکەم لێبوردن لەم دەڤەرەدا بوونی هەیە ، کە چیتر ئەنفالکراوەکان لە قوڕوچڵپاوی ئۆردوگاکاندا نەبینیم، کاتێک هەستدەکەم کەهێزێکی ڕۆشنبیری کاریگەی هەیە لەسەر گوتاری سیاسی ، کەدەبینین لەجیاتی تۆڵەسەندنەوە دادگایکردنێکی ئەخلاقی و عادیلانەی هەموو یەکێک دەکرێت کەدەستی هەبووە لەسوتانی گوڵە گەنمێکی ئەنفال.



**شێرزاد حەسەن**

**هەرگیز شەڕی گەورەمان لە سەر کارەساتی ئەنفال نەکرد، تا ئێستاکەش هەمان دۆخ بەردەوامە، دۆخی زەلیلی و کۆیلە بوون و ئەوترسە گەورەیە وای لێکردووین کە جاروبار بە شەرمەوە باس لە ئەنفال بکەین.**

**شێرزاد حەسەن**

پرسیار: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕووینەدایە و هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە پێتانوایە ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت، هەم لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دونیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپی؟

**شێرزاد حەسەن:** کارەساتی ئەنفال و هەموو دەرئەنجامە ناشیرینەکانی وەک دەرهاوێشتەی عەقڵێکی خوێنخواری بەعسیزم و تێکەڵ بەو میرات و کەلتوورەی عەرەب- ئیسلام کارێکی چاوەڕوانکراوە، لەو ڕۆژەوەی عەرەبەکان بەسەر پشتی ئەسپەوە، شمشێر بە دەستەوە هاتن و کوردستانیان داگیرکرد، دەقاو دەق ئەم شەرعییەتەیان لە سوورەتی ،، ئەنفال،، وەرگرتووە کە هانی موجاهیدەکان دەدات ڕوو لە وڵاتانی بکەن و بە زەبری شمشێر کافرەکانی وەکو ئێمە بکەن بە ئیسلام بە ناوی ،، غەزەوات و فتوحات،،ە وە، تا ئێستا کەش ئاڵای مەملەکەتی سعودیە ڕەسمی شمشێرێکی بە سەرەوە، ئاخۆ شمشێر لەو مێژووە دێرینەی داگیرکردنی وڵاتانەوە تا هەنووکە جگە لە مل پەڕاندن بۆ چی بەکارهاتووە؟ وەلێ ناکرێ هەڵەو گوناهەکانی خۆمان لە یادبکەین، چ کارەساتی هەڵەبجەو چ ئەنفال پەیوەندی هەیە به بێ بەرنامەیی و کوێربوونی سیاسی حیزبە کوردییەکان کە هەرگیز بۆ یەک جاریش پێشبینی هیچ کارەساتێک بکەن، هەمیشە بێ پێشبینی و بێ ستراتیژ بوون، هەمیشە بێ سەرو بەری حیزبە کوردییەکان و هەڵە زۆر ناقۆڵاکانی ئەوان هەم مایەی دروستکردنی کارەسات و هەم دەرئەنجامەکانین تا بڵێیت تراژیدی کەوتوونەتەوە، هەر جارێکیش خەلک و عەوام باجەکەیان داوەو ئەوان بە کەمترین زیانی گیانی و مادی کەوتوونە ئەودیو سنوورەکانەوە، لەم چەند ڕۆژانەدا دیسانەوە سەرکردەکانی کوردو ئەندامانی سەرکردایەتی و بنکردایەتی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بەم حیزبانە سەرسامن بەوەی کە ،، بەیکەر- هاملتن،، لە ڕاپۆرتەکەی

خۆیاندا حسابیان بۆ کورد نەکردووە،وەکو ئەوەی کە بۆ یەک سەعاتیش گومانیان نەبوویێت لە سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە کوردو ئەم ناوچەیە. ئەمەیان بێزەوەترین بۆ چوونە، چونکە خودی مام جەلال و مەسعود بە جووتە نامەیان نووسیوە بۆ ٠(جۆرج بوش) تیایدا وتوویانە گەر تۆش بە هاوپەیمانی و دۆستایەتیمان ڕازی نەبیت، ئێمە هەرهاوڕێ و هاوپەیمانین، بەکەمێک دەستکارییەوە ئەمەیان ناوەڕۆکە نامەکەیانە، ئیترکە تۆ هیچت مەرجت نەبێ، بەرامبەرەکەت بۆ حیسابت بۆ بکات؟ نیازم لەم نموونەیە تەنها ئەوەیە هەمیشە کوردو سیاسەتی کوردی بۆ خۆی لە ئاست کێشەکاندا نابینا بووە! جگە لەوەی کە کورد بۆ خۆی بە یارمەتی سەدەها موستەشارو چاشەوە چاوساغی سوپای عێراقی بووە، کەواتە کورد بۆ خودی خۆی ئامادەگی ئەم دارزانە ئەخلاقییە بووە،ئیتر ژمارەی ئەم ویژدان مردووانە کەم بووبن یان زۆر هیچ لە مەسەلەکە نا گۆڕێت.بیرمان نەچێت کە بۆ ئێمە ئەو پەڕی سادەییە گەر لە وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی چاوەڕێی جۆریک لە بەزەیی و بەرگری هەق بکەین، سەیرنییە ئێمە لە ناو دڵی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بە ،، ئیسرائیل،، بەراورد بکریین هەرواشە، وڵاتانی عەرەبی، زۆر جاران، گوناهی یەکنەبوونی خۆیان دەخەنە ئەستۆی ئیسرائیل و کوردەوە، گەورەترین و ناودارترین نووسەران و هونەرمەندانی عەرەب و ئیسلام بە چاوێکی زۆر شۆفینیانەی لە ئێمە دەڕوانن، مەحمود دەرویێش لە تاکە شعیرێکی خۆی پەشیمان بۆوە کە بۆ کوردی نووسیبوو، ٠٩( موعین بەسیسە) شاعیری فەلەستینی ڕستەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت :( سەلاحەدینی ئەیووبی٠) کرا بە عەرەب

چونکە لە دژی خاچپەرستەکان جەنگاو سەرکەوت، بەڵام گەر ئەو شەڕەی بدۆڕاندایە، دەکرا بە سیخوڕێکی کوردی،( موحەمەد ماغوت) کە شاعیرو ڕۆشنبیرێکی سوورییە کوردو کوردستان بە ئیسرائیل دەشوبهێنێ، ئێران و تورکیا بە درێژایی مێژوو دەستیان لە کوشتاری کورد نەپاراستووە، سنووری نێوان ئێمەو عەرەب و فارس و تورک سنوورێکی خوێناوی بووە، هەمیشە ئەوان خۆیان بە ئاغاو کەڵەگاو سەرداری ئێمە زانیوە، زمانی ئەوان خەاوەتە سەر زمانی منداڵەکانمان، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی و عەرەبی لەسەر ئیسک و پروسکی ئێمە دامەزراوە، جگە لەوەش کورد بۆ خۆی خۆخۆربووە، لەسەردەمی عەباسیەکاندا نۆ میرنشینی کوردی دژ بەیەک جەنگاون ، ئێمە لەمڕۆکەدا کە لەسەر خاکی خۆمان ئازادین، سواڵی سەربەستی لە بەغدا و عەمامەبەسەرە گەلحۆکانیان دەکەین. بۆ دەبێت بەرامبەر کارەساتی ئەنفال بیکەن بە هەراو قیامەت؟ مەگەر ئێمە تا هەنووکە گەوهەر و دیدو بۆچوونی وڵاتانی عەرەبی و دەرو دراوسێ ی خۆمان نە خوێندۆتەوە؟ بۆچی کورد بۆ خۆی چی لە کارەساتی ئەنفال فێربووە؟ جگە لە یادکردنەوەیەکی مردوو کامەیە ئەو وانانەی کە حیزبە کوردییەکان لە ئەنفالەوە فێری بووبن؟ کوا گرنگی دان بە ئەنفال بەقەد زەخمی کارەساتەکە؟ بۆچی ئیسرائیل توانی هۆلۆکۆست وا لێبکات کە سەرجەم مێژووی تازەی خۆی لەسەر بەنیات بنێ و ئێمە تا هەنووکەش نەمانتوانیوە؟ ناکرێت ئەوە لە یادبکەین کە عەرەب و ئیسلامخوازەکان، چ لە ناو گروپ و حیزبی نەتەوەیی دابن یان چەپ و عەلمانی و دروشمی تازە پەرچەمیان هەر هەمان

هەڵوێستی دوژمنكارەیان هەبووە دەرهەق بە مەسەلەی كوردی، ئەوان بڕوایان وایە كە ئێمە بێگانەین و كافرین و خاوەن هەق و ماڵ ئەوانن، بۆیە سەدام حوسەین و حیزبەكەی زۆر بە وەفا بوون لەگەڵ كەلتووری باب و باپیرانیان، ئەوان جگە لە زمانی شمشێر هیچی دیكەیان نەبووە. سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریكاش هەر هەمان حەكایەتی فەرامۆشكردنە، كاتی خۆی نەهەنگێك لە ئاوی ( ئالاسكا) گیری خواردبوو، ئەمریكاو سۆڤیەت لەو ڕۆژگارەی كە شەڕی سارد لە نێوانیاندا گەرم بوو، بەیەكەوە بڕیاریان دا كە نەهەنگە گیرخواردووەكە ڕزگاربكەن، بەڵام بە درێژایی شۆڕشی تازەی كورد، سۆڤیەت و ئەمریكا یارمەتی عێراقیان داوەو خۆ زانیویانە كورد ( قەتل و عام) دەكرێت، بەڵام هەمیشە سیاسەت بازاڕێكە گرنگ تیایدا قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بووە. هەموو چارەنووسی هاوتا بووە بەو پاپۆڕە نەوتانەی ڕووەو ڕۆژئاواو ئەمریكا و سۆڤیەت بەڕێ كەوتوون، سیاسەت لەم سەردەمەدا بێ مۆڕاڵە، ئەوەی داوای ئەخلاق لە سیاسەتبازەكانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات دەكات خەراپ حاڵی بووە لە خۆی و لە دونیا. وتراوە كە سیاسەتبازەكان دۆستی هەمیشەییان نییە، بەڵكو بەرژەوەندی هەمیشەییان هەیە. سەدام و حیزب و هەموو چەك و تەكنۆلۆژیای سەربازییەكەی لە ئەمریكاو ڕۆژئاواوە هاتووە، هەتا زیندان و ژوورەكانی ئازاردانی بەندییەكان بەیارمەتی ئەلمانیا-ی ڕۆژهەڵات-ی ئەو سەردەمە دامەزرا بوون. خودی سەدام حسەین و ئامێرو دەزگا جەهەنەمییەكانی ڕاستگۆترین گوزارشتە لەم چەرخە كە تیایدا سیاسەت جگە لە كاركردەی

عەقڵێکی وێرانکەرو بازاڕی عەقڵ و لەشفرۆشی هیچی دیکە نییە، ددونیای سیاسەتبازەکان لە ڕۆژئاواو لە ڕۆژهەڵات دونیای سیاسەتکارە سۆزانییەکانە، من هەرگیز بڕاوم بەوە نییە بە ئافرەتانی لەشفرۆش بڵێم سۆزانی، چونکە هەزارو یەک هۆ هەیە لە پشت هەر لەشفرۆشتنێکەوە، وەلێ بازاری سیاسەت لە ئەمریکاو ئاوروپا و ئاسیا و سەرجەم کێشوەرەکانی دیکە پڕە لە سیاسەتبازی سۆزانی. دیارە وڵاتانی ئاوروپا و بگرە ئەمریکا و سۆڤیەتیش لە ڕۆژگاری خۆی بەرامبەهەموو کارەساتە سیاسییەکانی کورد بێدەنگ و خامۆش بوون، تەنها ئەوکاتە هەڵەبجەو ئەنفال بوونەوە بە حەکایەتی ناو ڕاگەیاندنی دونیا کە سەدام ویستی گەمە بە سەرچاوەی قازانج و خێری ڕۆژئاوا بکات، زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا گومانیان لە هەڵەبجە و ئەنفال هەبوو، هەندێکیان بە سیناریۆیەکی سازکراویان دەزانی،(پریمان کۆڤ) لە یاداشتەکانی خۆیدا دانی پێدا دەنێت کە (سەدام حسەین٨) بەرتیلی دەدا بە هەموو ستافی ڕۆژنامەی (پراڤدا) و بگرە لە (پریماکۆڤ)ەوە تا دەرگاوانەکەی کڕیبوو، مەرجیشی ئەوە بوو کە هەرگیز باسی کوردی تێدا نەکرێت، غشتی ئاڵتوونی بۆ پریما کۆڤ دەنارد من(3)سێ ساڵ لە ڕێکخراوی

( A M G )

کارمەند بووم کە ڕێکخراوی بریتانی بوو، سەرگەرمی هەڵگرتنەوەی ٩( مین- لوغم) بوو لە کوردستان، پتر لە سەد وڵات مینی بە عێراق دەفرۆشت و بە ملیۆنەها لەو لوغمانە لە ژێر خاکی کوردستان چێندران‌لە ئەمریکاوە تا دەگا بە هەموو وڵاتانی ئاوروپاو بگرە ئیسرائیل و پاکستان و ئێران-یش

لوغمی بەعێراق فرۆشتووە، من هەموو ئەو دۆکیومێنتانەم پاراستووە. من نەک بەرامبەر وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی و بەس، بەڵکو بڕوا دەکەم لە دونیای سیاسەتدا تا هەنووکە مۆراڵێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە حیساب بۆ سەربەستی و خۆشبەختی گەلانی وەک کوردی ستەمدیدە بکات. دواجار بازارێکە بۆ قازانج و سوودی میللەتانی بەهێزو سەر دەستە، گەر جاروبار دەنگ هەڵبڕینێک هەیە دژی ستەم و بێدادی، ئەوەشیان لەسەر ئاستی ڕەسمی مەرامێکی سیاسی لە پشتەوەیە و گەمەو تاکتیکێکی کورت مەودایە.

**پرسیار: ئەوهۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەر پێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە، دەگوازێتەوە بۆ هوشیارییەکی کلتووری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بە دەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لە ئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەستەڵاتی کوردی خویدا؟**

**شێرزاد حەسەن:** نەک بە تەنها لەسەر ئاستی حیزبە سیاسییەکان، بەڵکو لەسەر ئاستی میللی و بگرە لە نێوان ڕۆشنبیری کوردیدا( ئەنفال) نە بۆتە بابەتێکی مێژوویی زیندوو لە نێو ڕۆح و عەقڵی ئێمەدا. دەکرێت کارەساتی ئەنفال لەسەر ئاستی سۆزو هەڵچوونێکدا بابەت و خەمی زۆر کەس بێت،

بەڵام وەک تراژیدیایەکی نەتەوەیی کاری لەسەر نەکراوەو نەبۆتە پرۆژەیەکی سەراپاگیری نەتەوەیی کە ڕۆحی هەمووومان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، هەتا ئێستاش ئەنفال بابەتێکە بۆ بازاڕگەرمکردنی سیاسەتی زۆر سارد و بێ بەرەکەتی کوردی. تا هەنووکە هەڵوێستیکی گەورەی ئەخلاقی لەمەڕ ئەم تراژیدیایە لە ناو حیزبە کوردییەکاندا دروست نە بووە، گواستنەوەی ئەنفال لە یادکردنەوەی سالانە بۆ خەمێکی کەلتووری و پرۆژەیەکی نەتەوەیی و ئەوسا نێونەتەوەیی پێویستی بەوە هەیە یەکەمجار خۆمان وەک کورد بگەینە قەناعەت کە ئەنفال چیرۆکێک یان کارەساتێک نییە دەرهەق بە کۆمەڵێک مرۆڤی ئێمە، بەڵکو مەرجی یەکەم ئەوەیە هەست بکەین کە ئەوەیان گەورەترین برینە لە جەستەی نەتەوەو تا هەنووکەش خوێنی لێدێت، خۆ زەحمەت نییە لاسایی جوولەکە بکەینەوە لەوەی خۆمان شەڕ لە سەر کرینەوەی ئەو شکۆمەندییە بکەین کە ئەتک کرا، بە ئەرشیف کردنی ئەو کارەساتە دەیەها ڕێگە و شێوازی هەیە، دەبێ ترسی ئەوەمان هەبێت کە ئەنفال کارەساتێک نییە لە ڕابردوودا وەک لە نووسینێکی مەریوان وریا قانعدا هاتووە، کارەساتێکە دەکرێت لە داهاتوودا دووبارە ببێتەوە، بەتەنها مێژوویەک نییە لە دوێنێ ی ئێمەی ڕەش کردبێت، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە ئایندەشمان کوێربکاتەوە،شەرەفی ئەوەشمان هەبێت کە پشکی هەڵەو گوناهی خۆمان وەک کورد لە سازاندن و دروستکردنی ئەنفال هەژمار بکەین. زۆر جاران ئێمە خۆمان گومانمان هەیە کە کورد یادەوەری هەبێت یان وەک دەوترێت ساویلکە و خۆشباوەڕو بەخشندەیەو ناتوانێت ڕقێکی پیرۆزی

هەبێت، هەڵبەتە گەر ئەم قسانە بەڕاست وەربگرین لەوانەی ئەم جۆرە بۆچوونانەیان هەیە، دەکرێت بگەینە ئەو بڕوایەی کە ئەوەیان نزیکە لە گەلحۆبوون نەک دڵپاکی، یان نەبوونی هەستێکی ئەخلاقی کە وامان لێدەکات بڵێین مادامەکێ کارەساتەکە خۆمی نەگرتۆتەوە، هەرگیز بابەتی خەمی من نییە، دەبێت بپرسێت کورد بۆچی بەرامبەر بە یەکدی، بەتایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی ئەوەندە یادەوەری تیژەو ئەو دەیەها ساڵە ئەم حیزبانە شەڕدەکەن و تۆڵە لە یەکدی دەکەنەوە گەر بۆیان بکرێت یەکدی ئاودیوی سنوورەکان دەکەن، بۆچی دەبێت بەرامبەر بە دوژمنان و داگیرکەرانی خۆیان ئەوەندە لێبوردەو بەخشندەبن. ئایا کورد بۆ خۆی ئەو هەستە ئەخلاقییەی دۆڕاندوو بە تایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی و کارکردەی حیزبەکاندا، یان لەوە نەزانترە کە نەزانێت چۆن ئەم تراژیدیایە بکات بە بەشێکی مێژووی هاوچەرخ و ئایندەی خۆی لەسەر دروست بکات وەک چۆن جوولەکە هۆلۆکۆستی کرد بە بناغەی مێژووی هاوچەرخی خۆی و تا هەنووکەش لەسەری دەلەوەڕێت، گوزارشتە کەی تۆ لەوەی کە دەپرسیت بۆچی نە بۆتە هۆشیارییەکی کەلتووری، ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بەوانەی کە بوونەتە مایەی ئەم خامۆشییەلەوەشدا لە سەرکردەکانی کوردەوە تابنکردەکان تاوانبارن، هەڵبەتە هەژاری فیکری سیاسی ئێمە دەردەخات کە هەرگیز نەخشە و ستراتیژێکمان نییە، چونکە کارکردنی سیاسەت لای پارتە کوردییەکان جگە لە کاردانەوەی ڕۆژانە دەستەڵاتێکی دیکەیان نەبووە، چونکە گوزارشتی بۆ چی کۆمەڵگای کوردی بارتەقای ئەم کارەساتە خامۆشە گوزارشتێکی

فس و فۆڵە، کۆمەڵگا لە ملیونەها تاک پێکهاتووە کە هەر هەمووی خاوەنی ئەو هۆشیارییە نییە ئەنفال بکا بە بابەت و زمانی بۆ دروست بکات تا قسەی پێ بکات لەگەڵ دونیا، ئەوە کاری ڕۆشنبیرەکان و سیاسەتکارو حیزبەکانە کە لە ڕێی زمان و دەستەڵاتی خۆیانەوە بتوانن وابکەن دونیای دەرەوەی خۆمان گوێی لەو هاوارانە بێت، بە چاو دڵ و ڕۆح و عەقڵ هەست بە زەخمی ئەم کارەساتە بکات وەک چۆن رۆشنفکران و نەخشەسازان و سیاسەتکارانی جوولەکە کردیان، جگە لە هەوڵی چەند کەسێک کە بەتەنیا کاردەکەن هەوڵێکی ئەوتۆ نەدراوە، کورد پێویستی بە چەندین دەزگاو کەناڵ هەیە بۆ پەڕاندنەوەی ئەم کارەساتە وەک ڕووداوێکی تراژیدی بۆ کێشەیەکی گەورەی نێونەتەوەیی، گرفتی کورد ئەوەیە کە هەرگیز بایەخی بە تۆمارکردن نەداوە، لە کۆنەوە ( حاجی قادری کۆیی ) لە شیعرەکانی خۆیدا دادو بێدادییەتی لە دەست ئەوەی کە دەنێو هەموو میللەتانی دونیادا،کورد نرخ و بایەخی تۆمار نازانێت، دیارە لای حاجی تۆمار بە تەنها نووسینەوەی ڕووداوەکانی مێژوو بووە کە کورد بتوانێت لە یادەوەری خۆیدا. بیانپارێزێت و پەندیان لی وەربگریت، میللەتی بێ تۆمار واتا میللەتی بێ، یادەوەری، ناکرێت ئەوە لە یادبکەین کە لەم سەردەمەدا تۆمار بە تەنها نووسینەوەی مێژووی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی نەتەوە نییە ، بەڵکو جۆرەها شێوەوتەکنیکی تۆمارو زیندوو کردنەوەی ئەو یادەوەرییە تاڵ و شیرینانە هەیە، مەرجیشە لە بەرامبەر مەرگەساتی ئەنفالدادادگایی خۆمان بکەین، هۆکارو دەرئەنجامەکان شی بکەینەوە، هەمیشە وەک ئەو قوربانییە

زیرەک بین کە بزانین چی لە مێشکی ( جەللادەکانمان)دا دەگوزەریت، وەک ئەو نێچیرەبین کە بزانین ڕاوچی خاوەنی کامە داوو تەڵە بووە و لە مرۆکەدا چۆن بەسەر ئەم داوو تەڵە و فاقانەدا بازبدەین و پێوە نەبین، ئێمە تا هەنووکە نەمانتوانیوە کەڵک لەم دونیا تازەیە ببینین، ئەو ئامێرو کەرەستەو ئامرازانە وەربگرین، لە هەمووی ترسناکتر نە بوونی (لۆبی) کوردییە لە دەرەوە کە کار بۆ پرۆژەیەکی گەورە بکات و هێزو توانای مادی و مەعنەوی بۆ بکاتەوە، دامەزراندنی چەندین دەزگا لە ناوەوە و دەرەوە، پێویستییەکی هەنووکەییە، خەڵکی تا هەنووکە لە ڕووی ئیحساساتی لە کارەساتی ئەنفال دەڕوانن، ئەوەی کە وادەکات ئەنفال بە تەنها یادکردنەوەو بۆ نەیەک نەبێت بۆ خوتبەی سیاسی چەند سەرکردەو بنکردەیەک، نەبێت بە بابەتێکی ئیستهلاکی سیاسەتی ناوخۆیی و گەمەی نێوان حیزبەکان و کڕینی فرمێسکی خەڵکی بێ چارە، مەرجە هەموو ئەو هێزو توانایانە کۆبکەینەوە، چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە، نەخشەو پلانێکی درێژخایەنمان هەبێت بۆ ئەرشیف کردن و تۆمار کردنی ورد و درشتی حەکایەتی ئەنفال، بەجۆرێک کە ببێت بە حەکایەتی تراژیدی هەموو نەتەوە، ببێتە چەکێکی سیاسی کاریگەر لەسەر ئاستی جیهانی، بیر لەو هەموو کە ناڵانە بکەینەوە کە وامان لێبکات بتوانین هەموو زانیارییەکی کۆن و نوێ لەسەر ئەو تراژیدیایە ڕووەو دونیای دەرەوەی خۆمان ڕەت بکەین، وەک چۆن جوولەکە توانی هۆلۆکۆست بکات بە حەکایەتیکی تاقانەو دەگمەنی خۆی، نەکردنی کارێکی وا بەتەنها مانای ئەوە نییە کە ناشارەزاین و بێباکین، بەڵکو نەمانی

ویژدان و ئەخلاقێکی سیاسییە کە وای کردووە هەموو ڕووگەو ئاراستەکان ون بکەین و تا ئەبەد وێڵ بین

**پرسیار: ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین. بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژویی لە یادەوەری ئینسانی کورددا بە چەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردن بێت لەسەری لە لایەن ئەو نەوانەی کە لە دوارۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟**

**شێرزاد حەسەن:** واهەستدەکەم لە پرسیاری دووەمداو لە ناوئاخنی وەڵامەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارەشی تێدایە، تەنها شتێک کە زیاد بکرێت ئەوەیە کە زۆرمەرجە حەکایەتەکانی ئەنفال و ئەنفال وەک کارەساتێکی مێژوویی لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا، بە پێ ی تواناو بوونی کەرەستەی جۆراوجۆرلە ناو وانەکانی مێژوودا بخوێندرێت، ئەرشیف بەدۆکیومێنتەوە، بە تۆماری زۆرەوە، لە هەر هەموو قوتابخانەکاندا بەشێک بێت لە کتێبخانەی تایبەت و کتێبخانەی گشتی، تەرکردنەوەو زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانی ئەنفال ئەرکێکی ئەخلاقییەو هەم نەتەوەییە گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ لە مەرگەساتی ( تەیموور) و دەیەها کوڕوکچی ناو گەرداوی ئەنفال وا دەکات ئەم نەوەیە لە ڕێ ی تراژیدەوە پتر پەیوەست بن بە قوربانییەکانی ناو ئەم تراژیدیایەو دواجار ئەو مەرگەساتە ڕۆحی تاکەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی پتر یەکدەخات، گەر ئەفسانە ڕۆڵی هەبێت لە یەکخستنی ڕۆحی نەتەوە، ئەوە

تراژیدیا پتر زەمینە دەسازێنیّ. حەكایەتی پر لە كارەساتی منالّ و ژن و پیرو پەككەوتەكان دەنێو هونەرو ئەدەبی ئێمەدا ڕەنگ بداتەوە، چونكە ئەدەب و هونەر سیحرێكی گەورە تری بۆ كارتێكردن و وروژاندنی هەست و سۆزی ئەو نەوەیەی كە خودی خۆی لە ناو كارەساتەكەدا نەژیاوە، سەرباری گواستنەوەی ئەو مەرگەساتەو چیرۆكە جیاوازەكانی بۆ سەر سكرین، چ وەك فیلمی دۆكیومینتاری – وثائقی – چ وەك فیلمی داستان ئامێزلە هەمووشی ئاسانتر كردنەوەی چەندەها سایت و تۆڕی سەبارەت بە ئەنفال، كە تیایدا هەموو كەس ئازاد بێت لە شێوەی بەشداری و هاوكاری بە هەر شێوەیەک كە حەزدەكات، بەتایبەتی لە ڕێ ی وێنەوە كە ڕاستەوخۆ كاریگەری خۆی دەكات و ئاسانترە بۆ دواندنی ویژدان و سۆزو عەقلّی بەرامبەر، بە تایبەتی گەر بكرێت، جگە لە زمانی كوردی، زمانی عەرەبی و فارسی و توركی و زمانە زیندووەكانی دونیا پردی پەیوەندی بن لەگەلّ دونیای دەرەوە، بە تایبەتی نەوەیەكمان هەیە كە لە دەرەوە لە دایک بووە و ژمارەیەكی زۆریان ئاشنا نین بە زمانی دایكی خۆیان، خۆ دیارە نەوەی سێیەم ئەگەری ئەوەی هەیە بە تەواوەتی ئەم پەتكی ناوكەی لەگەلّ دایكی خۆی وەک خاک و نەتەوە بپچڕێت، بۆیە بیركردنەوە لە دامەزراندنی چەند تۆڕو سایتێک لە سەر ئەو بناغەیە زۆر پێویستە. دامەزراندنی كۆنتۆیەک، بەواتای كردنەوەی حیساب، لە پێناو سەرخستنی زیندووكردنەوەی یادەوەرییەكانی ئەنفال كارێكی ئەخلاقی و نەتەوەییە، میكانیزمی سەرگرتنی وەها پرۆژەیەک پێویستی بە پلان و زەمینە سازاندن هەیە، بەتایبەتی بوونی توانستی دارایی

وا دەكات كە هەم پرۆژەیەكە سەر بكەوێت و هەم وا لە نەوەی نوێ دەكات لە دوری وەها پرۆژەیەكی ئینسانی كۆ ببێتەوە.

**پرسیار: ئایا ئەدەبی كوردی بە تەعریفە جیاوازەكانیی ئێوەوە بۆ ئەدەب، چەند بەرپرسیارە لە بەردەم بیرنەكردنەوەدا لە ئەنفال؟**

**شێرزاد حەسەن:** جگە لە ئەدەب دەیەها مەیدان و پانتایی ڕامیاری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەن كە وەک زووتر وتمان دەكرێت ئەنفال بە دەیەها دەركەوت و ناوو نیشانی جیاوازەوە خۆی تێدا بنوێنێت. ئەدەب چونكە كار لە ناو مێژوودا دەكات و بەتایبەتیش ئەدەبی داستان ئامێز، ئەوەی كە پێی دەوترێت سەرەڕای شیعر و شانۆ، یەكێک لە سەرچاوە سەرەكییەكانی كاركردنە لە ناو مێژوودا، ژمارەیەک لە نووسەران، لە نێو ئەوانەشدا ( سەلمان روشدی) بڕوای وایە كە ڕۆمان، هەر بۆ نموونە، ئەو وردو درشتەی ناو ڕووداوەكان دەگێڕێتەوە كە خودی مێژوو فەرامۆشیان دەكات، گرفتی مێژووش ئەوەیە كە هەمیشە میرزادە و پادشا و سەرۆكەكان و پارتەكان بەو مەرجە دەینووسنەوە كە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت، مێژوو، زۆر جاران، مێژوونووسە درۆزنەكان دەینووسنەوە، لە ڕۆمان و چیرۆكدا رۆحی سەردەم ڕەسم دەكرێت، بە هەموو خۆشی و نا خۆشی و هەرەس و سەركەوتنەكانەوە، بە واتا ڕۆماننووس بۆ هەمیشە ڕاستگۆترە لە مێژوونووس، هەڵبەتە كارێكی ڕەوا نییە

دادگایی کردنی نووسەران، لێرەو هەنووکە کە بە قەد کارەساتی ئەنفال ئامادەگیان هەبێت، چونکە خودی ئەدەب کارو کردەوەیەکی تەواو جیاوازە، جگە لە مەعریفەتێکی تێرو تەسەل و ئەزموون و خەیاڵێکی دەوڵەمەند پێوستی بە زەمەنێک هەیە لە تێڕامان و ورد بوونەوە، هەتا پێویستی بە گەڕان و سۆراغ و کۆکردنەوەی دۆکیومێنتیش هەیە، هەمیشە لە ڕۆژانی ڕوودانی کارەساتە گەورەکان، ئەوەندە زەخم و شۆکی کارەساتە دەمانهەژێنێت، ئەوەندە خەیاڵ بۆ نووسین ناکەوێتە گەڕ، جگە لە وەی کە دەبێت دانی پێدا بنێین کە تەمەنی پەخشانی کوردی و خەیاڵی داهێنەرانەی کوردی هێشتا لە سەرەتادایە و تەمەنێکی کورتی هەیە، پەخشانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ پەخشانی روسی و فەرەنسی و ئەلمانی و ئینگلیزی، بگرە بە بەراورد لەگەڵ پەخشانی دەرودراوسێکانیش مێژوویەکی کورتی هەیە. گەر بڕوانینە ئەو ئەدەبەی کە گوزارشتی لە هۆلۆکۆست و کارەساتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کردووە، ژمارە هەرە زۆرەکەی ئەو نووسەرانەی توانیویانە دەربڕی ئەو قۆناغانە بن بە شێوەیەکی داهێنەرانە، زۆربەیان دوای دەیەها ساڵ لەو کارەساتانە داهێنانی گەورەیان بە دونیا بەخشیوە، بەواتا زەمەنێک هاتووەو تێپەڕیوە، نەوەیەک لە نووسەران پەیدا بوون کە خودی خۆیان ئەو تاڵاوەیان نە چەشتووە، تەنها سەبارەت بە تراژیدیاکان شتیان خوێندۆتەوە ڕەنگە لە ئایندەیەکی دووردا نەوەیەک پەیدا ببێت سەبارەت بە تراژیدیای ئەنفال داهێنانی هەبێت، هەڵبەتە لە ئێستادا من تەنها ( بەختیار عەلی )م لە یادە کە توانیوێتی ڕۆمانی ،، شاری مۆسیقارە

سپییەکان،، دا هاواری ئەنفال ڕەسم بکات،پانتاییەکی گەورەی لەو ڕۆمانە دا داگیرکردووە، لەم ڕۆمانە دا هەر تەنها مرۆڤەکان نین کە بەر ئەنفال دەکەون، خودی جوانی هونەرو سروشت بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانی خۆیەوە بەر ئەو هێرشە ڕەشەدەکەوێت، چەندین دەقی دیکە بە ناوی ڕۆمانەوە لەسەر ئەنفال نووسراون، وەلێ بەرلەوەی لەدایک بن مردوون، ناکرێت چامەکەی کاک ( شێرکۆ بێکەس) لە یاد بکەم کە لەژێر ناوی (گۆڕستانی چراکان)دا بڵاو کرایەوە، ئەو چامەیە داهێنانێکی گەورەیە و قسە لەگەڵ ویژدان و ڕۆحی بریندار ی نەتەوەیەک دەکات. جگە لەو دوو داهێنانە من بۆ خۆم شتێکی ئەوتۆم لە یاد نییە. لە بواری چیرۆکیش تەنها سێ چیرۆکم لە یاد ماوە کە ئەوانیش ،، گیانی تاشەکان،،ی جەبار جەمال غەریب و ( پاشماوەی خێڵەکان)ی عەتا موحەمەد و( مەرگی سەگێک) ی مەولوود ئیبراهیم حەسەن- ە

دواجار مەرج نییە هەموو نووسەران بەرپرسیاربن و ببێتە ئەرک لە سەریان کە لە مەڕ ئەنفال داهێنانیان هەبێت،چونکە داهێنان کردەیەکی زۆر ئاڵۆزەو هەموو کەس دەرەقەتی نییە ، دەکرێ وەک تراژیدیا هەموومان بە دەستیەوە هیلاک وەلێ قەت مەرج نییە ببێبە پرسیاری ئەدەبی لە لای هەمووان.

**پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی ڕۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بەهێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەڵاتی**

## کوردی لێی بەرپرسیارەو چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پێشاندانی؟

**شێرزاد حەسەن:** لە نێو ململانێ و شەری نەتەوەکان و دەستەلاتداران، چ لەسەر ئاستی نەتەوەکان و چ لەسەر دەولەتەکان نموونەی بەخشندە و روحی لێبوردن زۆرکەم بووە، بەتایبەتی لە مێژووی کۆنی ململانێ رامیاری و کۆمەلایەتییەکاندا، بگرە لە مێژووی هاوچەرخیشدا نموونە درەوشاوەکان ئەوەندە زۆرنین، چونکە وەک ( میلان کۆندێرا)ی رۆماننووس دەڵێ: مێژوو کوێرانە رێدەکات) کوێربوونی مێژووش لە بارستایی ئەو ستەم و نایەکسانی و ملهورپییەوە هاتووە کە مرۆڤی کردووە بە جەنگاوەرێک و ئەوەندەی کە سەرگەرمی خوێن رشتن بووە، ئەوەندە بواری نەبووە داوای بەخشین لە قوربانییەکانی بکات، هەڵبەتە حەکایەتی ئێمە و عەرەب و تورک و فارس، بەتایبەتی لەسەر ئاستی دەستەلاتی سیاسی، گەمەیەکی خوێناوی بووەو هەمیشە مەرگ سنوورەکانی ئێمەی لەوان جیا کردۆتەوە، گەمەی ئێمە لە تەک داگیرکەرەکاندا گەمەی قوربانی و جەللاد بووە. هەرگیزئەوان کە خۆ بە ئاغا و سەردای ئێمە دەزانن، نەک هەر ئەوەی ئێمە لە چاوی ئەواندا هەمیشە کافرو بەکرێ گیراوو تیرۆریست و لە رێ لادەرو چەتەو خیانەتکار بووین، هەمیشە هێزو دەستەلاتی سیاسی و ژمارەی زۆری سەربازو جبەخانەی پر لە چەک میللەتان فێری ئەوەدەکات کە بکوژو ببرخۆیان، بە تایبەتی گەر شەرەکان بە ناوی ئایدیۆلۆژیای ئاسمانی و یان سەرزەمینی بە پیرۆز بکرێن، هەتا


www.pertwk.com

سڕینەوەی کەلتوورو زمانی کوردی لە لایەن داگیرکەرەکانەوە بێ هۆنییە، چونکە هەمیشە ئاغا و سەرداربڕوای وایە کە کۆیلە و بەندەوارو خزمەتکارەکانی مەرجە بە زمانی گەورەکان بدوێن، نەک پێچەوانەکەی. دەمەوێت بڵێم کە مێژووی کورد مێژووی جەنگ و کوشتارو خوێن و مەرگ بووە لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی‌هەمیشە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا بووە کە کەی هێرش دەکرێتە سەری، پتر لە نێچیرێکی گەمارۆدراو چووە کە چواردەوری لە ڕاوچی دڵڕەق و تفەنگ بەدەست بچن، هەمیشە کوردبوون بۆ خۆی نەفرینێکی ئەبەدی بووە، هەمیشە کورد کە چەوساوەتەوە لە بەر ئەوە بووە کە ئەگەرچی لەسەرخاکی خۆی بووە، وەلێ وەک بێگانە و داگیرکەرو کەسی دووەم و کۆیلە وێنا کراوە، ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە مێژووی کوشتاری کورد لەبەرامبەر کورد ئەو ترسەی لە ڕۆحی هەموومان‌دا چاندووە، تا هەنووکەش لەسەر ئاستی میللی ئەم ترسە لە ناو نەچووە، کورد لە ناوخۆیدا هەرگیز لەسەر ئاستی سیاسی و هەر لە دوای پەیدابوونی پارتە سیاسییەکان و لە هەر هەموو بەشەکانی کوردستان وازی لە ململانێی چەکداری نەهێناوە، هەمیشە پارتەکان لە ناویەکدیدا ناکۆک بوون و بگرە زۆرجاران سڕینەوەی یەکتریان کردووە بە مەبەست و ئامانج، زەخمی ئەو ترسەش لەپای ئەو ململانێ یە زیادی کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خێزانی کوردی لە ژینگەیەکی وا ناتەندروست ژیاوە کە لە پاڵ میراتی سیاسییە ناشیرینەکە، خودی پێکهاتەی پەروەردەکردنی ئێمە لەسەر ترس دروستبووە، ترس و شەرم و بێ بڕوایی لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی ئێمەن و دروستکردنی پێکهاتەی ڕوحی و

کارەکتەری ئێمەی لەسەر بونیات نراوە، ئەو ستەم و چەوساندنەوەی لە شێوەی بەڕێوەبردنی سیستەمی خێزانی کوردی کاری کردووە تەمەنی سەدەها ساڵە، کە بەشێوەیەکی هیرارکی نێرەکان و گەورەکان و مێیەکان و بچکۆلەکان دەچەوسینەوە، هەمیشە دایکی کوردی دایکێکە لەسەر ترس و شەرم و بێ بڕوایی گەورە کراوە، ئەویش کوڕو کچەکانی خۆی بە هەمان حاڵەت و دۆخی ترس و شەرم سازاندووە، ترس لەگەڵ شیری دایک دەڕژێتە خوێنمانەوە، بیرمان نەچێ کە ستەمی ڕۆژهەلاتی، چ لەسەر ئاستی سیاسی و چ لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی، ستەمێکی دلڕەق و وێرانکەرە، سەرەڕای ئەوەی کە کەلتووری عەرەب- ئیسلام هەمیشە پایە هەرە سەرەکییەکانی لە سەر ترس لە خوداو ڕۆژی قیامەت و ئایندەی نادیار داکوتاوە، مرۆڤ بۆ خودی خۆی کۆیلەیەکی گوناهبارەو تا ئەبەد پاک نابێتەوە، ترس لە مەرگ و لە ژیان و لە قیامەت ڕۆژانەو هەفتانە دووبارە دەکرێتەوە، فیکرەی مرۆڤی کۆیلە و مرۆڤی گوناهبارو دونیای هیچ و فانی لە جیهانی ئیسلامیدا کاری گەورەو نێگەتیڤی خۆی کردووە، هەمیشە لە ئیسلامدا باس لە گوێڕایەڵی کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە حوکمڕانن و پێیان دەوترێت- (اولی الامرمنکم) هەرگیز گرنگیش نە بووە ئەو فەرمانڕەوایە ستەمکاربووە یان دادپەروەر، چونکە وا باو بووە کە فەرمانڕەواو پادشاکان و سەرکردەکان بە ناوی خوداوەو لە پێناو خودادا حوکم دەکەن، ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ ئەوان بە تەنها ئەرک نە بووە، چونکە بەشێک بووە لە خوداپەرستی، هێشتا ئەم بیرو بۆچوونە دەنێو هەمووخانە کۆمەلایەتی و

سیاسییەکاندا ڕەوایەتی خۆی هەیە، جا چ خێزان بێ و چ قوتابخانەو چ مزگەوت و چ خانەی حیزب و چ سەربازگە، هەر هەموو ئەو شوێنانەش پیرۆزن، هەموو پیرۆزێکیش عەقڵ پەک دەخات و هەمووشیان هەیبەت و ڕێزیان هەیە، ڕێزێک تێکەڵ بە ترس. هێشتا پارتێکی سیاسی و فەلسەفەیەکی پەروەردەیە نوێ نەهاتووە گومان لەو پیرۆزییە بکات و ئەو ترسە بڕەوێنێتەوە، هەموو فەزای ڕۆشنبیری ئێمەش هەرگیز دابڕنەبوو لەم دۆخە زۆر نەخۆشە، ئێمە بە ژمارە کەمترین جۆری ڕۆشنبیرمان هەیە کە ڕەخنەگرو تووڕەو ڕافزی بێت، ژمارە هەرە زۆرەکەی لە ناو یەکێک لە دەستەڵاتدارەکاندا تواوەتەوە، ڕۆشنبیرەکانیش توێژێکن دەچنەوە ناو هەمان پێکهاتەی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی، جگە لەوەش بەو پێناسەیەی کە ئەمڕۆکە لە دونیادا باوە کە ڕۆشنبیر جەنگاوەرێکی ئەبەدییەو دژی دەستەڵاتەو چاودێرەو هەمیشە ئازایەتی ئەوەی هەیە بەرگری لە جوانی و هەق و خێرو یەکسانی و دادپەروەری و سەر بەخۆبوون بکات، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نەتەوەیی و چ لەسەر ئاستی دەرەوە،بە هەق ئەو ژمارەیە زۆر لەوە کەمترە کە ئەم جەنگە بباتەوە، کۆیلە بوونی ڕۆشنبیر بۆ هەر چەشنە دەستەڵاتێک بێت دواجار ئەو زمان و قەڵەمەی لێ دەستێنێتەوە کە لەسەر گەمەی چاونەترسی و ئازایەتی بەردەوام بێت و لە میانەی مومارەسەکردنی ئازایەتی ئەوانی دیکەش فێری وانەی ئازایەتی بکات. دوای ڕاپەڕین لە شکرێک لە هونەرمەندو نووسەری کورد، کە نازانم چەندیان هەڵگری خەسڵەتەکانی مرۆڤی ڕۆشنبیرن، بەتەواوەتی کەوتنە

دڵداری لەگەڵ دەستەڵاتدارەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی.

کورد هەمیشە لەسەر ئاستی سیاسی زمانی قوربانی و کۆیلەی هەبووە، ئەوەتا هەردوو سەرکردەی کورد نامەیەک بۆ (بوش) دەنووسن و تیایدا سواڵی ئاوڕلێدانەوە دەکەن و دەڵێن: گەر تۆش هاوپەیمانییەتی ئێمەت گەرەک نەبێت، ئەوە ئێمە هەر هاوڕێ و هاوپەیمانین، کرۆکی نامەکە ئەوەیە، من وای دەبینم کە لە نێو هەموو میللەتانی دونیا ڕقێک هەیە پیرۆزە و هەر ئەوەشەوامان لێدەکات کە هەندێک لە کارەساتەکانی مێژوو هەر بە هەمان برینەوە بمێننەوە، هەرچەندە من بۆ خۆم دژی هەموو جۆرە ڕقێکم هەتا گەر پیرۆزیش بێت، چونکە کە تۆ داوای تۆڵە دەکەیت وەک لە پرسیارەکەتدا هاتووە، پێویستی بە جۆرێک لەو ڕق و کینەیە هەیە کە ئاراستەی دوژمنەکەتی دەکەیت، بۆیە میللەتانی دونیا ناویان ناوە ( ڕقی پیرۆز)، خودی ئەو ڕقە بە تەنها موڵکی نەتەوە ژێردەستەکان نییە، تەنها ئەوکاتە پێی وتراوە پیرۆز کە ستەملێکراو دژی ستەمکار بەکاریدێنێت، وزەو هێزێکەکە وا لە ستەملێکراو دەکات بیر لە تۆڵە بکاتەوە، بەڵام چی بەو ڕقە دەڵێیت کە دەستەڵاتدارانی بەعس لە عێراق و حقکمەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورک و فارس بەرامبەر بە کورد هەیانبووە، میللەتانی خۆیان بەو ڕۆحە شۆڤێنیستییە پەروەردە کردووە، هاوکێشەکە لێرەدایە زۆر جیاوازەو لە گەوهەردا زۆر سەیرە کە ڕقی ستەمکار لە ڕقی ستەملێکراو گەورەترە، ئەگینا ئەو هەموو کوشتارگایە لە مێژووی ئێمەدا لە پای چی بووە؟ پەکەکە لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆی بانگەشەی

ئەوەی دەکرد کە ئەو ترسە لە ڕۆحی گەریلاکان بە مێ و نێرەوە بکوژێت، ڕاستە لە مەر جەنگ و جەنگاندن و بەرەنگاربوونەوە بەڕووی هێزی سەربازی داگیرکەرەوە، هەرهەموو گەریلاو پێشمەرگەکان دلێرانە جەنگاون، ژمارەی شەهیدەکانی هەموو پارچەکان ملیۆنەهایە، وەلێ ئێمە باس لە ڕۆحێکی بەرگری دەکەین، ویست و ئیرادەیەک لەسەرئاستی کردەی سیاسی، بڕوام وایە کە نە بوونی ئەو هێزو بڕوابوونە بە ویست و ئێرادەی سیاسی لە لای سەرکردەکانی کوردیش ونە، نەبوونی ئەو ویستە سیاسیە وایکردووە کە هەتا هێزی گەل کە ڕەنگە زۆر ئاسان و بەخۆڕسکی کەڵکی لێ وەربگیرێت، هەمیشە پەکی خراوە، هەر جارەو بە بڕوبیانوویەک ، ئەو ترس و بڕوا بە خۆ نەبوونە لەسەر ئاستێکی باڵاوە و تا دوا پێگەکانی خوارەوە دابەزیوە. هەموو کارکردەی سیاسی ئێمەیە گەمەو تاکتیکێک بووە بە پێ ی ڕووداوەکانی ڕۆژگار نەک دارشتنی پلان و ستراتیژێک بۆ ئایندە، هەمیشە ئێمە خۆمان داوەتە دەست گەمەکانی چارەنووس.

گەمارۆدانی ئێمەش لە لایەن سێ دەوڵەتی ستەمکاری ڕۆژهەڵاتی کە ئەوانیش عێراق و تورکیا و ئێرانە ئەوەندەی تر وای کردووە کە ترسەکەی ئێمە لەسەر ئاستی سیاسی بگوێزرێتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەوەتا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەشدا کە باس لە جۆرێک لە ئازادی و سەربەخۆبوون دەکرێت، بەر لە هەموو کەس سەرکردەکان و سیاسەتکارەکان باس لە ترسی دەرو دراوسێ دەکەن، کەواتە ئەو ترسە گەورەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووەتە بەشێک لە میراتی ڕۆحی ئێمە،

هەمیشە کەسێکی وا دروستکردووە کە بە تەنها سوپاسی خوداوقەدەر بکات کە لەسەر خاکەکەی خۆی ماوەتەوە، هەر بۆیە گوتاری مانەوە زاڵە، نەک گوتاری زیندەگی کردن، زیندەگی بە مانا هەرە ئینسانییەکەی کە جگە لە سەربەستی و ئازادی هیچی دیکە ناخوازێت، هەڵبەتە وتراوە کە کورد یادەوەری زۆر لاوازە و ئاسان کارەساتەکانی خۆی لە یاد دەچێتەوەلەسەر ئاستی کۆمەلایەتی ئاسان نییە تەواو قەناعەت بەم ڕستەیە بکەین، بەلام لەسەر ئاستی سیاسی وای لێهاتووە کە ئەم قسەیە بەڕاست وەربگرین، چونکە لە هەموو دیدارو کۆبوونەوەکانی نێوان حیزبەکان و دەستەلاتی سێنترالی عێراقی هەرگیز شەڕی گەورەمان لەسەر کارەساتی ئەنفال نەکرد، تا ئێستاکەش هەمان دۆخ بەردەوامە، دۆخی زەلیلی و کۆیلە بوون و ئەوترسە گەورەیە وای لێکردووین کە جاروبار بەشەرمەوە باس لە ئەنفال بکەین، من پرسیارەکەت هەڵدەگێڕمەوە و ناڵێم: ئێمە بۆچی لە بری تۆڵە خاوەنی کەلتوورو ڕۆشنبیرییەکین کە هێزی ئەوەی داوینەتێ لە بری تۆڵە بەخشندەبین لە گوناهەکانی دوژمن یان دوژمنەکانم خۆش دەبین، ئەم قسەیە تەنها ئەو کاتە ڕاستە کە ستەمکارو ستەملێکراو وەک دوو کارەکتەری ئینسانی لە بەردەمی یەکدیدا یەکسان وەستابن، بەلام لە واقیعداو ئەو دۆخەی کە کۆنکرێت دیارە بۆ تاقە ڕۆژێکیش بێت ستەمکار پێویستی بەوە نە بووە کە ستەملێکراو کۆیلەکانی بندەستی خۆی بوێرن یەکسان لە بەردەمیدا بوەستن، چونکە ئەوەیان دان پێدانانی ستەمکارە بە وەی کە ستەملێکراو کە ئێمەین کۆمەڵێک ئادەمی بوون، فەرمانڕەوا لەم ڕۆژهەلاتەو لەو ولاتانەی کە خەڵک خاکی

ئێمەیان داگیرکردووە لە وێنەی (خودا) دا خۆ دەبینن، ئەوان هەرگیز ئەو شەرەفە بە کورد ڕەوا نابینن کە وەک ئینسان تاکەکانی بخوێننەوە، ئەوکاتەی بەعس بڕیاری دا کە گوندنشینەکان ئەنفال بکات، هەر لەو کاتەوە وەک تەنێکی مردوو یان ئامادە بۆ مەرگ حیسابی لەگەڵ کردبوون، وەک درگ و گیاکەڵە کە لە خاکێکدا هەڵیبکەنیت، کەوتە هەڵکەندنی. ئەگینا چ لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت مناڵ و پیروپەککەوتەو ژن بە یەکەوە زیندە بەچاڵ بکرێت، ئەوان هەرگیز ئامادە نەبوون داوای لێبوردن بکەن، لەو کارەساتە پەشیمان ببنەوە و بە هەڵەیەکی سیاسی یان ئینسانی لە قەڵەم بدەن، بۆیە کە ئەوەیان ڕوانینی ستەمکاربێت، چ مانایەک بۆ ئەوە دەمێنێت ستەملێکراو بڕیار بدات کە مادامەکێ ستەمکار بەخشندە و شەرمەزار نییە، با من بەخشندە بم، ئەوە وەکو ئەوە وایە کوژراوی بە ناهەق لە بکوژەکەی خۆش بێت! هەرگیز لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پانتاییەک بۆ ئێمە نەماوەتەوە تا وەکو تیایدا بەخشندە بین یان نەبین، ئەوەی بە ئێمە ڕەوا بیندراوە ڕۆڵی قوربانی بووە. بیرمان نەچێت کە تا وەکو جوولەکە نەبوو بە هێزێکی گەورە و کارەساتی هۆلۆکۆستی نەکرد بە چەک، تەنها وەک قوربانی حیسابی بۆ دەکرا، ئەوەتا داوا لە تورکیا دەکرێت کوشتارگاری ئەرمەنەکانی تورکیا بە کارێکی نا ئینسانی بزانێت و داوای لێبوردن لە ئەرمەن بکات، وەلی تا هەنووکە خامۆشە، بۆ کوردیش هەر وایە، زۆرن ئەو ڕۆشنبیرانەی عەرەب کە کورد بە جوولەکە بەراورد دەکەن و هەق دەدەن بەو وڵاتانەی دەکەونە قڕکردنی کورد، من بە تەنیا ڕستەیەکی (هادی العلوی)م

خوێندۆتەوە کە وەک عەرەبێک و عێراقییەک شەرم لە ناسنامەی خۆی بکات، هەربۆیە من گومانم هەیە کە لەسەر ئاستی سیاسی کورد بەنیازی تۆڵە بێت و لەولاوەش دەستەڵاتدارانی عەرەبی و بە تایبەتی لە عێراقدا تا هەنووکەش بە ڕەسمی نامەی شەرمەزاری خۆیان نەنووسیوە، بەڵکو من زۆر دڵنیام حوکمەتی عێراقی بەهێز ببێتەوە، ئەگەری دووبارە کردنەوەی ئەنفال ئەگەرێکی زۆرنزیکە، تەنها ئەوەی شێوازو ئامرازەکانی جیاوازدەبن. سەیر لەوەدایە کە کورد خۆی دەچێتە بەغدا و دەوڵەتی بەربەریانەی عەرەبی- عێراقی زیندوو دەکاتەوە،بە ئومێدی ئەوەی لە ژێر سایەی ئەو دەوڵەتەدا کەمێک بحەسێتەوە. لە کاتێکدا ئەوەی تەمەنێکی کەمی لە کاری سیاسەت خەرج کردبێت، چاک دەزانێت ئەوانەی دوای سەدام هاتوون، زۆر لەو ناشیرینترن گەر چەک و جبەخانەو تۆپ و فڕۆکەیان هەبێت. دوا جار بەم دێڕە شیعرییەی (تی. ئێس. ئیلیەت) کۆتایی بەم وەڵامەم دێنم – (دوای ئەو هەموو زانینە .. چ لێبوردنێک !؟)



# گۆران بابا عەلی

ئەگەر عێراق وڵاتێکی ئیسلامییش نەبوایە و کورد هەر ئایینێکی تریشی هەبوایە، بەڵام هەمان هەلومەرجە سیاسی و ناوچەییەکانی ئەو کاتە ئامادەبووایە، دەشیا هەمان بێدەنگی هەڵبژێردرایە لەلایەن دونیای دەرەوە.

گۆران بابەعەلی

**پرسیار: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕووینەدایە و هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت هەم لەلایان وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش؟**

**گۆران بابەعەلی:** بێدەنگی دونیای دەرەوە دەربارەی ئەنفال هێندە پەیوەندیی بەوەوە نەبوو کە لە وڵاتێکدا ڕوویداوە زۆرینەی دانیشتووانی ئیسلامن، هێندەی پەیوەندیی بە بارودۆخە ناوچەیی و جیهانیەکانی ئەو سەردەمەوە هەبوو. ئەڵبەتە هێشتا تائێستاش وەک حاڵەتێکی جێنۆسایدی گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە. هێندەنەبێت کە وەک یەکێک لە تاوانە

دژەمرۆییەکانی رژێمی بەعس، بەتایبەتی لەچوارچێوەی دادگاییکردنی سەرانی ئەو رژێمەدا، باسی لێوەدەکرێت. بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی و وەک حاڵەتێکی جینۆساید تەنها لە دادگاییکردنی بازرگانی کەرەسەی خاوی کیمیاییدا، فرانس ڤان ئانرات لە هۆڵەندا، مامەڵەی لەگەڵ کرا و وەک کردەی جینۆساید لەقەڵەمدرا.

لەساتەوەختی رووداني ئەنفالدا هۆی سەرەکیی بێدەنگبوونی دونیای دەرەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەبوو کە عێراقی رژێمی بەعس لەگەڵ ئێراندا لەشەڕدابوو و دونیای خۆرئاوا و بەشێکی گەورە و گرنگی وڵاتانی عەرەبییش بەچاوی ترس و گومانەوە لە ئێرانیان دەڕوانی و پشتگیریی عێراقیان دەکرد. ئەمە جگە لەوەی هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بە کورد هەمیشە یان دژایەتیکردن یان فەرامۆشکردن بووە و تائێستاش شتێکی ئەوتۆ لەو هەڵوێستە نەگۆڕاوە. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی هەڵوێستی دونیای خۆرئاوا بەرامبەر عێراق و بەعس، هەڵدانەوەی پەردە لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و هێرشە کیمیاییەکان دەستپێدەکات، تا لەساتەوەختێکدا دەبێتە یەکێک لە ئامرازەکانی دژایەتیکردنی ئەو رژێمە.

ئەگەر عێراق وڵاتێکی ئیسلامییش نەبوایە و کورد هەر ئایینێکی تریشی هەبوایە، بەڵام هەمان هەلومەرجە سیاسی و ناوچەییەکانی ئەو کاتە ئامادەبووایە، دەشیا هەمان بێدەنگی هەڵبژێردرایە لەلایەن دونیای دەرەوە. ئایین خودی خۆی و ئەو راستیەی زۆربەی تاوانبارانی ئەنفال و قوربانیانیشی ئیسلام بوون، فاکتەرێکی هێندە گرنگ نییە، نە لە رووداني ئەنفالدا و نە لە بێدەنگیدا دەربارەی. دەوڵەتی عێراقی لەو سەردەمەدا هێندە پشتئەستوور بوو بە توانا سەربازی و ئابووری و سیاسیەکانی خۆی و هێندەش دڵنیابوو لە پشتگیریی زۆرێک لە زلهێزانی ئەو کاتە، تەنانەت ئەمریکاش، کە چاونەترسانە نەخشەی بۆ ئەنفال دارشتبوو و بێسڵەمینەوە

جێبەجێیدەکرد. پاشان بەڕادەیەکی زۆر نهێنیی ئەو هێرشانە و تاوانەکانی پاراستبوو کە نەک هەر دونیای دەرەوە و رای گشتی لە دەرەوەی عێراق، بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی عێراقیش، تەنانەت بەشێکی زۆری کوردیش ئاگاداری نەبوون. وەیان بەلایەنی کەمەوە ئاگاداری ووردەکاریەکان و سروشتی کردەوەکان نەبوون.

جگە لەمانە دەوڵەتی عێراقی لەو سەردەمەدا زۆر سەرکەوتووانە توانیبووی قەناعەت بە دەوڵەتانی خۆرئاوایی بکات کە ئەو هێرشانە بەشێک بوون لە جەنگ لەگەڵ ئێران و لەو جەنگەشدا پشتگیریەکی زۆری دەکرا. بۆ خۆرئاوا و هەموو ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندیی ئابووری و نەوتییان لەگەڵ عێراق هەبوو، گرنگ بوو عێراق جەنگەکە بەرێتەوە یان بەلایەنی کەمەوە کۆتاییپێبهێنێت. عێراق تەنانەت توانیبووی قەناعەت بە دونیای دەرەوە بکات کە ئەوە ئێرانە چەکی کیمیایی بەکاردەهێنێت. پێدەچوو خۆرئاواییەکان خۆشیان ئامادەی ئەوە بن باوەڕبکەن. هەربۆیەش بێدەنگی باشترین رێگابوو، تا ئەوکاتەی هاوکێشەکان پێچەوانەبوونەوە و عێراق خۆی بووە دوژمنی بەشێکی گەورەی خۆرئاوا.

هەموو ئەم ئاڵۆزیە و پێکداچوونی بەرژەوەندییەکان و وویستی خۆرئاوا بۆ باوەڕهێنان بە حیکایەتەکانی عێراق، وایکردبوو بەچاوی گومانەوە سەیری هەوڵەکانی سیاسیانی کورد و کوردانی دەرەوەی عێراقیش بکەن بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکانی دەوڵەتی عێراقی دژ بە کورد. هەربۆیەش ئەو هەوڵانە لە هیچ حاڵەتێکدا نەگەیشتوونەتە ئاستی قەناعەتکردن بە دەوڵەتێک یان نەتەوە یەکگرتووەکان بەوەی لە عێراقدا جێنۆساید لەڕوودانداوبووە. هەرچی وڵاتانی تری عەرەبی و ئیسلامییشە، لەو سەردەمەدا زۆربەیان لایەنی عێراقیان دەگرت دژ بە ئێران و ئەو

دەوڵەتانەشی دژی عێراق و لایەنگری ئێران بوون، بۆنموونە سوریا و لیبیا، هێندە کێشەی کوردیان بەلاوە گرنگ نەبووە و دۆستایەتیی سیاسیشیان لەگەڵ لایەنە سیاسیە کوردیەکاندا تەنها بەشێک بووە لە دژایەتیکردنی دەوڵەتی عێراقی و رژێمی بەعس.

**پرسیار: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە دەگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کلتوری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسەنییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بە دەنگی بەرز.**
**هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەسەلاتی کوردی خۆیدا؟**

**گۆران بابەعەلی:** راستییەک هەیە دەبێت خۆمانی لێ گێل نەکەین، پەردەی بەسەردا دانەدەینەوە و رۆژێک لەرۆژان زۆر بەراشکاوەنەتر قسەی لەسەربکەین و هەموو لایەنەکانی ئاشکرابکەین. ئەو راستیەش ئەوەیە کە کورد، وەیان راستتر وایە بڵێین لایەنە سیاسیەکانی کورد، بەشێکن لە رووداوەکانی ئەنفال. کەواتە پەیوەندیی کورد بە ئەنفالەوە هەر بەشداریکردنی جاش و موستەشارانی کورد نییە. ئەڵبەتە بێدەنگی بەرامبەر تاوانی جاشە کوردەکان لەبەر هۆی سیاسی، بێزرادە بێمانایە. بێگومان لێبووردن کردەیەکی شارستانی و مرۆییانەیە. هەر کۆمەڵگایەکیش رۆحیەتی لێبووردنی بەرامبەر تاوانباران نەبێت، کۆمەڵگایەکی نائارام دەبێت. دواجار دوای هەر کارەساتێکی گەورە کە ژمارەیەکی زۆر تاوانبار

دەمێنێتەوە، لێبووردن تەنها چارەیەکی عەقڵانیانەیە بۆ بەردەوامیدان بە ژیان لە ئاشتی و ئاسایشدا. بەتایبەتی بۆ نەوەکانی داهاتوو. بەڵام هەروا لێبووردنی بێ قەیدوشەرت بەرامبەر تاوانبارانی تاوانێکی وا گەورەی وەک ئەنفال، خوێنساردیەکی نابەرپرسیارانەی سیاسەت و حکومەتی کوردیە. گەڕانەوەی دادپەروەری، بەلایەنی کەمەوە هەستی دادپەروەری لای قوربانیان گرنگترین هەنگاوە لەدوای هەر رووداوێکی جێنۆساید. دواجار تاوانباران دەبێت بچنە بەردەم دادگا و ددان بەتاوانەکانیاندا بنێن. ئەوجا ئەگەر کۆمەڵگا، بەمانایەکی تر دەسەڵاتێکی فەرمی بەناوی کۆمەڵگاوە، لە زۆرێک لە تاوانباران - گەر تاوانەکانیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەناوبردنی قوربانیان نەبوو بێت- خۆشبێت، ئەوا حاڵەتێکی پەسەندکراو دەبێت.

بەڵام جگە لەو پەیوەندییە تاوانبارانە و شەرمەزارانەیەی بەشێک لە ئینسانی کورد بە ئەنفالەوە، پەیوەندییەکی تریش، لەسەر ئاستێکی تر و بەشێوازێکی تر، هەیە. ئەویش پەیوەندیی سیاسەتی کوردی و بەرگریی چەکدارانەیە. بێگومان ئەمە بەهیچ شێوەیەک بەتاوانبارکردنی ئەو لایەنە سیاسیانە ناگەیەنێت کە لەو سەردەمەدا بەحوکمی بوونیان لەو ناوچانەی ئەنفالەکانی تیادا ئەنجامدرا و ئاراستەکردنی بەشێک لە هێرشەکان دژی ئەوان، بەشێوەیەک لەشێوەکان، راسەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، تێوەیگلاون. بەڵام گەر ئێمەی کوردیش وەک زۆر لە میللەتانی تر هەست و ئیدراکێکی مێژوویمان لادرووستبێت و تێگەیشتنمان بۆ مێژوو بەرفراوانتر ببێت لە هەوڵدان بۆ شێواندن و بەئەفسانەییکردنی مێژوو و ساختەکردن لە نووسینەوەیدا —کە ئەوە تەنها کردەوەی رژێمە دیکتاتۆری و فاشیستئاساکانە- ئەوا تێدەگەین چەندە گرنگە کارەساتێکی وەک ئەنفال هەموو لایەنەکانی، تادەکرێت راستگۆیانە، بخرێتە بەرچاو.

دەرککردن بە مێژوو وویستێکی سیاسیی پتەوی پێوویستە. وویستی سیاسەتێکی دڵنیا و پشتئەستوور بەخۆ بۆ شەفافیەت و راستگۆیی. گەر ئەم وویستە هەبوو، ئەوسا هۆشیاری بەرامبەر مێژوو و دەرککردن بە مێژوو دەبێتە بەشێک لە هۆشیاریی دەستەجەمعیی کۆمەڵگایەک، ئەگەر بکرێت باس لە هۆشیاریەکی دەستەجەمعی (هۆشیاریی کۆ) بکرێت. تەنها کاتێک سیاسەتی کوردی و لایەنە سیاسیەکانی کورد ئامادەبن راستگۆیانە مێژووی خۆیان ئاشکرا بکەن و دەربارەی بدوێن؛ کاتێک ئامادەبن بۆ لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ لە مێژووی خەبات و سیاسەتکردنیان؛ کاتێک بێدوودڵی قەناعەت بکەن بە گرنگیی خستنەڕووی هەڵە و لێپرسراوێتیەکانیان بەرامبەر رووداوەکان لەپاڵ قارەمانێتیەکانیاندا، ئەوکاتە دەکرێت مێژوویەکی راستگۆیانە بۆ خەباتی سیاسی کوردی بنووسرێتەوە. (هەرچەندە هەمیشە ئەو پرسیارە دەربارەی مێژوو ئامادەیە: ئایا هەرگیز مێژوویەکی راستگۆ بوونی هەیە؟)

هیچ شتێک پاساوی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی کردەیەکی جینۆسایدی لەلایەن دەوڵەتێکەوە نادات. هیچ بیانویەک و هەلومەرجی تایبەتی و ئاڵۆز یان حەتمیەتێکی مێژوویی لەئاستی تاوانبارێتی کەمناکاتەوە و شەرعیەتی پێنابەخشێت. جینۆساید دواهەمین و دڕندەترین رێگایە لەلایەن دەوڵەتێکەوە بگیرێتەبەر بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەیەک کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بنچینە یان زەمینەیەکی ئێتنی، ئایینی یان رەگەزیی هەیە. جینۆساید هەمیشە لەلایەن دەوڵەتێکی مەرکەزیەوە روودەدات کە هێز و دەسەڵات و ئیمکانیات و هۆیەکانی لەناوبردنی زۆر زیاترە لە گروپ یان گروپەکانی تر؛ لە قوربانیان. زۆربەی قوربانیان مەدەنی و بێچەکن و بەدەگمەن توانای بەرەنگاری و بەرگریلەخۆکردنیان هەیە. لەزۆربەی حاڵەتدا لە هەلومەرجی ئاڵۆز و لەدەستدەرچوودا، لە کێشە و ململانێی

تووندا وەیان لە پرۆسەی جێبەجێکردنی پلان بۆ هێنانەدیی خەونێکی ئایدیۆلۆژیانەی یوتۆپیائاسادا روودەدات. هەندێکجار لایەنی قوربانیانیش لە کێشەکاندا بەشدارن و لایەنێکی کێشەکەن، بۆنموونە ئەرمەنیەکان و دەوڵەتی تورکی، کورد و رژێمی بەعس، بۆسنیەکان و ئەڵبانیەکان کە قوربانیانی دەوڵەتی سربی بوون لە جەنگێکی ناوخۆی خوێناویدا، وەیان توتسیەکان و زۆرێک لە هوتووە میانجیرەوەکان کە بوونە قوربانیی ململانێی دەسەڵات لەنێوان هوتووە توندڕەوەکان و ئەو توتسیانەدا کە وەچەی دووەم و سێهەمی توتسیە هەڵهاتووەکان بوون لەدەستی شۆڕشگێڕە هوتووەکانی 30 ساڵ لەوەبەر دەسەڵاتیان لە توتسیەکان سەندبووەوە. هەندێکجاریش قوربانیان تەواو لەدەرەوەی کێشە و پلانەکانن و دەبنە قوربانیی خەون و مەرامەکانی پلانێکی ئایدیۆلۆژی، وەک یەهودیەکان کە بوونە قوربانیی خەون و مەرامەکانی هیتلەر؛ چەند ملیۆنێک هاولاتیی روس (لە نەتەوە و میللەتی جیاواز) کە بوونە قوربانیی سیاسەتی دڕندانەی ستالین؛ ئەو نزیکەی ملوێنونیوێک هاولاتیە کەمبۆدیانەی بوونە قوربانیی خەونە ئایدیۆلۆژیەکانی پۆڵ پۆت. وەیان قوربانیان رێگرن لەبەردەم باشتربوونی ژیان و "خۆشگوزەرانی"ی گروپێکدا کە لایەنگر و هاوبەرژەوەندییە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا، هەروەک لە دارفور لەئارادایە

زۆرجاران وادێتە پێشچاو کە کردەیەکی جێنۆسایدی رووداوێکی حەتمیە و لایەنی تاوانبار هیچ چارەسەرێکی تری نەبووە. بەڵام ئەمە تەنها بەهانەهێنانەوە و هەوڵی دەرچوونە لەژێر باری بەرپرسیاریدا. خستنەپاڵی بەشێکی لێپرسراوێتی و تەنانەت لەزۆر حاڵەتدا تاوانبارکردنی لایەنی قوربانی یەکێکە لە تاکتیکەکانی تاوانباران بۆ پاساودانی تاوانەکانیان.

ئەمە ئەگەر هەر بەتەواویش ئینکاری لە روودانی نەکەن، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا روودەدات. هەموو ئەمانە وادەکات پێناسەکردن و دیاریکردنی جینۆساید زەحمەتبێت، بەتایبەتی لەلایەنی یاساییەوە. بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەم ئەرکە تاڕادەیەک ئاسانترە و کۆمەڵێک پاترۆن و مۆدێل و هەلومەرج هەیە کە لە هەر کردەیەکی کۆمەڵکوژیدا هەبێت، دەکرێت بە جینۆساید ناوببرێت. یەکێک لەو مەرجانە بوونی پلانێکی پێشوەختە. کاتێکیش ئەمە هەبوو ئیدی هیچ بەهانەیەک پاساوی جێبەجێکردنی ئەو پلانە نادات. هەرئەمەش وادەکات هەر جۆرە تێگلاویەکی لایەنی قوربانی لە کێشەکانەوە و ئەو راستیەی کە ئەوانیش بەشێکن لە ململانێکان و بەرەنگاری و بەرگریلەخۆکردنیان، لەلایەنی یاساییەوە چاوی لێبپۆشرێت. بەڵام وەک حاڵەت و رووداوێکی مێژوویی، وەک بابەتێکی لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستی لە جینۆسایدا، خستنەڕووی هەموو لایەنەکان و ئانالیزە و روونکردنەوەیان گرنگترین کارە.

هەر لەم روانگەیەشەوە لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژوویی لە ئەنفال و رونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی گرنگە. ئێمە دەبێت مێژوویەکی راستگۆیانەمان بۆ ئەنفال هەبێت. لەم چوارچێوەیەدایە کە دەبێت باس لە جۆری پەیوەندیی کورد و سیاسەتی کوردی بە ئەنفالەوە بکەین. لەوباوەڕەدام لەم چەند پەرەگرافەی پێشوودا بەڕادەی پێوویست هۆ و بەهانەم داوەبەدەستەوە کە سیاسەتی کوردی و سیاسەتمەدارانی تێوەگلاو لە ئەنفال لەسەردەمی خەباتی چەکدارییاندا، ترس و سڵەمینەوەیان نەبێت لە بەتاوانبارکردنیان. بەڵام لەهەمانکاتدا هۆ و بەهانەی بابەتیانەش هەن بۆ قسەلەسەرکردن و پەردەڕامالین لەسەر لایەنە ناڕوونوئاشکراکانی، بۆ شکاندنی بێدەنگی دەربارەی هەموو ئەو شتانەی لەکاتی جێبەجێکردنی پلانەکانی ئەنفالدا روویاندا.

بێگومان یادکردنەوە و درووستکردنی مۆنومێنت و هەندێکجاریش بەسیاسیکردنی رووداوەکە گرنگن، بەڵام زۆر گرنگتر گەڕانەوەی هەستی دادپەروەرییە بۆ رزگاربووان و کەسوکاری قوربانیە لەناوچووەکان. جگە لە قەرەبووکردنەوەیان، پیشاندانی لێپرسراوێتی و لە هەندێک حاڵەتدا داوای لێبووردنکردن لێیان زۆر پێویستە بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری. هەر بەتەنها سزادانی تاوانبارە سەرەکیەکان بەس نییە.

**پرسیار: ئایا ئەدەبی کوردی بە تەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوە لە ئەنفال؟**

**گۆران بابەعەلی:** ئەدەب بەرپرسیار نییە لەبەردەم هیچ کارەساتێکدا یان بیرکردنەوە لە کارەساتێک. ئەدەب پێکهاتووە لە کۆی بەرهەمی تاکەکەسیی نووسەران و ئەدیبان و رەنگە بشکرێت لەوە بەرفراوانتر پێناسەبکرێت تا هەموو ئەو دامودەزگا و رێکخراوانەش بگرێتەوە کە پەیوەندییان پێوەی هەیە. بەواتایەکی تر دامەزراوێکی کولتووری- کۆمەڵایەتییە. ئەدەب کایەیەکە تیایدا ئەدیبان وەک تاکەکەس چالاکن و هەر یەک لە بەرهەمەکانی خۆیان و هەڵوێست و شێوەبیرکردنەوەی خۆیان لێپرسراون. رەنگە لەساتێک لە ساتەکاندا کردەی دەستەجەمعیش رووبدات، بۆنمونە لە یادکردنەوە و بۆنەکاندا، بەڵام هێشتا ئەو کردانەش بەمانای پیشاندانی لێپرسراوێتی نایەن. خۆ گەر واشبوون ئەوا پرسیار لە سرووشتی هونەرییان دێتەپێشەوە.

من ئەو پێناسە رۆمانسیانەیەم بۆ ئەدەب و هونەر نییە کە پێموابێت وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە و نوێنەرایەتیی واقعیەتێکی باڵا دەکەن. بێگومان ئەوە بڕیاری ئەدیب و هونەرمەند خۆیەتی گەر لەڕێگای

بەرهەمەکانیەوە لێپرسراوێتی خۆی بەرامبەر کارکردن بۆ ئەنفال و بیرکردنەوە لێی پیشانبدات. شتێکی لۆژیکییشە دوای کارەساتێکی وا گەورەی مرۆیی، هونەرمەندان و ئەدیبان هەوڵبدەن لە بەرهەمەکانیاندا تەعبیری لێبکەن. لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەنفال بەڕادەیەکی بەرچاو ئامادەیە. بەڵام ئاخۆ ئەدەب بتوانێت بەرپرسیارێتیی ئەوە هەڵبگرێت کە هۆشیارییەکی کۆ بەرامبەر ئەو رووداوە بەمەبەستی رێگاگرتن لە دووبارەبوونەوەی بخوڵقێنێت، من بەگومانم لێی. ئەمە بەلایەنی کەمەوە گەر مەبەست لەم پرسیارە و بیرکردنەوە لە ئەنفال ئەمە بێت.

لەڕاستیدا ئەم ئەرکە زیاتر لەسەرشانی بوارێکی ترە کە تائێستاش تیایدا کەمتەرخەمە. ئەو بوارەش زانستە. بۆ دروستکردنی جۆرێک لە هۆشیاریی کۆ بەرامبەر ئەنفال لەڕێگای لێکۆڵینەوە لێی و روونکردنەوە و راڤەکردنیەوە، پێویستمان بە سەنتەر و دەزگای تایبەتیی لێکۆڵینەوە هەیە.

**پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزیکی رۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بە هێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت؟ ئایا ئەم هێزە چەند دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارە و چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پیشاندانی؟**

**گۆران بابەعەلی:** هەستی لێبووردن کاتێک درووستدەبێت کە ئیدی دڵنیایی بەرامبەر ئایندە سەقامگیربووبێت؛ کاتێک ئیدی ترس لە دووبارەبوونەوەی رووداوەکان، لە جینۆسایدا لەناوچووبێت. دوای روودانی هەر جینۆسایدێک

ئەو پرسیارە گوماناوی و ترسئامێزە سەرهەڵدەدات کە ئاخۆ دەبێت ئەمە جارێکی تریش روویداتەوە؟ یان قەوارەی رووداوەکە و رادەی دڕندەیی و شەڕانگێزیی ئەم رووداوە هێندە هەموو لایەنەکانی راچەندووە کە رەنگە ئیدی تەنانەت تاوانبارانیش نەک هەر ویژدانیان بەڵکو هزریشیان بخەنەگەڕ بۆ رێگاگرتن لە دووبارەبوونەوەی؟

ئەم شێوە بیرکردنەوەیە کە زیاتر ئومێدێکە بە ئاییندەیەکی گەشتر و ویست و ئارەزووکردنی مرۆڤانەیە بۆ بەردەوامیی ژیان و بەدەستهێنانی ئاسودەیی؛ ئیشکردنی غەریزەی ژیانە لە مرۆڤدا بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەی مەرگ و شەڕانگێزی تیایدا. بەڵام لەڕاستیدا وەک "هێلێن فاین" دەڵێت جینۆساید کردەیەکی ناهزری (ناعەقڵانی) نییە، بەڵکو پلانێکی زۆر عەقڵانی (راشیۆناڵ)ە، هەربۆیەش دەکرێت رێگای لێبگیرێت. بەپێی ئەو مۆدێلەی خاتوو "فاین" بۆ دیاریکردنی هەلومەرجەکانی جینۆساید هێناویەتیەکایەوە، یەکێک لە مەرجە سەرەکیەکانی جینۆساید ئەوەیە کە پلانێکی لەوەپێش داڕێژراو و دیراسەکراوی بۆ ئامادەکراوە. کەواتە کردەیەکی عەقڵانییە. چونکە وەک ئەو دەڵێت ئەنجامدەرانی لەوەپێش حسابی شانسەکانی سەرکەوتنی پلانەکانیان کردووە، بەپێی ئەو مەرام و نۆرم و ئەنجامانەی هەیان بووە. بەواتایەکی تر لەبەرئەوەی جینۆساید کردەیەکی هەڕەمەکی نییە - وەک زۆر کۆمەڵکوژیی تر دەشێت وابێت- بەڵکو لەوەپێش پلان و نەخشەی بۆداڕێژراوە و زۆر عەقڵانیانە بیرلێکراوەتەوە و سەنگوکێشکراوە. کەواتە دەکرێت رێگا لەبەئەنجامگەیاندنیشی بگیرێت. دەکرێت بەهەمانشێوە عەقڵانیانە بڕیاری راگرتن و جێبەجێنەکردنی بدرێت. هەربۆیەش دیراسەکردن و توێژینەوە لێی گرنگە.

جێنۆساید دەکرێت لە هەموو کات و شوێنێکدا رووبدات و دووبارەش رووبداتەوە، گەر هەلومەرجەکانی روودانی هێشتا ئامادەبن. پێوویستناکات وەک رەشبینی لێکبیدەینەوە گەر بڵێین دەشێت رۆژێک لەڕۆژان کردەیەکی جێنۆسایدیی تر بەرامبەر بەشێک لە کوردی دانیشتوانی عێراق رووبداتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەشێت، گەر گەشبینانە لێبڕوانین، لە سیستمێکی دیمۆکراسیدا کە تیایدا دەوڵەتی عەدالەت بەرقەراربێت، ئەگەری روودانی جێنۆساید بەڕادەیەکی یەکجار زۆر کەمبێت. تا ئەم ساتەش هیچ یەکێک لە رووداوەکانی جێنۆساید لە وڵاتێکدا بەدەستی دەوڵەتێکی دیمۆکرات کە تیایدا یاسا باڵادەستە، رووینەداوە. بەپێچەوانەوە گەر سەرنجی هەموو حاڵەتەکانی جێنۆساید لەسەدەی بیستەمدا بدەین –کە لەلایەن هەندێک لە لێکۆڵەرەوانەوە بە سەدەی جێنۆساید ناودەبرێت- ئەوا دەبینین لە هەر جۆرە سیستمێکی تری نادیمۆکراسیدا، کە لەزۆربەی حاڵەتدا یاسا دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەیە لەبەردەم سیاسەت و دەوڵەتدا، جێنۆساید روویداوە.

گەر ئینسانی کورد ترسێکی شاراوەی بەرامبەر بوونی خۆی وەک کورد هەبێت، ئەوا حاڵەتێکی زۆر لۆژیکیانەیە. ئینسانی کورد، لە هەموو ئەو جێگایانەی کورد دەژی، جگە لەوڵاتانی دیمۆکراسی و خاوەن باڵادەستیی یاسا، بەگومانە لەوەی دەوروبەرەکەی و ئەو دەوڵەتانەی ئەو لە سایەیاندا دەژی، وەک خۆی پەسەندیبکەن. گەر رۆژێک لەڕۆژان هەوڵی بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی بدات، سەرکوتدەکرێت. لەهیچ یەکێک لەو دەوڵەتانەدا کە کورد وەک میللەت و نەتەوە تیایدەژی، سیستمێکی دیمۆکراسیی راستەقینە و باڵادەستی یاسا و دادپەروەرییەکی راستەقینە نییە تا گەرەنتیی ئەوەی بداتێ رۆژێک لەڕۆژان هێرش ناکرێتە سەری هەر لەبەرئەوەی کوردە. من بەش بەحاڵی خۆم بەدرێژایی ژیانم لە کوردستان،

هەر لەوکاتەوەی دەرکم بەو مەترسی و هەڕەشەیە کردووە، ئەم ترس و گومانە لەناخمدا بووە. زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم ئەو ترسە شاراوەیە هێشتا ناخ و دەروونمی بەجێنەهێشتووە و کاریگەریە دەروونیەکانی بەتەواوی لەبەین نەچوون، بەڵام ڕەنگە زۆر شاراوەتر و کپتر بووبن. ئەم حاڵەتە لە سایکۆلۆژیادا بە "ترۆما" ناودەبرێت.

---

لەڕاستیدا زەحمەتە بتوانێت ترسێکی لەم جۆرە و ترۆمایەکی وا ببێتە هێزێک بۆ لێبووردن. چونکە وەک ئاماژەم پێدا، لێبووردنی تەواو ئەوکاتە لە ناخی ئینسانەکاندا سەرهەڵدەدات گەر هەست بە ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی بەرامبەر ئایندە درووستبوو. ئەم دڵنیاییە تائێستاش بە مرۆڤی کورد نامۆیە. ڕەنگە نەوەیەکی نوێ ئێستا هەبێت کە ئەو ترۆمایەی نەبێت و ئەو ترس و گومانەی لەدەوروبەرەکەی نەبێت، بەڵکو نادڵنیایی بۆ ئەو جۆرێکی تر بێت و کێشەکانی کێشەی تر بن، لەگەڵ کۆمەڵگای خۆی، نەک لەگەڵ هەڕەشەیەک لەدەرەوەڕا. هەروەها دەشێت ئەم ترسە لە چەند نەوەی داهاتوودا بڕەوێتەوە و ترۆماکانی ئێمە، ترس و گومانەکانی ئێمە بۆ ئەوان ببێتە حیکایەتی زیادەڕۆییانە و ڕەشبینیەکی پیرانە. ئەمەش نە ڕۆشنبیری و نە سیاسەت ناتوانن ڕۆڵێکی ئەوتۆی تیادابیینن. تەنها ڕەوتی کات و ئەو ڕووداوانەی لە ئاییندەدا دێنەپێشێ کاریگەرییان بۆ ئەمە هەیە. بوارە ڕۆشنبیریەکان تەنها دەتوانن کار لەسەر ئەم ترسە بکەن و بیکەنە بەرهەمی ڕۆشنبیری و کولتووری. سیاسەتیش، سیاسەتێکی کارامە و دڵسۆز، سیاسەتێک لەسەر بنچینەی هەست بەلێپرسراوی کاربکات، دەتوانێت زەمینە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکان خۆشبکات. سیاسەت و ڕۆشبنیری تەنها لەو لایەنەوە دەتوانن ڕۆڵببینن کە یارمەتیی هاتنەکایەی هەلومەرجەکانی سەروەریی یاسا و دەوڵەتی دادپەروەری بدەن. ئەمەش من بەش بەحاڵی خۆم زۆر پێی گەشبین نییم.


www.pertwk.com

**پرسیار: ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین، بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژوویی لە یادەوەری ئینسانی کوردا بەچەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوە و قسەکردنبێت لەسەری لەلایەن ئەو نەوانەی کە لەدوارۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟**

گۆران بابەعەلی: واچاکترە سەرەتا لەخۆمان بپرسین ئاخۆ گرنگە نەوەکانی دوارۆژ بە کێشە و کارەسات و ڕووداوەکانی رابووردووەوە خەریکبکەین؟ ئەگەر گرنگە، بۆچی و چ سوودێکی دەبێت؟ بێگومان هەر میللەتێک یان نەتەوەیەک خۆی بە گرنگ بگرێت، ئەوا گرنگی بە مێژووی خۆی و کارەساتە نەتەوەییەکانیشی دەدات. گەر ئێمەی کورد هەستی مێژووییمان لادرووستببێت و بمانەوێت ئەو هەستە لای نەوەکانی داهاتووش بخولقێنین، ئەوا دەبێت مێژوویەکی راستگۆیانەمان هەبێت. هەروەک لەمەوبەر ئاماژەم پێکرد دەبێت مێژوویەکی راستگۆیانەمان بۆ ئەنفالیش هەبێت. گرنگیی لەیادنەکردنی ئەنفال لەوەدایە کە دەشێت لەبیرنەچوونەوەی کارەساتە نەتەوەییەکان و کردنیان بە بەشێک لە هۆشیاریی کۆ یان یادەوەریی کۆ، یەکێک لە ڕێگاکان بێت بۆ ڕێگاگرتن لە دووبارەبوونەوەیان. بەڵام بەمێژووییکردن و راگرتنی کارەساتێک لە یادەوەریی کۆی نەتەوەیەکدا شتێکی زۆر جیاوازە لە تەنها یادکردنەوە و بەردەوام باسکردنی.

ئەوەی لەئێستادا زۆر پێویستە لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژوویییە لە کارەساتی ئەنفال. بەبەراورد لەگەڵ حاڵەتەکانی تری جینۆساید لە دونیادا، دەربارەی ئەنفال زۆر کەم لێکۆڵینەوەی زانستی کراوە. تائێستاش لە کوردستان سەنتەرێکی تایبەتی بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئەنفال نییە کە

بتوانێت پشتگیری له لێکۆڵەرەوان بکات له هەموو ئەو لایەنانەوە کە لێکۆڵینەوەی زانستی پەیوەندیی پێوە هەیە. بۆنموونە بودجەیەکی وا کە لێکۆڵینەوەی درێژخایەنی مەیدانی مەیسەربکات، یان پشتگیریی لۆجیستیکی بۆ گەیشتن بە هەر سەرچاوەیەکی پێوویست، وەیاخود پشتگیریی فەرمی و کارئاسانی لەو حاڵەتانەدا کە سیاسەت دەبێتە رێگر لەبەردەم لێکۆڵینەوەدا. بۆ بەدەستهێنانی ئەمانەش لەپاڵ ئەو هەستە مێژووییەدا وویست و ئیرادەیەکی سیاسی پێوویستە.

زۆربەی ئەو شتانەی تائێستا دەربارەی ئەنفال کردوومانە لەڕوانگەیەکی عاتیفیەوەیە. هەر کارەساتێکیش بەتێپەڕبوونی کات هێدی هێدی سیما عاتیفیەکانی کاڵتردەبنەوە و دەبێتە رووداوێکی مێژوویی. کارەساتی ئەنفالیش بۆ نەوەکانی داهاتوو، رەنگە بۆ نەوە لاوترەکانی ئێستاش و تەنانەت نەوەکانی داهاتووی قوربانیانی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوانیش، دەبێتە کارەساتێکی مێژوویی. بۆ ئەوان ماناکانی دەگۆڕێت و چیدی ئەو ناوەڕۆکە یەکجار عاتیفیەی نابێت کە بۆ ئێمە و ئەو نەوانە هەیەتی کە لەسەردەمی کارەساتەکەدا ژیاوین و راستەوخۆتر ئەزمونمانکردووە. هەربۆیەش واباشترە وەک رووداوێکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵبکەین و تادەکرێت لێکۆڵینەوە دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی بکەین تا وێنەیەکی تەواومان دەربارەی سەرجەمی کارەساتەکە و ئەو کۆنتێکستە مێژووییەی تیایدا روویداوە لەبەردەستدابێت. ئەمەش کارێکی زۆری دەوێت لەو بوارە زانستییە جیاوازانەدا کە دەشێت لێکۆڵینەوەی دەربارە بکەن. تەنها ئەوکاتەش دەشێت ئەم کارەساتە لە کۆنتێکستی خۆی و ئەو سەردەمە مێژووییەی تیایدا روویدا، شیبکەینەوە.